# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (408) دووشەممە 2016/5/16 - 26ی گوڵان - 2716 (750) دینار


## کارگەیەکی پێکەوەنانی تراکتۆر لە کوردستان دادەمەزرێ

**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیایەکی خۆماڵی، بۆ یەکەمجار لە کوردستان کارگەیەکی پێکەوەنانی تراکتۆر لە دهۆک دادەمەزرێنێ.

کۆمپانیای ئەنوەر ئەتروشی کە پێشتر تراکتۆری جۆری فیاتی ئیتاڵی لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ لە تورکیاوە هاوردەی کوردستان کردووە و لەڕێی بانکی کشتوکاڵەوە بە جووتیارانی فرۆشتووە، دوای سەرکەوتنی لەم کارە، بڕیاری داوە کارگەیەکی تایبەت بەخۆی لە کوردستان دابمەزرێنێ. دوای ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە نێوان سێمێل و زاخۆ زەوی بۆ کۆمپانیاکە دابین دەکات، ئێستا ژێرخانی کارگەکە لەکۆتایی نزیکە و وا بڕیارە لە سەرەتای نیسانی ساڵی داهاتوودا بەرهەم بخاتە بازاڕەوە.

ئەنوەر ئەتروشی خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت "کەلوپەلی 500 تراکتۆرم لە کۆمپانیای فیاتی تورکیا کڕیوە، بەدیزاینی تایبەت بە کۆمپانیاکە بەناوی (دهۆک تراکتۆر) لە سەرەتای نیسانی ساڵی داهاتوودا رۆژانە 16 تراکتۆر بە 30% کەمتر لە نرخی بازاڕ دەخەمە بازاڕەکانی کوردستانەوە".

گوتیشی "جگە لە دروستکردنی تراکتۆر و دابینکردنی پارچەی یەدەگ، لە کارگەکەدا هەموو پاشکۆکانی دیکەی تراکتۆر بەدیزاینی تایبەت بەخۆمان دروست دەکەین".

8

ململانێ لەسەر رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەستپێکرد

7

جێگری پێشووی سەرۆکی (AKP) بۆ (رووداو):

ئێستا ئاکپارتی حیزب نییە ئەردۆغانستانە

5



رۆبێرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا

2021 وادەی سەربەخۆیی کوردستانە

10

# ئێران بۆ راکێشانی بۆڕیی نەوتی کوردستان مەرجی هەیە:

# دەبێ بەغدا رازی بێت

3



جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت لە پەرلەمانی کوردستان:

رێککەوتنی سلێمانی و راکێشانی بۆڕی نەوت بۆ ئێران سەرەتای دابەشبوونی کوردستانە

## لە گەرمیان پیاوێک 13 ژن دێنێت و یەکێکیان دەفرۆشێت

15

## سایکس- پیکۆ... رێککەوتننامەیەکی پیر




16

## حکومەت دوا مۆڵەت دەداتە قەرزدارەکان

2



## عادل نووری دەتوانێت بەشداری کۆنگرە بکات

**ڕووداو- سلێمانی**

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوورخستنەوەی عادل نووری لە فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق مانای دوورخستنەوەی لە حیزب نییە، بەڵکو یەکێکە لە ئەندامان و مافی بەشداریکردنیشی لە کۆنگرەدا هەیە کە لەم مانگەدا دەبەسترێت". بەهۆی ڕووداوەکانی ئەمدواییەی پەرلەمانی عێراق کە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران مانیان گرت، عادل نووری و تاڤگە ئەحمەد پەرلەمانتاری گۆڕان چوونە پاڵ مانگرتووەکان، دواتریش یەکگرتوو بڕیاریدا عادل نوری لە فراکسیۆن دووربخاتەوە، بەڵام ناوبراو ڕایگەیاند کە خۆی پێشتر دەستی لە فراکسیۆن کێشاوەتەوە.

# حکومەت دوا مۆڵەت دەداتە قەرزدارەکان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوا مۆڵەت دەداتە ئەو وەبەرهێنەر و کۆمپانیایانەی پارەی حکومەتیان لەلایە. ئەگەر تاوەکو سەرەتای مانگی داهاتوو قەرزەکانی حکومەت نەگەڕێننەوە، ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ دەکرێت. گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان لەگەڵ پشتگیری بۆ بڕیارەکە، داوای سێ مانگی دیکە کات بۆ دانەوەی قەرزەکان دەکات.

بەپێی نووسراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانەوە بە ژمارە 1795 لە ڕۆژی 2016/4/25 دەرچووە و ئاڕاستەی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار کراوە و وێنەیەکیشی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ڕایگەیاندووە. مۆڵەتی 35 ڕۆژ دراوە بە کۆمپانیا و بازرگان و وەبەرهێنەرەکان بۆ ئەوەی قەرزی حکومەت بگەڕێننەوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە دوای بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە 149 لە 2016/1/10 تایبەت بە کۆتاییهێنان بە ئاسانکاری بانکی و وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە بازرگانییانەی بە سوودی بانکی دراوە بە بازرگان و وەبەرهێنان، ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن.

لە خاڵی یەکەمدا هاتووە "دەکرێت تەواوی بڕی پارەی ئاماژە پێدراو بە چەکی بانکی پەسەندکراو وەربگیرێتەوە کە لەلایەن وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە بەمەرجێک ئەو چەکە بەناوی کەسی قەرزداری بەڵێندەر یان بازرگان یان وەبەرهێنەر بێت و ئەو چەکە لە بەرامبەر شایستەی دارایی پێدرابێت و سەرەڕای خودی چەکەکە، پێویستە بەڵگەنامەی پێویستی فەرمی لایەنی حکومی پەیوەندیدار پێشکەش بکات کە خودی قەرزدار یان خاوەنی ئاسانکاری بانکی، خۆی خاوەنی چەکی پێشکەشکراوە".

لە خاڵی دووەمیشدا ئاماژە بە دوا کاتی جێبەجێکردنی ئەو نووسراوە کراوە و هاتووە "دوا مۆڵەت بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم نووسراوە و بڕیاری ژمارە 149 لە 2016/1/10 نابێت لە ڕێکەوتی 2016/6/1 تێپەڕ بکات".

لە خاڵی سێیەمی نووسراوەکەدا حکومەت هۆشداری دەداتە خاوەن قەرزەکان و دەڵێت "لەدوای تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە، ئیجرائاتی یاسایی ئەنجام دەدرێت".

بەر لە قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 721 ملیار دیناری بەقەرز داوەتە وەبەرهێنەران و بازرگانان، دوای قەیرانی دارایی حکومەت بڕیاری دا لەسەرەتای ئەمساڵ قەرزەکان وەربگرێتەوە، بەڵام هیچ کەسێک قەرزی نەگەڕاندەوە بۆیە حکومەت ڕێگایەکی دیکەی گرتەبەر، ئەویش وەرگرتنی چەکی بانکی بوو لە جیاتی پارەی کاش.

لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵدا حکومەت بڕیارێکی نوێی دەرکرد کە لە بری وەرگرتن و دانەوەی قەرز لەنێوان خۆی و کۆمپانیاکاندا، لەو پارە خۆش ببن و ئەگەریش لەو قەرزە زیاتر مایەوە ئەوا لە کۆمپانیاکانی وەربگرێتەوە و بەپێچەوانەشەوە.

یاسین مەحمود گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو بڕیارە ماوەی دوو ڕۆژە گەیشتووەتە پارێزگای سلێمانی و دەبێت گشتاندنی بۆ بانکەکان پێبکرێت و گوتی "ئەم بڕیارە لەسەر داواکاری ئێمە دەرچووە و پشتگیری دەکەین و تایبەتە بەو خاوەن کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانەی کە چەکی قەرزەکان بەنێوی خۆیانەوەیە و ماف بە کۆمپانیا و بازرگانە قەرزدارەکان دەدات ئەوانەی قەرزداری حکومەتن و چەکیان لایە بە قەرزەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، بۆ نموونە کۆمپانیایەک پێنج ملیاری حکومەت لە بانکێک قەرزدارە، بەڵام کاری بۆ حکومەت کردووە و لە بری ئەوە چەکی وەرگرتووە دەتوانێت قەرزەکانی بەو چەکە بداتەوە، لە کاتێکدا پێشتر دەبووایە قەرزەکە بە پارەی کاش بداتەوە".

یاسین مەحموود دەڵێت وەبەرهێنەران تێبینیان لەسەر ماوەی دیاریکراو بۆ دانەوەی ئەو قەرزە هەیە کە تەنیا دوو هەفتەی ماوە و گوتی "ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە تاوەکو گەیشتووەتە سلێمانی نزیکەی سێ هەفتە دواکەوتووە و پانزە ڕۆژیشی ماوە، بۆیە داوا دەکەین حکومەت سێ مانگی دیکە ماوە بداتەوە بە قەرزدارەکان، چونکە بەهۆی ڕێکارە کارگێڕییەکان، کاتی زۆری دەوێت".

بەپێی زانیارییەکانی گوتەبێژی وەبەرهێنەران، بڕیارەکەی مانگی یەکی ئەمساڵ کە باسی دانەوەی قەرزی دەکرد هیچ قەرزێک نەگەڕاوەتەوە. بەپێی بڕیارەکەی مانگی نیسانیش نزیکەی 15-20%ی قەرزەکان گەڕاونەتەوە، بەڵام پێشبینی کرد بەپێی ئەم بڕیارە نوێیە 50% قەرزەکان بگەڕێنەوە.

یەکێتی وەبەرهێنەران داواکارن کۆمپانیا و وەبەرهێنەران بتوانن بە چەکەکانیان قەرزی خزمەتگوزارییەکانیشیان بدەنەوە و گوتی "ڕۆژی 2016/5/15 نووسراوێکی دیکەمان داوەتە بانکی ناوەندی هەرێم لە سلێمانی و داوامان کردووە هەر بەو چەکانە پارەی ئاو و کارەبا و پێشینەکانی نیشتەجێبوونیش بدرێنەوە".



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆك وەزیران

ژمارە: ١٧٩٥
ڕێکەوت: ٥ / ... / ٢٧١٦ ی کوردی

No:
Date: 2016/4/25

بۆ / وەزارەتی دارایی و ئابووری
وەزارەتی داد / داواکاری گشتی
لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەرێمی کوردستان / لقی سلێمانی

بابەت/ قەرز و ئاسانکاری بانکی بۆ مەبەستی بازرگانی

لەگەڵ ڕێزدا

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

# جووەکان کردنەوەی پەرستگاکەیان لە کوردستان دوادەخەن



**یودیت نورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

نوێنەری جووەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو پەرستگایەی بڕیار بوو لە هەرێمی کوردستان بیکەنەوە بۆ کاتێکی نادیار دوایانخستووە، لە جیاتی ئەوە ناوەندێکی کولتوورییان کردووەتەوە کە جووەکان دەتوانن لەو ناوەندە ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ بکەن.

ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شاری هەولێر یادی شەش ملیۆن قوربانی هۆلۆکۆست کرایەوە. بۆنەکە لەلایەن شێرزاد مامەسێنی، نوێنەری جووەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان ڕێکخرا، هەر خۆیشی سەرپەرشتیاری بۆنەکە بوو.

بۆنەکە بە داگیرساندنی شەش مۆم کۆتایی پێهێنرا کە هەر مۆمێک نیشانەیەک بوو بۆ یەک ملیۆن کەس لەو جووانەی لەلایەن دەسەڵاتی نازییەکان و لە چوارچێوەی هەڵمەتی هۆلۆکۆستدا کوژران.

هۆلۆکۆست لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن حکومەتی نازییەکانی ئەڵمانیاوە بەڕێوەچوو کە تێیدا نزیکەی شەش ملیۆن جوو کوژران.

ئەگەرچی مەراسیمەکە تایبەت بوو بە یادکردنەوەی قوربانیانی هۆلۆکۆست، بەڵام لە گوتارەکاندا ئاماژە بە جینۆسایدەکانی پاش هۆلۆکۆست لەم ناوچەیەش درا، لەوانەش ئەنفال کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەڕێوەچوو، هەروەها کوشتار و ڕفاندنی هەزاران کوردی ئێزدی لە لایەن چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

نوێنەرانی کۆنسوڵخانەی ئەمریکا، فەرەنسا، ڕووسیا و نوێنەرانی کڵێسەکانی ئاشووری و ئەرمەنەکان لە هەرێمی کوردستان ستایشی ئەو دەستپێشخەرییەیان کرد کە تێیدا مەراسیمێکی تایبەت بە یادکردنەوەی هۆلۆکۆست لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.

ڕۆی پێرین، جێگری کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر سەبارەت بە مەراسیمەکە ڕایگەیاند "یادکردنەوەی قوربانیانی هۆلۆکۆست زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکرێت هیچکات ڕووداوی لەم شێوەیە ڕوونەداتەوە. گرنگە هەموومان دان بەوەدا بنێین کە چی ڕوویداوە، بۆ ئەوەی هەرگیز لەبیر نەکرێت."

بۆنەکە لە نووسینگەی نوێنەرایەتی کوردە جووەکان لە هەولێر بەڕێوەچوو، لە باخچەی نووسینگەکەشدا پێشانگایەکی وێنەی دادگاییکردنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە کرابووەوە.

لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە 1948 زۆربەی جووەکانی عێراق کە ژمارەیان خۆی لە 150 هەزار کەس دەدا، لە عێراق دەرکران، بەڵام سەدان جووی هەرێمی کوردستان بڕیاریان دا لە پێناو مانەوەیان لە کوردستان ئایینی خۆیان بۆ ئیسلام بگۆڕن.

لەوەتەی حکومەتی بەعس ڕووخاوە، بەشێکی زۆر لە منداڵان و نەوەکانی ئەم جووانە بڕیاریان داوە بە ئاشکرا باسی ڕەچەڵەکی جووی خۆیان بکەن، لە کاتێکدا بەهۆی کردەوەی توندڕەوانەی داعشەوە جۆرێک لە هەستی نەرێنی بەرامبەر بە ئیسلام خەریکە سەرهەڵدەدات.

دوای چەندین دەیە بۆ یەکەمجار لە ماوەی مەراسیمەکەدا جووەکان کڵاوی یارمولکا یانیش کیپاهیان لە سەرکردبوو.

مەریوان نەقشبەندی، بەرپرسی بەشی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد "ئەمە ئەرکی ئێمەیە پشتگیری لە ئایینی جوو بکەین، کاتێک سەیری شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان دەکەیت دەبینیت زۆر لە خێزانی جووەکان ڕزگاریان بووە".

ئەگەرچی ژمارەی وەچەی خێزانە جووەکانی هەرێمی کوردستان کە بە بن جوو ناسراون، دیار نییە، بەڵام مەزندە دەکرێت خۆی لە هەزاران کەس بدات، بەڵام هیچ پەرستگایەکی تایبەت بە جووەکان لە هەرێمی کوردستاندا نەماوە. مەریوان نەقشبەندی دەڵێت ئەوە ئەرکی بەشەکەی ئەوە سەرلەنوێ پەرستگایەک بۆ نوێژ و نزای جووەکان لە هەرێمی کوردستان دروستبکات. بەڕای نەقشبەندی لەگەڵ کردنەوەی پەرستگایەک بۆ جووەکان "کۆمەڵگەی جووەکان جارێکی دیکە سەرلەنوێ دەبووژێتەوە".

مامەسێنی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان پێشتر بەنیازبوون پەرستگایەکی تایبەت بە جووەکان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بەڵام ئێستا بڕیاری داوە کردنەوەی پەرستگای جووەکان بۆ کاتێکی نادیار دوابخات، بۆیەش یەکەم هەنگاویان، لەبری کردنەوەی پەرستگاکە، کردنەوەی ناوەندێکی کەلتووری دەبێت کە تێیدا خەڵک بە جوو و ئایینی جوو ئاشنا دەکرێن.

مامەسێنی سەبارەت بە ناوەندەکە گوتی "ئەم ناوەندە بەڕووی هەموو کەسێکدا کراوەیە، منداڵانی مەسیحی و موسڵمانیش دەتوانن سەردانی بکەن، بەبێ ئەوەی ئایینی خۆیان بگۆڕن. ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەوەیە ئەو وێنەیە بگۆڕین کە لە مێشکی کورد بەرامبەر بە جووەکان هەیە."

شێرزاد پێیوایە بۆ ئەوەی بتوانن پەرستگای جووەکان بکەنەوە، دەبێت تێڕوانینی خەڵک بەرامبەر بە جووەکان بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو نایەوێت بە کردنەوەی پەرستگایەک لە کوردستان گیانی خەڵک بخاتە مەترسییەوە، ئەگەرچی بە گوتەی ئەو "ئەوە حەفتا ساڵە جووەکان بە دزییەوە لە ماڵەکانی خۆیان نوێژ دەکەن"، بەڵام گوتیشی: "ژیانی خەڵکی خۆمانم پێ لە کردنەوەی پەرستگایەک گرنگترە".

## تورکیا بە دەبابە و کاتیۆشا یارمەتی دان

# حەشدی نیشتیمانی لە یەکەم تاقیکردنەوەدا "شکست"ی هێنا

**فەرماندەیەکی پێشمەرگە:** بەبێ پێشمەرگە هیچ هەوڵێک بۆ گرتنەوەی مووسڵ سەرکەوتوو نابێت

**بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی لە باشیک:** خۆمان نەمانویست لە گوندەکە بمێنینەوە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

هێزەکەی حەشدی نیشتیمانی لە یەکەم تاقیکردنەوەیاندا کە تورکیاش پاڵپشتیی دەکردن، دەرنەچوون و دوای شەڕێکی شەش کاژێری نەیانتوانی گوندێک لە ناوچەی باشیک کۆنترۆڵ بکەن و بە ژمارەیەک کوژراو و بریندارەوە گەڕانەوە سەربازگەکەیان.

ڕۆژی 14ی ئەم مانگە هێزەکانی حەشدی نیشتیمانی بە پاڵپشتی سوپای تورکیا هێرشیان کردە سەر گوندێکی قەزای باشیک، بەڵام دوای شەش کاژێر شەڕکردن نەیانتوانی گوندەکە لە دەست چەکدارانی داعش دەربهێنن.

سەرچاوەیەک لە هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک هۆکاری ئەو هێرشەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "هێزەکەی تورکیا دەیانویست وەکو تاقیکردنەوەیەک بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بەشداری لەو هێرشەی حەشدی نیشتیمانی بکەن، بەڵام لە تاقیکردنەوەکەیان سەرکەوتوو نەبوون".

سەرچاوەکەی پێشمەرگە کە ئاگاداری پلانی ئەو هێرشە بوو، بەڵام داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە گوتیشی "ئامانجێکی دیکەی تورکیا لەو هێرشە ئەوە بوو توانای هێزەکانی حەشدی نیشتیمانی ببینن کە زیاتر لە ساڵ و نیوێکە لە سەربازگەیەکی نزیک باشیک مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکەن، بەڵام توانای ئەو هێزەیان بۆ دەرکەوت کە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ سوپای عێراق".

عەمید بەهرام دۆسکی، فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک، پێیوایە بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە هیچ هێرشێک بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ سەرکەوتوو نابێت "کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ بەبێ پێشمەرگە مەحاڵە. چونکە سوپای عێراق لە میحوەری مەخموور خۆیان تاقیکردەوە، هیچیان بە هیچ نەکرد، ئەوەتا حەشدی نیشتیمانیش لە باشیک خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام ئەوانیش هیچیان پێنەکرا، لەکاتێکدا سەرجەمیان خەڵکی مووسڵن".

حەشدی نیشتیمانی کە هێزێکی سوننەیە و زۆربەیان خەڵکی مووسڵن، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر دامەزراوە. ئێستا هێزێکی تورکیا لە سەربازگەیەکی دەوروبەری باشیک ڕاهێنان بەو هێزە دەکەن و ئامادەیان دەکەن بۆ شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ.

ئەو هێزە کە ژمارەیان گەیشتووەتە 1200 سەرباز، لەلایەن ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵەوە سەرپەرشتی دەکرێن. شەش مانگ لەمەوبەر هێزێکی تورکیا بە چەکی قورسەوە لە سەربازگەکەی حەشدی نیشتیمانی جێگیر بوون، ئەوەش کاردانەوەی توندی حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە کە داوای لە تورکیا کرد هێزەکەی لەخاکی عێراق بکێشێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش بەشێک لەو هێزە هەر لەو سەربازگەیەدا ماون.

بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی لە باشیک زیانیاری زیاتری لەسەر ئەو هێرشە بە (ڕووداو) دا و گوتی "حەزمان کرد چەکدارەکانی حەشدی نیشتیمانی لە سەربازگەی خۆمان تاقیبکەینەوە، لەگەڵ هێزەکەی تورکیا و بە هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگە و بە پشتیوانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ئەو هێرشەمان ئەنجام دا".

عەمید ڕوکن محەممەد یەحیا، بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی لە باشیک هەروەها گوتی "لەو هێرشەدا نزیکەی 150 سەربازی ئێمە بەشداربوون، هێزەکەی تورکیاش بە دەبابە و هەمەر و کاتیۆشا پشتیوانی ئێمەیان دەکرد، لە ئاسمانیش هێزەکانی هاوپەیمانان چاودێرییان دەکرد، توانیمان 800 مەتر بەرەو پێش بچین، چووینە نێو گوندی کانونە لە نزیک سەنتەری باشیک".

بەرپرسی سەربازگەی حەشدی نیشتیمانی هەروەها گوتی "زۆر نەچووینە پێش، سەربازێکمان شەهید بوو، چواریش بریندار بوون، بەڵام تاقیکرنەوەی یەکەم بوو، نۆ چەکداری داعشمان کوشتن، خۆمان نەمانویست لە گوندەکە بمێنینەوە".

سەبارەت بە بەشداریی هێزەکەی تورکیاش لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، عەمید ڕوکن محەممەد یەحیا گوتی "ئەو هێزە بە هەموو توانایەکی پشتیوانی ئێمەی کرد، لە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکەمان زۆر جددین، بەڵام بۆ بەشداریکردنیان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ هیچیان لەلای ئێمە باس نەکردووە و بڕیار لەدەستی سەرووی خۆیاندایە".



## "ڕێککەوتنەکە قەیران بۆ یەکێتی دروستدەکات"

ڕووداو- سلێمانی

ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ گۆڕان نارازین. محەممەد حەمەسەعید، ئەندامیی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی "ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و یەکێتی، قەیرانی دیکە بۆ یەکێتی دروستدەکات لەبەرامبەردا بزووتنەوەی گۆڕان لەو قەیرانە ڕزگاردەکات، کە تێیکەوتووە". ڕۆژی 2016/5/15 لیژنەی باڵای هاوبەشی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی دوایین کۆبوونەوەی ئەنجامدا. فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرایکرد، لەسەر ئەو ماددانە ڕێککەوتوون کە تێبینییان لەسەری هەبووە. لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کە تایبەتبوو بە دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی پرۆژەی ڕێککەوتنی سیاسی یەکێتی و گۆڕان، پێنج سەرکردەی یەکێتی دەنگیان بە پرۆژەکە نەدا.

# ئێران بۆ ڕاکێشانی بۆڕیی نەوتی کوردستان داوای ڕەزامەندیی بەغدا دەکات

### نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران:
### عێراق دەڵێ دەبێ نەوتی کەرکووکیش لەڕێی ئێرانەوە بفرۆشرێ

### جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت لە پەرلەمانی کوردستان:
### ڕێککەوتنی سلێمانی و ڕاکێشانی بۆڕی نەوت بۆ ئێران سەرەتای دابەشبوونی هەرێمی کوردستانە

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

ئێران بۆ ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ وڵاتەکەی مەرجی هەیە، ئەویش گەڕانەوەی کوردستانە بۆ بەغدا. دیپلۆماتکارێکی ئەو وڵاتە دەڵێت "بەبێ عێراق بڕیار نادەین". جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غازیش لە پەرلەمانی کوردستان هۆشداری دەدات و دەڵێت "ڕاکێشانی بۆڕییەکە و ڕێککەوتنەکەی سلێمانی سەرەتای دابەشبوونی هەرێمی کوردستانە".

نزیکەی دوو ساڵە هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگفتوگۆی بەردەوامدان بۆ ڕاکێشانی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ ئێران، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنەکە نەخراوەتە سەر کاغەز و واژۆی لەسەر نەکراوە.



### قسەکە لای بەغدایە

عەلی پەناهی، جێگری سەرکونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سلێمانی باسی پرۆژەی ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کوردستان دەکات بۆ ئێران و نایشارێتەوە کە وڵاتەکەی مەرجێکی قورسی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و بەبێ ئەو مەرجە نایەتە پێش "ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران هێشتا لە گفتوگۆدایە". بەڵام وەک خۆی دەڵێ "مەرجی ئێران بۆ ئەو پرۆژەیە ئەوەیە حکومەتی عێراق لەسەر ئەم هەنگاوە ڕەزامەندی بدات".

سەبارەت بە هەڵوێستی عێراق لە پرۆژەکە کە ئاخۆ ڕازییە یان نا، پەناهی گوتی "تاوەکو ئێستا عێراق ڕازی نەبووە و پرۆژەکەی قبووڵ نەکردووە".

تاکە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان هێڵی بۆڕی کوردستانە بۆ تورکیا کە توانای گواستنەوەی 700 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مانگی ڕابردوو 15 ملیۆن و 267 هەزار و 542 بەرمیل نەوت لە ڕێگەی ئەو بۆڕییەوە ڕەوانەی بەندەری جیهانی تورکیا کراوە.

کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بەشێوەی سەربەخۆ و بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا نەوتەکەی بفرۆشێت، حکومەتی عێراق دژایەتی زۆری ئەو هەنگاوەی کرد و هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی تورکیا ڕێگە بەو کارە نەدات، بەڵام تورکیا نەهاتە ژێر باری داواکانی بەغدا و گرێبەستێکی 50 ساڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ کرد.

ئێستا تەنیا سەرچاوە بۆ دابینکردنی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان فرۆشتنی نەوتی کوردستانە لە ڕێگەی تورکیاوە.

ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە چەند زیاتر بێ باشتر دەبێ، نابێت کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی تەنیا پشت بە تورکیا ببەستێ".

ئاریز عەبدوڵڵا کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە پێیوایە "لەکاتی دروستبوونی گرفتێک لەگەڵ تورکیا، چ ئەمنی بێ یاخود سیاسی، ئەگەر کوردستان دەروازەیەکی دیکەی هەبێ بۆ فرۆشتنی نەوتی خۆی، ئەوا پەکی ناکەوێ".

سەرۆکی لێژنەتی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای دەکات کە "عێراق ئێستا سەرقاڵی ئەوەیە جگە لە تورکیا لە ڕێگەی ئوردن و ئێرانەوە نەوتی خۆی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات".

### قوفڵەکە لەدەست ئێرانە

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران باسی زانیاری لەبارەی دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و تاران دەدات و بڕی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانیش بۆ ئێران ئاشکرا دەکات ئەگەر بۆڕییەکە ڕاکێشرا.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "تێگەیشتننامەیەک لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستان واژۆ کراوە، ئێستا ئێران چاوەڕێی وەڵامی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە".

تێگەیشتننامەکەی نێوان هەولێر و تاران لە 5ی نیسانی 2016 ئیمزا کراوە کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە تەها زەنگەنە، بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لەلایەن وەزارەتی نەوتی ئێرانەوە ئەندازیارێک بەنێوی مەنوچەهری ئامادەی ببوون.

نازم دەباغ دەڵێت "تێگەیشتننامەکە باسی ئەوە دەکات کە سەرەتا 20 بۆ 30 هەزار بەرمیل ڕۆژانە بگاتە ئێران و دواتر کە پرۆژەی ڕاکێشانی بۆڕی تەواو بوو، بۆ 250 هەزار بەرمیل زیاد ببێ". بەڵام لەسەر نارەزایی عێراق، نازم دەباغ دەڵێ "کێشە نابێ، قوفڵەکە بە دەست ئێران و عێراقەوە دەبێ".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران مەرجی عێراق بۆ ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ ئێران ئاشکرا دەکات "عێراق گرفتی نابێ لە ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ ئێران، ئەگەر نەوتی کەرکووکیش لە ڕێگەی ئەو بۆڕییەوە هەناردە بکرێ".

لەساڵی 1976ەوە حکومەتی عێراق لە ڕێی بۆڕی نەوتی کەرکووک-جیهان، نەوتی کەرکووک دەفرۆشێ کە بە درێژترین هێڵی گواستنەوەی نەوت لە عێراق دادەنرێ و درێژییەکەی 970 کیلۆمەترە و توانای هەیە لە 500 هەزار تاوەکو ملیۆنێک و 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بگوازێتەوە.

### ئایا ڕێککەوتنەکە سەری کوردستان دەخوات؟

یەکێک لە مەترسییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێککەوتنی ئێران بۆ ڕاکێشانی بۆری نەوتەکە داهاتی فرۆشی نەوتەکەیە، ئایا ئێران داهاتەکەی ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات یان دەیداتەوە بەغدا؟

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان هۆشداری دەدات لەسەرگرتنی پرۆژەکە و پێیوایە "ئەوە کۆتایی یەکپارچەیی باشووری کوردستانە".

دڵشاد شەعبان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاکێشانی بۆری نەوت بۆ ئێران و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و ئەوە ئاسەواری خراپی دەبێ بۆ خەڵکی کوردستان، بگرە سەرەتای دوو ئیدارەیی و دابەشبوونی باشووری کوردستانە".

ڕێککەوتنی سلێمانی لە نێوان گۆڕان و یەکێتی کە لەلایەن جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان و سەرکردایەتی یەکێتییەوە پەسەند کراوە، باسی چۆنیەتی حوکمڕانیکردنی کوردستان دەکات، هاوکات باسی پرسی نەوتیشی تێدا کراوە.

دڵشاد شەعبان گومانی هەیە ئێران تەواوی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات "ئێران خۆی کێشەی فرۆشتنی نەوتی خۆی هەیە لە بازاڕەکان، چۆن نەوتی کوردستان دەفرۆشێ، بەڵام لە ئەگەری فرۆشتنی نەوتی کوردستان هیچ گەرەنتییەک نییە داهاتی نەوتەکە نەدرێ بە عێراق و نەگاتە دەست کوردستان".

دەربارەی ڕەزامەندیی عێراق بۆ ڕاکێشانی بۆڕییەکە ئەگەر بە بەستنەوەی نەوتی کەرکووکەوە بێ، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان پێشنیازێکی دیکە دەخاتەڕوو "گواستنەوەی نەوتی کەرکووک مەترسییە گەورەکەیە و دەیانەوێ کەرکووک لە کوردستان داببڕن، بۆیە پێشنیاز دەکەم لەجیاتی بۆڕی نەوت بۆ ئێران رابکێشرێ، با بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بێ، هەم لە دەستێکی ئەمیندا دەبێ و هەم کوردی ڕۆژئاوای کوردستان سوودی لێوەردەگرێ".

# کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکرێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ڕیفراندۆم

### پەرلەمانتارێکی پارتی: بۆ ڕیفراندۆم و کێشەکانی دیکەش گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان دەکەین

### پەرلەمانتارێکی گۆڕان: بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی ڕیفراندۆم ناکرێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیەوێ دەست بە گەڕێکی دیکەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بکات و کرۆکی گفتوگۆیەکانیشی، بەدەستهێنانی کۆدەنگیی سیاسییە بۆ ڕیفراندۆم، بەڵام پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەڵێ "بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی، ناکرێ ڕیفراندۆم بکرێ"، پەرلەمانتارێکی پارتیش ڕەتیدەکاتەوە تەنیا گفتوگۆی ڕیفراندۆم لەگەڵ لایەنەکان بکەن "گفتوگۆی کاراکردنەوەی پەرلەمانیش لەگەڵ لایەنەکان دەکەین".

تاوەکو ئێستا ڕوون نییە، کەی پارتی دەست بە گفتوگۆکانی دەکات، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەست پێدەکات و باس لە دۆزینەوەی میکانیزمێک دەکرێ بۆ ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی لەدوای شەڕی داعشەوە کەوتوونەتە دەست هێزی پێشمەرگە. بەڵام پێش ئەوەی شاندەکەی پارتی بجوڵێت، یەکێتی و گۆڕان، لەڕێگەی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشەوە کە بڕیارە لەو نزیکانە واژۆی بکەن، قسەی خۆیان لەسەر ڕیفراندۆم کردووە.

لە بەشی سێیەمی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکەدا، لە مادەی 11 دا هاتووە "هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی مافی گەلی کوردستانە، پێویستە ئامادەکاریی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیشەوە. ئەم بابەتە بابەتێکی نیشتمانییە و دەبێ پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان یەکلایی بکاتەوە".

عومەر عینایەت، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە بەبێ پەرلەمان، هیچ شتێک شەرعی نییە لەم وڵاتەدا، ئەو کەسەی داوای ڕیفراندۆم دەکات دەبێ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە داوای بکات "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێستا وادەکەی بەسەرچووە و ناتوانێ داوا بکات لە پەرلەمان و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆیە دەبێ چارەسەرێک بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بدۆزرێتەوە، ئەگەر ئەو چارەسەرە نەدۆزرێتەوە و پەرلەمان کارانەکرێتەوە، کەس مافی ئەوەی نییە داوای ڕیفراندۆم بکات".

عومەر عینایەت هەروەها دەڵێت، کاتێک پەرلەمان کاراش بکرێتەوە دەبێ یاسایەک بۆ ڕیفراندۆم دەربکات "دواتر یاساکە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێ، بەڵام ئێستا لە کوردستان سەرۆکی هەرێم نییە، ئەوکاتە چۆن دەبێتە یاسا و کاری لەسەر دەکرێ؟".



محەممەد عەلی یاسین، بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە ڕەتناکاتەوە کە ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێویستی بە پەرلەمان هەیە و دەڵێ دەزانین کە ئەو کارە بە تەنیا لایەنێک ناکرێ، بۆیە دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەکەین "میکانیزمەکەی تەنیا ڕووی تەکنیکی دەمێنێ، بێگومان پەرلەمان لایەنێکی بڕیاردەری مەسەلەکەیە و پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان دەکات و داوای گفتوگۆشمان کردووە".

محەممەد عەلی یاسین دانوستاندنەکانی پارتی لەگەڵ لایەنەکان بۆ ئەو بابەتە بە گرنگ دەزانێ و دەڵێت "پارتی سوورە لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و نایەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست بچێ کە ئێستا ڕەخساوە".

دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری مووسڵ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە پەرلەمانی کوردستان و گوتارێکی پێشکێش کرد و داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکەن. بارزانی ئەوکات گوتی "کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن دروستبکەن بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم بکرێ و ناوچە کوردستانییەکان کە ئێستا کەوتووەتە دەست پێشمەرگە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان".

بارزانی هەروەها گوتی "بەپێی دەستووری عێراقی، دەبوو حکومەتی عێراق دەمێک بووایە ڕیفراندۆمی لەو ناوچانە بکردایە و نەیکرد، بۆیە خۆمان کۆمسیۆن دروستدەکەین و ڕیفراندۆم دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئێستا وەک جوگرافیا گەڕاونەتەوە، بەڵام دەبێ وەک دەنگی خەڵک تاقی بکرێنەوە".

سۆران عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمان کوردستان، دەڵێ ئەوکات لەسەر داوای کاک مەسعود ئێمە یاسامان بۆ دروستکردنی کۆمسیۆن دەرکرد، ئەو پرسە ئێستا ئاشتەوایی نێوخۆیی و سیاسی دەوێ و دواتریش کاراکردنەوەی پەرلەمان "بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەریکات و ڕێوشوێنەکان دیاری بکرێن".

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی 2005 بە گرنگ دەزانێ بۆئەوەی بکرێتە بنەمای کارکردن کە زۆرتر لە 97%ی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان پێدا، بەڵام گوتیشی "دەبێ سەرەتا پەیوەندی نێوان لایەنەکان ئاسایی بکرێتەوە، بەو هەموو ناکۆکییەوە چۆن بچینە نێو ڕیفراندۆمێکەوە".

سۆران عومەر، هیوادارە ئەو شاندەی پارتی دەینێرێتە لای لایەنەکان، هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و نووسینەوەی دەستوور و تەبایی نێوان لایەنەکانی بەدواوە بێت.

باشووری کوردستان، لە نێوجەرگەی دەرفەتە زێڕینەکانی خۆیدا گیرساوەتەوە، ئەو دەرفەتانەی کە هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی 100 ساڵ بەسەر پەیماننامەی سایکس- پیکۆ دروستبوون، بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆییدا، لایەنەکان بە تایبەتی گۆڕان و پارتی پەیوەندی نێوانیان زۆر خراپە.

سالار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان "کۆدەنگیی سیاسی"، بە خاڵی هەرە گرنگی ڕێوشوێنەکانی ڕیفراندۆم دەزانێ و دەڵێ "دواجار دەبێ هەر بە یاسا میکانیزمەکانی چۆنێتی ڕیفراندۆم دیاری بکرێ. پەرلەمان جێگای یاسادانانە و کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانە".

سالار مەحموود گوتیشی "هەرکەس و لایەنێک بڕیاری هەیە بۆ ڕیفراندۆم، هەنگاوی یەکەم ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و پەیوەندی نێوان لایەنەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخی پەرلەمانە. ئەوە پرسێکی نیشتمانییە و پەیوەستە بە ئیرادەی گشتی خەڵکی کوردستانەوە و کۆدەنگی دەبێ لە پەرلەمانەوە بێ. سەربەخۆیی کوردستان، خاڵی هاوبەشی هەموو لایەنە ناکۆکەکانە".

سالار مەحموود ڕەتیکردەوە کە هەموارنەکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی پەرلەمان کاریگەری لەسەر دەرچوونی یاسای ڕیفراندۆم هەبێت و گوتی "دەتوانرێ میکانیزمێک دابنرێ کە هەر بابەتێکی یاسایی پێچەوانە و دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بێ، ئەو یاسایە ڕەتی بکاتەوە".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمـاره ( 408 ) دووشـــەممە 2016/5/16



## جەعفەری پەسنی پێشمەرگە دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری دەرەوەی عێراق ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت "ڕووبەڕووی تیرۆریستانی زیاتر لە 100 دەوڵەت بووەتەوە". ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، بە هەوڵی هێزە نیشتمانییەکان، عێراق تەنگژەی ئێستا بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنێت. هاوکات ڕاشیگەیاند، پاڵەوانەکانی پێشمەرگە، حەشدی شەعبی و حەشدی هۆزەکان سەرکەوتنی گەورەیان لە دژی داعش بەدەستهێناوە عێراق و ڕووبەڕووی تیرۆریستانی زیاتر لە 100 دەوڵەت بوونەتەوە. ئەو قسانەی جەعفەری لە میانەی ئەو دیدارەهات، کە 2016/5/15 لەگەڵ یان کۆبیش، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئەنجامیدا.

خێزانێکی هەڵاتوو لە مووسڵ:

# لەدوای گرتنەوەی شنگالەوە ژیان لە مووسڵ زەحمەت بوو

## هەموو شتێک بە قاچاخ لە تورکیاوە دەهات

## زۆرترین سزای دارایی لەسەر جگەرەکێشانە




داعش مانگانە 20- 100هەزار دینار لەهەر خێزانێکی نێوشاری مووسڵ وەردەگرێت

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- شێخان**

سەرەتای ئەم مانگە دوو خێزانی کوردی شەبەک کە دانیشتووی شاری مووسڵ بوون، خۆیان لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگار کرد و گەیشتنە هەرێمی کوردستان. ئەو خێزانە چیدی ناچار نابن مانگانە باج بدەنە چەکدارانی داعش، یان لەبەرامبەر جگەرەکێشانێک یان سەیرکردنی سەتەلایت سزا وەربگرن.

ئەو دوو خێزانە کە ژمارەیان 13 کەس بوو، لە میحوەری چیای باشیک خۆیان گەیاندە هێزەکانی پێشمەرگە. ئێستا یەکێک لەو دوو خێزانە لە ناحیەی قەسرۆک نیشتەجێ بووە و ئەوەی دیکەشیان لە سەنتەری قەزای شێخان.

### ئۆتۆمبیلی داعشەکانی چاک دەکردەوە

سەلیم ناوی خوازراوی سەرۆکی یەکێک لەو دوو خێزانەیە کە شەش منداڵی هەیە، ماڵی سەلیم لە گەڕەکێکی کەناری شاری مووسڵ بووە. لە سەرەتای هاتنی داعشدا نەیتوانیوە ڕابکات و ناچار دەبێت خۆی لەگەڵ ڕێسا و یاساکانی داعش بگونجێنێ.

سەلیم فیتەر بووە لە ناوچەی پیشەسازیی مووسڵ. ئەو دەڵێت "شەش مانگی سەرەتای هاتنی داعش ژیان ئاسایی بوو، دەتوانم بڵێم زۆر خۆشتر بوو لە کاتی پێش هاتنی داعش. من کاری خۆم دەکرد، بە دەیانجار ئۆتۆمبێلی چەکدارانی داعشم چاککردووەتەوە، هەموو جارێکیش پارەی خۆم وەردەگرت. ئەوان دەیانزانی من کوردم، بەڵام هیچیان نەدەگوت".

### شەکر.. گرانترین ماددەی خۆراک

بەو پێیەی داعش وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرستی لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بۆیە هەموو جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ داعش قەدەغەیە، بەڵام سەلیم دەڵێت لە مووسڵ هەموو شتێک لە خواردن و پێداویستیی ڕۆژانە دەستدەکەوێت و زۆربەشیان لە تورکیاوە هاوردە دەکرێن، بەڵام خەڵک پارەی نییە بیکڕێت.

سەلیم دەڵێت "هەتا پێش هێرشی ئازادکردنەوەی شنگال و ڕومادی بەهای هەموو ماددەیەکی خۆراک لە پێش هاتنی داعش بۆ مووسڵ هەرزانتر بوو، بەڵام دوای ئەوە نرخی خۆراک زۆر بەرزبووەوە، بەجۆرێک ئێستا خراپترین برنج کیلۆی بە دوو هەزار دینارە. فەردە ئاردێکی 50 کیلۆیی بە 35 هەزار دینارە. شەکر لە هەموو خواردنێک گرانترە و کیلۆیەکی بە 3.500 دینارە، بەڵام خەڵک پارەیان نەماوە، شت بکڕن".

### مانگانە باج وەردەگرن

داعش بەهۆی وشکبوونی سەرچاوە داراییەکانی، باجێکی زۆر دەسەپێنێتە سەر ماڵان و دووکانداران لەوکاتەی خەڵک بەهۆی نەمانی کار و پارەوە، کێشەی خۆژیاندنیان هەیە.

سەلیم دەڵێت "پێشتر تەنیا فەرمانبەرانی ئاو و کارەبا دەهاتن و ماڵە و ماڵ دەگەڕان و پارەیان وەردەگرت، بەڵام ئێستا لە مووسڵ کارمەندی کۆکردنەوەی باجیش هەیە و بە پسوولە پارە لە هاووڵاتیان وەردەگرێ".

سەلیم بڕی ئەو باجەی ئاشکرا کرد کە دەبێت هاووڵاتیان مانگانە بیدەنە چەکدارانی داعش "چەکدارەکان پرسیاری داهاتی مانگانەت لێدەکەن و بەگوێرەی داهاتەکەت باجت لێوەردەگرن. باجەکەش بۆ ماڵان لە 15 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 100 هەزار دینار، بەڵام بۆ دووکاندارەکان لە 20 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 500 هەزار دینار. باجی کۆمپانیا و شوێنە گشتییەکانیش زۆرە".

### جگەرەکێشان توندترین سزای هەیە

داعش کۆمەڵێک ڕێسا و یاسای بۆ دانیشتووانی مووسڵ داناوە، هەر کەسێک سەرپێچی بکات سزای خۆی وەردەگرێ.

بە گوتەی سەلیم، پۆشینی جلی درێژ، دانانی سەتەلایت، نیقاب نەکردن لەلایەن ئافرەتانەوە، جگەرەکێشان، ریش تاشین قەدەغەیە و سزای هەیە.

سەلیم کە جارێک بەهۆی ریش تاشین و دووجاریش لەسەر پۆشینی جلی درێژ و جارێکیش لەسەر جگەرەکێشان سزا دراوە، باسی سزای ئەو "سەرپێچی"یانە دەکات و دەڵێت "سزای پۆشینی جلی درێژ 15 هەزار دینارە. دانانی سەتەلایت 20 هەزار دینارە. ریش تاشین 15 هەزار دینارە، دەرکەوتنی دەموچاوی ئافرەت 20 هەزار دینارە. سزای جگەرە کێشان لە هەموویان زیاترە و 50 هەزار دینارە".

سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکەوتنی جگەرەش، سەلیم دەڵێت "جگەرە زۆر بە زەحمەت دەستکەوێت، دووکاندارەکان بە قاچاخ دەیفرۆشن، هەر بەهۆی ئەوەش نرخەکەی زۆر گرانە، بۆ نموونە پاکەتێک جگەرەی ئێم ئێم بە چوار هەزار دینارە".

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی عێراق و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی زۆرترین لێدوانیان لەسەر کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ داوە، بەڵام چەندبارەبوونەوەی ئەو هەواڵانە کە تائێستا نەبوونەتە کردار، خەڵکی مووسڵی بێزار کردووە.

سەلیم لەبارەی ئەو جۆرە هەواڵانە دەڵێت "دوای ڕزگارکردنی ڕومادی، خەڵک بە تامەزرۆییەوە گوێیان لە هەواڵی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەگرت. شەوان بەو ئومێدە دەخەوتین کە بەیانی لە خەو ڕابووین هێرشەکە دەستی پێکردبێ، بەڵام ئێستا خەڵک بە تەواوی لەو جۆرە هەواڵانە بێزار بووە و بایەخی پێنادەن".

سەلیم هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن داعش بە زۆر خەڵکی مووسڵ دەباتە بەرەکانی شەڕ "داعش بە زۆر کەس نابات بۆ شەڕ. ئەوانەی لە مووسڵ دەچنە ریزەکانی داعش زۆرتر خەڵکی بێکارن و پێویستیان بە پارەیە. بەڵام مووچەکەیان زۆر کەمە، زگورتی مانگانەکەی 50 دۆلارە، خێزاندارەکانیش 100 دۆلار وەردەگرن لەگەڵ 15 دۆلار بۆ هەر منداڵێکیان".

### جلی ژێرەوەی ژنان قاتیە

هاوژینی سەلیم کە چوار کچی هەیە، خەمی دەستکەوتنی جلی ژێرەوەی بووە بۆ کچەکانی. ئەو دەڵێت "ژیان بۆ ژنان لە مووسڵ زۆر سەختە، نەمدەهێشت کچەکانم لە ماڵ دەربچن. گەورەترین کێشەمان دەستکەوتنی جلی ژێرەوە و ماکیاژ بوو، چونکە داعش قەدەغەی کردبوو، هەندێک لە دووکاندارەکان بە نهێنی دەیانفرۆشت، بۆیە لەو ماوەیەی لە مووسڵ بووین تەنیا جلە کۆنەکانمان بەکاردەهێنا". کچەکانی سەلیم تەنانەت وازیان لە خوێندن هێنا. دایکیان دەڵێت "سێ کچم لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆ بوون، بەڵام داعش خوێندنی کرد بە پارە، بۆ هەر قوتابییەکی زانکۆ ساڵانە 100 هەزار دینار وەردەگرێ و بۆ قوتابی ئامادەییش 20 هەزار دینار، لەبەر باری ئابووری و لە ترسی ڕفاندنیان ناچاربووین کچەکانمان لە قوتابخانە و زانکۆ دەربهێنین".

# پێشمەرگە کیمیاباران دەکرێ و ماسک بۆ سوپای عێراق دەنێرن

**ئارینا مورادی**
**ڕووداو- مەخموور**

هەردووکیان (پێشمەرگە و سەربازی سوپای عێراق) لە یەک بەرەدا ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش دەبنەوە، بەڵام ژیانی پێشمەرگە وەکو ژیانی سەربازانی سوپا پارێزراو نییە. هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی سێ مانگدا سێ جار هێرشی کیمیاییان کراوەتە سەر بەبێ ئەوەی کەلوپەلی خۆپاراستنیان لەو چەکە بۆ دابین بکرێ، سوپای عێراق هەتا ئێستا یەک هێرشی لەوجۆرەی نەکراوەتە سەر، بەڵام هەموو سەربازەکانی ئەو سوپایە لە میحوەری مەخموور جلوبەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی کیمیاییان وەرگرتووە.

لە مانگی شوباتدا داعش 45 هاوەنی بارگاوی بە گازی کیمیایی خەردەلی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە گرت، لە ئەنجامدا سێ پێشمەرگە برینداربوون، بەڵام ئەو هێزەی دەمودەست کەلوپەلی بەرگری لەبەرامبەر چەکی کیمیایی بۆ هەموو سەربازەکانی وەرگرت، سەربازەکانی سوپای عێراق بوو لە میحوەری مەخموور کە ژمارەیان 14 هەزار سەربازە و هەمووشیان جلوبەرگ و دەمامکی دژە کیمیاییان وەرگرتووە.

بەشدار عەزیز، فەرماندەیەکی سوپای عێراق لە میحوەری مەخموور، بە (ڕووداو)ی گوت "هەرکام لە سەربازەکان ئەم کەلوپەلەیان وەرگرتووە. دوای ئەوەی داعش بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەم بەرەیە".

کەلوپەلی دژی مادەی ئەتۆمی، بایۆلۆژی و کیمیاییەکان (کە بە NBCناسراوە) لە قاتێکی داپۆشەری هەموو لەش، دەمامکێک، مەتارەیەکی ئاو، قامیشێکی تایبەت بۆ ئاوخواردنەوە بە دەمامکەوە، سپرای ڕەواندنەوەی تەم و فیلتەری زیادەی دەمامک و فریاگوزاریی سەرەتایی پێکهاتووە.

ئەم هێزەی سوپای عێراق لە مانگی ڕابردووەوە لە نیو کیلۆمەتری گوندی نەسر جێگیرکراون کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە. میحوەری گوێڕ-مەخموور یەکێک لە چالاکترین میحوەرەکانی جەنگی دژی داعشە و نزیکەی 60 کلیۆمەترێک لە هەولێر دوورە.

بە دووریی 35 کیلومەتر لە باکووری ڕۆژئاوای سەنگەرەکانی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری گوێڕ سەنگەریان لێداوە، لەم میحوەرە پێشمەرگەکان هاوسەنگەرەکانی خۆیانیان بینیوە کە بوونەتە قوربانیی هێرشە کیمیاییەکانی داعش.

لە نێوان مانگی شوبات هەتا نیسانی ئەمساڵ داعش سێ هێرشی بە چەکی کیمیایی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە کردووە کە بە هۆیەوە زیاتر لە 10 پێشمەرگە بریندار بوون، مانگی ئابی ساڵی پاریش داعش 45 هاوەنی بارگاوی بە گازی خەردەلی لە هەمان میحوەر گرتبوو. تەنانەت لەم مانگەشدا داعش دووبارە هێرشی کیمیایی کردووەتە سەر پێشمەرگە.

سیروان بارزانی، بەرپرسی میحوەری گوێڕ - مەخموور بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو داعش لە گوندی ئەبو شیتە بە چەکی کیمیایی بۆردومانی پێشمەرگەی کرد، بەو هۆیەشەوە 14 پێشمەرگە بریندار بوون".

بە گوتەی پێشمەرگەکان ئەوانەی ئەم گازەیان بەردەکەوێت تووشی دڵ تێکەڵهاتن، ڕشانەوە و سووتانەوەی چاو دێن. ئەمانەش هەموویان نیشانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایین لەلایەن داعشەوە. بەڵام هەتا ئێستا هیچ پێشمەرگەیەک بەهۆی ئەم هێرشانەوە شەهید نەبووە.

پێشمەرگەکانی ئەو میحوەرە دەڵێن کە هەتا ئێستا تەنیا 75 ماسکی دژە کیمیاییان وەرگرتووە- بەڵام هیچ قات و کەلوپەلێکی دیکەیان بەدەست نەگەیشتووە.

گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ ئەو 100 هەزار پێشمەرگەیەی کە لە بەرەکانی جەنگی دژی داعشدان، هێزەکانی هاوپەیمانان کەمتر لە 5000 دەمامکیان پێداوین". ئەمەش واتە هەر 20 پێشمەرگە دەمامکێکی بەردەکەوێت.

دەمامکی دژی گازی کیمیایی چاو و سییەکان دەپارێزێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە گازی خەردەل دزە دەکاتە نێو جلی ئاسایی سەربازی و لەسەر پێست دەنیشێت، بە گوتەی فەرماندەکانی پێشمەرگە ئەوەی ئەوان پێویستیانە ئەوەیە بۆ هەموو پێشمەرگەکان قاتی دژە کیمیایی کە هەموو لەشی پێشمەرگەکان داپۆشێت، دابین بکرێت.

بە گوتەی جەبار یاوەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هەزاران دەمامکی دژە کیمیایی لە ئەمریکا و هاوپەیمانان کردووە، بەڵام گەشبینیش نین بۆیان دابین بکەن.

گوتەبێژەکەی وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بە دەمامکە دژە کیمیاییەکانی سوپای عێراق گوتی "وابزانم حکومەتی عێراق بە بودجەی خۆی دەمامکی دژە گازی کیمیایی بۆ سەربازەکانی خۆی کڕیوە. بەڵام ئێمە لە کوردستان لە ڕەوشێکی وەها قورسی داراییداین، زەحمەتە بتوانین بیکڕین".

دەیان هەزار پێشمەرگە لە جەنگی دژی داعشدا، دوای هەر هێرشێکی کیمیایی داعش، جگە لە فاس هیچیان پێ نییە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە لەشی خۆیان بکەن.

ئەمریکا و زۆربەی هاوپەیمانان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تەنیا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی لە بەغداوە هاوکاریی پێشکەش بە پێشمەرگە دەکەن، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گازندەی ئەوە دەکەن کە کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا و ئەو گەندەڵییە بەرفراوانەی حکومەتی ناوەندیی داگرتووە، وای کردووە پێداویستییە سەربازییەکانیان بەدەست نەگات.

بەڵام پێدەچێت چەندە پێشمەرگە سوورە لەسەر شکستپێهێنانی داعش، ئەمریکاش هێندە سوور بێت لەسەر ئەوەی هاوکارییەکان لە ڕێگەی بەغداوە بە پێشمەرگە بگەن.

هێزەکانی پێشمەرگە مەشقی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی هێرشە کیمیاییەکانیان پێکراوە، بەڵام ڕێبین ڕۆژبەیانی کە خۆیشی ئەم مەشقەی کردووە، گوتی "کاتێک کەرەستەی پێویستمان لەبەردەست نییە، زانیارییەکان بە تەنیا چیان پێدەکرێت؟"

ئالان دونکان، خۆبەخشێکی سکۆتلاندییە کە ماوەی ساڵێکە شان بە شانی هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری باشیک لە نزیک موسڵ شەڕی داعش دەکات. ئالان توانیویەتی لە ڕێگەی کۆمەڵێک هاوکارییەوە پارەی کڕینی پێنج دەمامک پەیدا بکات و دوویانی بۆ هاوسەنگەرەکانی لە مەخموور ناردووە.

دۆنکان لەبارەی هێرشە کیمیاییەکان هۆشداری دا و گوتیشی "ڕۆژئاوا دەبێت هەموو کەلوپەلە پێویستەکانی کە بە سوپایەکی ستانداردی خۆی دەدات بە پێشمەرگەشی بدات." خۆبەخشە سکۆتلاندییەکە گوتیشی نرخی هەر دەمامکێک لە نێوان 80 بۆ 100 دۆلارە.

هێرشە کیمیاییەکانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتێکدایە کە هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق و هاوپەیمانان بە نیازن لە هێرشێکی هاوبەشدا شاری مووسڵ، دووەم گەورە شاری عێراق، لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دەربکەن. بەڵام فەرماندەکانی پێشمەرگە دەڵێن ئەگەر بڕیار بێت پێشمەرگە و سەربازانی سوپای عێراق شان بە شانی یەکدی لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بن، ئەوە نابێت ژیانی سەربازی عێراقی لە ژیانی پێشمەرگە بەنرختر دابنرێ.

حاتەم عەلی کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لە میحوەری باشیک، دەڵێت "ئەمە دادپەروەرانە نییە پێشمەرگە گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، لە کاتێکدا کەلوپەلی پێویستی بۆ دابین نەکراوە بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ بەشدار بێت".



بە 100هەزار پێشمەرگە تەنیا 5هەزار ماسکیان هەیە

سوعاد کنکلیئۆغلۆ جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) بۆ (رووداو):

# ئێستا ئاکپارتی حیزب نییە ئەردۆغانستانە



سـوعاد کنکلیئۆغلۆ، ماوەی سێ ساڵ جێگری سەرۆکی گشتیی ئاکپارتی و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن و بڕیاردانی ئەو حیزبە بووە کە بەرزترین ئۆرگانیەتی، بەڵام ئێستا زۆر لە سیاسەتی ئەو حیزبە نارازییە و پێیوایە شتێک نەماوە بەنێوی ئاکپارتی و ئەو حیزبە بووەتە "ئەردۆغانستان".

کنکلیئۆغلۆ کە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە وەڵامی پرسیارەکانی هەفتەنامەی (رووداو)ی دایەوە، ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ئێستای ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا دەگرێت و دەڵێت دەستووری پێشێل کردووە و کودەتای بەسەر سەرۆکوەزیراندا کردووە، بەمەش تورکیای بەرەو ڕۆژهەڵاتی بردووە " ئەردۆغان کاری بە یەکێتیی ئەوروپا نییە و خۆشحاڵە ببێتە ڕۆژهەڵاتی". بەڕای ئەو ڕەفتاری ئەردۆغان بەجۆرێکی لێهاتووە کە ئیدی شتێک نەمێنێتەوە بەنێوی کۆماری تورکیا و دەڵێت "ئێستا تورکیا تەنیا لەسەر کاغەز کۆمارە".

رووداو- هەولێر

**رووداو: تورکیا لە 17 و 25ی کانوونی یەکەمی 2013 بەدواوە بە هاوسەنگییەکی ڕاست تێپەڕ نابێت، لەنێوان کودەتا و گەندەڵیدا ئابلۆقە دراوە، یاسا هەڵپەسێردراوە و هەموو شت بەدەست یەک کەسە. ئەو بارودۆخەی تورکیا تێیکەوتووە تا کوێ دەچێت؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** بە ئینگلیزی بەو پرسیارە دەڵێن "پرسیاری یەک ملیۆن دۆلاری". پشتڕاستکردنەوەی ئەمە زەحمەتە، بەڵام ئەو لێکدانەوەیە زۆر ڕاستە. هاوسەنگیی تورکیا تێکچووە. دەستکاریی عەیارەکانی کارگە کراوە، ئەمەش زیان بە تورکیا و ناوچەکە دەگەیێنێ. بەداخەوە کەس پێش خۆی نابینێ.

**رووداو: لەگەڵ هەموو ئەمانە، ئەردۆغان 49%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و داودئۆغلوی لە پۆستەکەی دوورخستەوە. ئەمە کودەتا نەبوو؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** ئەمە پێشێلکردنی دەستوور و کودەتای سەرۆک کۆمارە کە پێویستە بێلایەن بێ، بەسەر سەرۆک وەزیر کە بەهەڵبژاردن دانراوە. وەکو ئاماژەم پێکرد، دەستکاریی عەیاری سیستەمی سیاسیی تورکیا کراوە، بۆیە کەس لەدژی ئەو بارودۆخە نائاساییە دەنگ هەڵنابڕێت. تورکیا بە کردەوە بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتی ڕۆیشتووە.

**رووداو: دەتوانین ئەو ڕووداوانەی لە تورکیا ڕوودەدەن بە "دەستڕۆیشتووی ڕۆژهەڵات" ناوببەین؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** ئەمەیان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نییە. سیستەمی تاکە کەسی و دەستڕۆیشتووییە. سیستەمێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر نموونەمان لێ بینیوە. بەگشتی وڵاتەکانی خستووەتە نێو زلکاوێک کە دەرچوون لێی زەحمەتە. بەداخەوە دیارە تورکیا ئەمە بەخۆوە دەبینێ. ئەزموونی دیموکراسیمان بەدەستی خۆمان لەنێو دەبەین. ئیدی جیهان بەمشێوەیە سەیری تورکیا دەکات.

**رووداو: ئایا داودئۆغلۆ بەهۆی ئەوە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە کە وەکوو پێویست گوێڕایەڵ نەبوو؟ ئەوە بوو کە ئەو لە گۆڕینی سیستەمتێنەگەیشتبوو؟**

## ئەردۆغان کاری بە یەکێتیی ئەوروپا نییە و خۆشحاڵە ببێتە ڕۆژهەڵاتی

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** پشێوییەک لەنێوان داودئۆغلۆ و ئەردۆغان لەئارادا بوو. ئەردۆغان متمانەی بە داودئۆغلۆ نەبوو. وەکو پێویست پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی نەدەکرد. تا دوایی پەتی نێوانیان پسا. ئیدی ئاکپارتی لە پارتایەتی چووە دەرەوە. بووە ئەردۆغانستان. متمانەی بە دادوئۆغلو نەبوو. ئەوەی دیکەش بۆ ئێوە بەجێدێڵم.

**رووداو: پێتوایە تورکیا لەو ڕووەوە واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەیڕەو کرد؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** ئیدی تورکیا بە تەواوەتی بووە ڕۆژهەڵاتی. بێگومان ئەردۆغان هیچ کاری بە یەکێتیی ئەوروپا و ئەوانەی دیکە نییە. خۆشحاڵە بەوەی ببێتە ڕۆژهەڵاتی. دەستوور و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی ناخوازێت. ئەو شتەی بە شێوازی سەرۆکایەتی تورک ناسراوە، شتێکی وەکو سەڵتەنەتە. ئەردۆغان ئێمەی سواری پاسی برۆکسل کرد، لە ڕێگادا سوکانی پاسەکەی سووڕاند و لە ڕەققە هاتە خوارەوە.

## ئەردۆغان کودەتای بەسەر داودئۆغلودا کرد

## ئەردۆغان متمانەی بە داودئۆغلو نەبوو

**رووداو: ئێستا ئەردۆغان دەڵێ سەرۆکایەتی. ئایا ئەمە داواکردنی سیستەمی سەرۆکایەتییە یان هەوڵی چەسپاندنی سیستەمی تاکە کەسییە؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** بەم شێوەیە ڕێگا بۆ سیستەمی تاکەکەسی و بەڕێوەبردنی تورکیا لەلایەن خێزانەکەیەوە خۆش دەکات. ئیدی تورکیا تەنیا لەسەر کاغەز وڵاتێکی کۆمارییە.

**رووداو: لەو کاتەی هەموو ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا وەکو پێویست کاری خۆی ناکات. هۆکاری ئەمە چییە؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** ئۆپۆزیسیۆن عەقڵی ستراتیژیی نییە. شێوازی سەرۆکایەتییان زۆر خراپە. ڕێکخراو و یەکگرتوو نین. لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، دەرفەتێکی مێژوویی هاتە پێش. دەوڵەت باخچەلی ئەو دەرفەتەی بەفیڕۆدا. ئەردۆغان زۆر بە بەختە کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی هەیە. کۆمەڵگای تورکیا دەزانێ ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ناتوانێ گۆڕانکاری بکات.

**رووداو: ئەگەر مەهەپە کۆنگرە ببەستێ و سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت، سەڵتەنەتی ئاکپارتی دەلەرزێنێ؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** بەڵێ، ئەمە زۆر کاریگەر دەبێت. پەیوەست بەو کۆنگرەیە کۆمەڵگا هیوایەکی گرنگی پەیدا کردووە. خەڵک ئەگەر ئەندامی مەهەپە بن یان نا، زۆر دڵخۆشن بە مەراڵ ئاکشەنەر. قەناعەت بەو ڕێچکەیەدا دەڕوات کە زەمینەی دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دێتە ئاراوە.

**رووداو: بە دوورخستنەوەی داودئۆغلۆ لە پۆستەکەی بوار بۆ دەرکەوتنی دەنگی جیاواز لەناو ئاکپارتی ماوە؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** نیگەرانییەک لە ئارادایە، بەڵام لەو ئاستە نییە ئەردۆغان بلەرزێنێت. بێگومان لادانی داودئۆغلۆ بەم شێوەیە تا ڕادەیەک نیگەرانیی دروست دەکات، بەڵام ئێستا ئاکپارتی بەتەواوەتی لە دەستی ئەردۆغاندایە. واتە ئەردۆغانستانە! ئیتر باسکردنی ئاکپارتی زۆر زەحمەتە، چونکە بە تەواوەتی لە خزمەتی کەسێکدایە.

**رووداو: ئەردۆغان گوتی مەسەلەی کورد مەسەلەی منە، بەڵام دواتر نکۆڵی لە هەموو شتێک کرد. پێتوایە لەم دۆخەدا کێشەی کورد دەگاتە چی؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** لەم بارەیەوە زۆر نیگەرانم. ئەردۆغان کێشەی کورد بۆ شەڕی مانەوەی خۆی بەکاردێنێت. ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە، مەسەلەیەکە کە پێویستە زۆر بە وردی کاری بۆ بکرێت، بەڵام ئیدی لەو بارەیەوە تەنیا توندوتیژی قسە دەکات. دیارە پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر عەودالی گەڕانەوەیە بۆ ڕێگای توندوتیژی. لە سەدەی بیست و یەکەم شوورەییە بۆ هەمووومان ڕەهەندی دیاری ئەو کێشەیە چەکداری بێ. بە چەک برایەتی ناکرێ.

## ئەردۆغان ئێمەی سواری پاسی برۆکسل کرد، بەڵام لە ڕەققە دابەزی

## تورکیا تەنیا لەسەر کاغەزو لاتێکی کۆمارییە

**رووداو: لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) شەڕە، تابلۆی سووریاش لەبەر چاوانە. ئەو بارودۆخە تا کوێ دەڕوات؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** دیارە تا ئەو کاتەی PKK یەک لایەنە ئاگربەست ڕابگەیێنێ ئەو شەڕە بەردەوام دەبێت.

رووداو: لە تورکیا فۆبیای کورد هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

سوعاد کنکلیئۆغلۆ: تورکیا وڵاتێکی گەورەیە و پێویستە متمانە بەخۆی بکات، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر مەسەلەی کورد، بەداخەوە هەستێکی نامۆی پارچەبوون و لێکترازان باڵ بەسەر مەسەلەکانی دیکەدا دەکێشێت. بۆ ئەمە پێویستە کولتووری سیاسی لە دوا سەدەی حوکمڕانی عوسمانییەکان و قۆناغی دوای ئەو تاوتوێ بکەین.

**رووداو: بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کامە قۆناغیدایە؟ ئایا لە ئێستا بەدواوە مومکینە کێشەی کورد بۆ دواوە بگەڕێتەوە؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** کورد لە پەکەکە و دەوڵەت نیگەرانە. پێویستە ئەو کێشەیە بە ڕێککەوتن چارەسەر بکرێت. بەداخەوە بە شەیتانکردنی هەدەپە، بووە هۆی ئەوەی تورکیا دەرفەتێکی گەورە لەدەست بدات. لە حەوتی حوزەیران زۆر گەشبین بووین، بەڵام بەداخەوە نەبوو. بەیەکەوە ژیان لە چوارێوەی یەکێتیی سیاسی لە تورکیا مومکینە. دۆزینەوەی ئەو مۆدێلە و ڕێککەوتن لەبارەیەوە کاری سیاسییەکانە.

**رووداو: پێتوایە ئەردۆغان دەبێتە سەرۆک؟ ئەگەر ئەمە ڕوویدات لە تورکیا تابلۆیەکی چۆن دێتە ئاراوە؟**

**سوعاد کنکلیئۆغلۆ:** لەوانەیە. بەڵام لە بەڕێوەبردنی تورکیادا ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبێتەوە. لەو کاتەی 49.5%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لە تورکیا قەیرانی بەڕێوەبەرایەتی دروست بوو. سیستەمی سەرۆکایەتی ئارامی بۆ تورکیا بەرقەرار ناکات، بە پێچەوانەوە ئەو لێکترازانەی لە وڵات هەیە زیاتر دەکات. تورکیا لەناوخۆ و لە دەرەوە خۆی دەخواتەوە، گۆشەگیر دەبێت و زەحمەتی دەبینێ.

### سوعاد کنکلیئۆغلو

* لە 1ی ئایاری 1965 لە ئەڵمانیا لەدایک بووە.
* ساڵی 1995 پەیوەندی بە پارتی چەپی دیموکراتی تورکیاوە کردووە.
* ساڵی 2007 لەسەر لیستی ئاکپارتی دەبێتە پەرلەمانتار.
* ساڵانی 2009 — 2012 جێگری سەرۆکی گشتی ئاکپارتی بووە.
* ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەراتی و بڕیاردانی ئاکپارتی بووە کە بەرزترین ئۆرگانی ئەو پارتەیە
* ساڵی 2010 - 2011 سەرۆکی گرووپی دۆستایەتی پەرلەمانتارانی ئەمریکا — تورکیا بووە.
* دوای وازهێنانی لە ئاکپارتی، بووەتە ڕاگری ناوەندی پێکگەیاندنی ستراتیژی (STRATİM).

مانوێل مارتۆرێل، نووسەری ئیسپانی بۆ (رووداو):

# کورد لە ساتەوەختێکی مێژووییدایە

ئالێکساندرا دی ستیفانۆ پیرۆنتی
رووداو- بارسیلۆنا

مانوێل مارتۆرێل، نووسەرێکی ئیسپانیی شارەزای کێشەی کوردە، لە کتێبە نوێیەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە جەنگی سووریا و عێراق بوونە هۆی ئەوەی چاوی هەموو جیهان بکەوێتە سەر کورد، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێداون کە بە وردی کار بۆ بەدیهێنانی خەونی خۆیان بکەن.

مارتۆرێل دەربارەی ئەوە بە (رووداو)ی گوت "کورد لە ساتەوەختێکی مێژوویی بێوێنەدا دەژین. بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا، هەموو زلهێزەکانی جیهان، ڕووسیا، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دان بە بایەخی فاکتەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەنێن."

مارتۆرێل کە بەمدواییە کتێبە نوێیەکەی بە ناوی کورد (Kurdos) بە ئیسپانی بڵاوبووەتەوە، پێیوایە بۆ یەکەمجارە جیهان خەریکە پەی بەوە دەبات کە کورد تێڕوانینێکی سێکولار و میانڕەوانەی هەیە، ئەمە جگە لەوەی شارەزایی و توانایەکی باشیشیان لە جەنگی دژی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) پێشانداوە.

بەڕای نووسەرە ئیسپانیەکەی کتێبی کورد "هەتا ئێستا هێزە جیهانییەکان تەنیا پشتگیرییان لە دیکتاتۆر و بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکرد، بەڵام ئێستا خەریکە تێدەگەن لەوەی ڕوانگەی فیدراڵیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت ڕێگەیەک بێت بۆ دەرچوون لەو قەیرانە گەورەیەی کە ئەو بەشەی جیهانی داگرتووە، ئەمەش لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لەڕووی ئایینی و کولتوورییەوە ناوچەیەکی فرە ڕەنگە."


مانوێل مارتۆرێل بە یەکێک لە شارەزاترین لێکۆڵەرە ئیسپانییەکان لەبارەی کورد لە قەڵەم دەدرێت، ئەو لە کتێبەکەیدا دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کوردی زۆرینە سوننە، ئەم جەنگە قورسە لە دژی داعش و گرووپ و بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکە لە عێراق و سووریا دەکات، لەم پەیوەندییەدا مارتۆرێل دەڵێت "کتێبەکەی من دەیەوێت ئەوە بۆ ڕۆژئاواییەکان ڕوون بکاتەوە کە ئەمجۆرە هەڵوێستەی وا دەکات ئیسلام لەگەڵ دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئایین و کولتوورە جیاوازەکان بگونجێ، شتێکی نوێ نییە و کورد هەموو کات پشتگیریی لێکردووە."

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کتێبەکەی ئەم لێکۆڵەرە ئیسپانییە ئەوەیە دڵنیایی بە ڕۆژئاواییەکان بدات کە تەنیا جۆرە تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ ئیسلام دەکرێت مەترسی بۆ سەر جیهان دروستبکات و زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان هیچ مەترسییەک بۆ سەر جیهان دروست ناکەن. مارتۆرێل ڕای وایە "موسوڵمانەکان و کۆمەڵگە نا-موسڵمانەکان زیاتر لە هەموو کەس حەز دەکەن هەڕەشەی داعش کۆتایی بێت، لە کاتێکدا ئەم گرووپە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو شێوازە ژیانەی بۆ سەدان ساڵە لە ناوچەکەدا پەیڕەو دەکرێت."

بەشێکی دی لە کتێبی "کورد" بۆ باسکردن لە ڕەوشی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا تەرخان کراوە. لەوێدا ئیدانەی هەڵمەتی حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە دژی کورد دەکات کە نووسەری کتێبەکە بە هەڵمەتی "پاکتاوی نەتەوەی کورد" ناوی دەبات.

## ئەوەی ئەردۆغان دەیکات پاکتاوی نەتەوەی کوردە




جەنگی دژی داعش و ئیدانەکردنی جینۆسایدی کوردە ئێزدییەکانی ناوچەی شنگال و کۆمەڵگە کوردی و مەسیحییەکانی دیکە لەسەر دەستی ئەم گرووپە بەشێکی دیکە لە کتێبەکە پێکدەهێنن و ئەمە لە هەڵبژاردنی بەرگی کتێبەکەشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە: بەرگی کتێبەکە شەڕڤانێکی ئافرەتی کوردە کە پەنجەکانی بە نیشانەی سەرکەوتن بەرزکردووەتەوە، وەکوو مارتۆرێل ئاماژەی بۆ دەکات "وێنەکە لەلایەن دەزگای چاپی کتێبەکەوە هەڵبژێردراوە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئافرەتانی کورد بەهۆی بەشدارییان لە جەنگی دژی داعشدا جەماوەرێکی زۆریان هەیە. بەشداریی ئافرەتانی کورد لە جەنگ لە سووریا، عێراق، ئێران و تورکیا ئەو وێنە باوەی سڕیوەتەوە کە لەبارەی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبوون".

مارتۆرێل هەروەها گوتی "بوونی ئافرەتی کورد لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەمەبەستی وەستاندنی ئەو گرووپەی هەڕەشە لە هەموو جیهان دەکات، وای کرد چاوەکان بکرێنەوە."

"کورد"ەکەی مانوێل مارتۆرێل لەلایەن دەزگای چاپ و وەشانی لۆس لیبرۆس دێ لا کاراتا چاپکراوە و ئەم مانگە بۆ یەکەمجار لە شاری پاپملۆنا نمایش کرا، مارتۆرێل ئەزموونێکی درێژی لەگەڵ کولتووری کوردیدا هەیە و چەندین ساڵ لەمەوبەر داستانی مەم و زینی بە زمانی باسکی داڕشتەوە.

### چاپکراوەکانی مانوێل مارتۆرێل لەبارەی کوردەوە

کورد... مێژووی خۆڕاگری- ساڵی 1991
کوردستان- ساڵی 2002
کوردستان... گەشتێک بۆ وڵاتێکی قەدەغە- ساڵی 2005
مەم و زین بە زمانی باسکی- ساڵی 2010
کورد ئەمەیە... شرۆڤەکردنی نەتەوەیەک- ساڵی 2014
کورد- ساڵی 2016.

ژمارە (408) دووشــەممە 2016/5/16

### هەدەپە: ڕێگە نادەین دەربکرێین

**ڕووداو- ئەنقەرە**

چاغلار دەمیرەل، جێگری ســەرۆکی فراکســیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند پارتەکەی ڕێگەنادات پەرلەمانتارانی لە پەرلەمان دەربکرێن و داوای لــە لایەنەکان کرد لە دژی پێشــنیازەکەی ئاکپارتی بووەســتنەوە کە داوایکــردووە پارێزبەندی پەرلەمانتارانی هەدەپە هەڵبگیرێــت. چاغڵار دەمیرەل گوتی: "لە پەرلەمانیــن بــۆ ئەوەی لە ڕێگەیەکی دیموکراتییەوە سیاســەت بکەین، بە دەنگی گەل گەیشــتینە پەرلەمان، ئێمە دژی دادگاییکردنــی پەرلەمانتاران نین، بەڵکو دژی دەرکردنــی پەرلەمانتارانیــن لــە پەرلەمان." چاوەڕوان دەکرێت ئەم هەفتەیەدا پێشــنیازەکەی ئاکپارتی بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی ئەو پەرلەمانتارانەی دۆسیەیان لەسەر کراوەتەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

# ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ پێویستی بە پێنج ملیار دۆلارە

**ڕووداو — هەولێر**

باری ئەمنیی شاری کۆبانێ بەرەو سەقامگیری دەچێــت، بــەڵام ســەقامگیرییە ئابوورییەکەی زۆر لەدوایــە. چاودێرانــی سیاســی بووژانــەوە ئابوورییەکەی ئەو شارە بە چارەسەری سیاسی کێشــەی ســووریاوە دەبەســتنەوە، ســەرباری داخســتنی دەروازەکان و نەبوونــی ســەرمایەی بیانی.

کۆبانێ، لــە ڕووی جوگرافیــاوە درێژکراوەی دۆڵــی پرسوســە لــە باکــووری کوردســتان. بچووکتریــن کانتۆنــی ڕۆژئاوای کوردســتانە کە 350 گوندی هەیە. کورد زۆرینەی دانیشــتووانی کۆبانێ پێکدێنن. لە ســەردەمی ڕژێمی ئەسەددا ئەو شــارە وەکــو زۆربەی ناوچــە کوردییەکانی دیکــە فەرامۆش کرابوو. ســەرەڕای سروشــتی کشــتوکاڵیانەی کۆبانــێ، ڕژێمی ئەســەد هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئابووری لێ بونیاد نەناوە.

لەدوای دەستپێکردنی ئاڵۆزییەکانی سووریاوە بەگشتی، هەروەها کشانەوەی حکومەتی سووریا لــە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردســتان لە هاوینــی 2012دا. پارتــی یەکێتیــی دیموکراتی دەســەڵاتدار لەو بەشەی کوردســتان پاراستنی ناوچەکانــی لە شــەڕ کردە ســتراتیژی خۆی و توانی تاڕادەیەکی باش هەردوو کانتۆنی جەزیرە و عەفریــن لە شــەڕ و کاولکاری بــەدوور بگرێ، بەڵام لە کۆبانێ پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا، کاتێک داعش لە 15ی تشرینی دووەمی 2014دا هێرشی کردە سەر و زۆربەی ئەو شارەی داگیرکرد.

ئەگەرچی هێزە کوردییەکان بە پشــتگیریی پێشــمەرگە و هاوپەیمانیــی نێودەوڵەتــی دژی داعش توانییان دوای 70 ڕۆژ کۆبانێ و سەرجەم گوندەکانی لەدەســتی داعش ڕزگار بکەن، بەڵام ژێرخانی ئابووری و هەموو سەرچاوەکانی ژیان و بژێــوی لەناوچوون. بۆیە بە ڕادەی ڕزگارکردنی، ســەرلەنوێ ئاوەدانکردنــەوە و بووژاندنــەوەی سەرچاوە ئابوورییەکانی زەحمەت بوو.

یەکەم هەنگاوی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانــێ، بــە گەڕانــەوەی خەڵکەکەی دەستی پێکرد. ســەرەتا خەڵک زۆر بە گەرموگوڕییەوە گەڕانەوە، بەڵام ئێستا پرۆسەی گەڕانەوە سست بووە.

ئیدریــس نەعســان، بەرپرســی پێشــووی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی کانتۆنــی کۆبانێ بە (ڕووداو)ی گــوت "نەبوونــی دەرفەتــی کار لــە کۆبانێ، قەیرانی نیشــتەجێبوون و گرانیی کرێی خانوو، هەروەها ناڕۆشــنیی بارودۆخی سووریا، خەڵکیان دوودڵ کردووە لە گەڕانەوە".

کۆبانێ ناوچەیەکی کشــتوکاڵییە، بەڵام هیچ کارگەیەکی گەورە وستراتیژیی تایبەت بە بەرهەمە کشــتوکاڵییەکانی لێ نییە. بەڕێوەبەرایەتی ئەو کانتۆنە هەوڵ دەدات دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیانی پەیدا بکات، تاوەکو پرۆسەی گەڕانەوەی خەڵک بــەردەوام بــێ و بتوانــێ زەمینەی ڕاکێشــانی سەرمایەی بیانی خۆش بکات.

نەعســان دەڵێــت "بەڕێوەبەرایەتــی کۆبانێ ئێســتا ناتوانــێ بەرەنــگاری ئەو هەمــوو ژمارە زۆرەی لەشکری بێکاران ببێتەوە، چونکە پرۆژەی گــەورە لە ئارادا نییە تــا بتوانێ هەمووان لەخۆ بگرێت".

موســلیم تــاڵاس کە خەڵکــی کۆبانێیە و لە زانکۆی ئارتوکلو لە ماردین مامۆستای زانکۆیە، دەڵێــت کانتۆن لە چوارچێــوەی توانا ماددی و ئیدارییەکانی هەوڵی جدی دەدات بۆ بووژانەوەی ئابووریی کۆبانێ، بەڵام دەڵێت "کێشەکە ئەوەیە کانتۆنــی کۆبانێ لە هــەردوو لایەنــی ماددی و ئیداریــی لاوازە، پشتئەســتوورە بە بۆچوونێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کە تواناکانی ئەو ئیدارەیە ســنووردار دەکات. بــۆ نموونە کانتۆن ویستی کەرەســتەی دروســتکردنی خانوو بــە نرخێکی هــەرزان دابین بکات، هەروەها ســووتەمەنی کە ئێســتا بە نرخێکی هەرزانتــر لە نرخی تێچووی دەفرۆشــرێت، ئــەو دوو پێداویســتییەش بــۆ دەســتپێکردنی بووژانەوەی ئابووری پێویستن. بــەڵام لایەنــی لاواز لــە ڕێنوێنیکردنی چالاکییە ئابوورییەکان و دابیننەکردنی بازاڕە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان".

ئەگەرچــی پرۆســەی ئاوەدانکردنــەوە و بووژانەوەی ئابووری دوو پرۆسەی جیاوازن، بەڵام بــۆ بارودۆخی کۆبانێ پێکەوە بەســتراونەتەوە.

جــوان فیدائەدیــن، ئەندامــی کۆمەڵــەی ئابووریناسانی کورد — سووریا، نووسینێکی لەژێر ناوی (چوار پرۆژەی ستراتیژی بۆ بنیاتنانەوەی کۆبانــێ) بڵاوکردەوە کە تێیدا دەڵێت "هەنگاوی یەکــەم بۆ بنیاتنانــەوەی کۆبانــێ، دابینکردنی پێداویســتییەکانی ئاوەدانکردنەوەیە. ئەویش بە چەند پرۆژەیەکی ئابووریی ستراتیژی دەبێت کە ڕەنگدانــەوەی ئەرێنی دەبێت بــۆ قۆناغی دوای ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ".

نووسەر بە پێویستی دەزانێ، هەندێ کارگەی وەک تواندنــەوەی ئاســن و مــس دابمــەزرێ بۆ ســوود وەرگرتن لەو هەموو ئاســن و مسەی لە ئەنجامی خراپبوونی کۆبانێ پەیدا بووە. هەروەها دروســتکردنی کارگــەری چیمەنتــۆ و کارگەری شکاندنی بەرد.

ئیدریس نەعسان، نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەو پرۆژانە بۆ کۆبانێ پرۆژەی ستراتیژی و بەنرخن، بەڵام ئێستا بەهۆی گەمارۆی ئابووری و نەبوونی دەروازە جێبەجێکردنیــان زۆر زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشــدا جەخت لە گرنگیی پرۆژەی ڕاکێشانی ئاوی فــورات دەکاتەوە "بەڕێوەبەرایەتی کۆبانی دەخوازێ لە ڕێگای پرۆژەی کشتوکاڵییەوە هانی وەبەرهێنــەران بــدات پرۆژە لــە کۆبانێ بکەن و دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیانی کۆبانێ برەخسێنێ و لەو ڕێگەیەوە ئابووریی کۆبانێ ببووژێنێتەوە، بەڵام ئەنجامی هەوڵەکان وەکو پێویســت نییە، بەهۆی بێتوانایی ئابــووری و گەمارۆ". لەبارەی پرۆژەی ڕاکێشانی ئاوی فوراتیش دەڵێت: "چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەڵێنی جێبەجێکردنی پــرۆژەی ئــاوی فوراتیــان دا، بــەڵام گەمارۆ و نەبوونی دەروازە بووە هۆی جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانە و دواخستنی بۆ کاتێکی گونجاو".

ســەرەڕای ئەو ئاماژە ئابوورییە نەرێنیانەش، لەدوای ئازادکردنی گرێســپی لــە پایزی 2015، نرخــی زەوی و موڵــک لە کۆبانێ بــەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. تاڵاس پێیوایە "بەرزبوونەوەی نرخــی زەوی زیانــی بۆ ئابووری نییــە، کەرتی موڵکداری دەبێتە داینەمۆی بە تواناکردنی بازاڕی وەســتاو. پێموایــە بەرزبوونــەوەی نرخی زەوی ئاماژەیە بۆ بوونی ئابوورییەکی زیندوو".

بەڵام ئیدریس نەعسان ئەمە وەکو قۆرخکردنی بازاڕ لەلایەن بازرگانانەوە وەسف دەکات و دەڵێت "سەرمایەداران پێیانباشە وەبەرهێنان لە کڕینی زەوی و موڵک بکەن نەوەکو لە بوارەکانی دیکە، بەهــۆی بەرزبوونەوەی دۆلار و ناســەقامگیری، ئــەوەش دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ئــەو کەرتە لە هەمــوو کەرتەکانی دیکە زیاتر قازانجی هەبێت. هەروەها دەخوازن بارودۆخی پێش دەستپێکردنی قۆناغی ئاوەدانکردنەوە بقۆزنەوە، ئەوەی بتوانن دەیکــڕن، چونکە بــاش دەزانن دوای پرۆســەی ئاوەدانکردنــەوە، داخوازی لەســەر کڕینی زەوی زیاتر دەبێت".

ئاماژەیەکی دیکەی ئەرێنی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژانــەوەی ئابووریی کۆبانێ، دروســتکردنی وێستگەی لۆجســتیکی و فرۆکەخانەیە لەلایەن هاوپــەیمانــی نێودەوڵەتــی. نەعســان پێیوایــە ئەمــە بەلانیکــەم گەرەنتیە بــۆ بەردەوامبوونی هاوپەیمانێتــی نێودەوڵەتــی لــە پاراســتنی کانتۆنەکان.

ئیدریس نەعسان باس لەو پڕۆژانە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتی کۆبانێ تاوەکو ئێستا لە بوارەکانی دابینکردنی کارەبا و کشتوکاڵ جێبەجێی کردووە "کانتۆنی کۆبانێ تاوەکو ئێستا 60 ملیۆن دۆلاری بۆ وەبەرهێنان خــەرج کردووە، بەڵام ئەمە هیچ نییە لەچــاو ئەو وێرانکارییەی تووشــی کۆبانێ هاتووە. ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ پێویســتی بە پێنج ملیار دۆلارە".



بەڕێوەبەرایەتی کۆبانی دەخوازێ لە ڕێگای پرۆژەی کشتوکاڵییەوە هانی وەبەرهێنەران بدات پرۆژە لە کۆبانێ بکەن

# شرنەخ کراوەتە وێرانە و تەنیا ناوەکەی ماوە

## هاووڵاتییەک: ئەردۆغان شرنەخی بەسەر شرنەخییەکاندا ڕووخاند

## سەرۆک عەشیرەتێک: PKK شرنەخی بەو دەردە برد

**ڕووداو — هەولێر**

مــاوەی زۆرتر لە دوو مانگە ئۆپەراســیۆنەکان بەبێ پچڕان لەنێو شاری شرنەخ درێژەیان هەیە. تاوەکو ئێســتا تەرمی 23 شەڕڤانی یەکینەکانی پاراســتنی ســڤیل (YPS) گەیەندراونەتــە نەخۆشخانەی شرنەخ. مەزەندە دەکرێت نزیکەی 50 هــەزار کــەس شــارەکەیان جێهێشــتبێت. بەرپرســێکی ئاکپارتی لە شرنەخ دەڵێ "70%ی شــارەکە بەتەواوەتی تێکچووە، PKK و هەدەپە بەرپرسیارن لەم بارودۆخە".

شــاری شرنەخ لە باکووری کوردستان ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شارەکە 63 هەزار کەسە. ئابووریــی ئەو شــارە پشــت بــە بەرهەممهێنانی خەڵــووزی بەردیــن، کشــتوکاڵ و بازرگانــی دەبەســتێت. هەریەک لە شــارۆچکەکانی بەیت و شــەباب، جزیرە، باسە، هەزەخ، سلۆپی و قلابان سەر بە شرنەخن.

ڕۆژی 14ی ئــاداری ڕابــردوو، بــە فەرمانــی والــی شــرنەخ قەدەغــەی هاتوچــۆ ڕاگەیەندرا و ئۆپەراسیۆن لەدژی ئەندامانی (YPS) لەو شارە دەستی پێکرد. بەرلەوەی ئۆپەراسیۆن لە ناوەندی شــرنەخ دەســت پێبکات، هەر ســێ شارۆچکەی (جەزیرە، هەزەخ و سلۆپی) کە سەر بە شرنەخن بوونــە مەیدانــی پێکــدادان لەنێــوان ئەندامانی (YPS) و هێزە ئەمنیەکانی تورکیا.

ســەرەڕای ئــەوەی شــرنەخ یەکەمین شــارە کــە دەبێتــە مەیدانــی بەرەنگاربوونــەوەی هێزە ئەمنیەکانی تورکیا و (YPS)، بەڵام بەپێچەوانەی شــارۆچکەکانی دیکە کە شــەڕ و ئۆپەراســیۆنی تێدایە، خەڵکی شــرنەخ بەرەو شــارەکانی دیکە یــان ڕۆژئاوای تورکیا کۆچیــان نەکردووە. بەڵکو بەشێکیان لە گوندەکانی شرنەخن، زۆربەشیان لە دەوروبەری شــرنەخ لە شارەدێی دێرگولێ تاوەکو گەرووی قەسرکێ کەپریان دروستکردووە.

ئایجــان ئیمــڕەت، پەرلەمانتــاری هەدەپــە و نوێنەری شرنەخ، بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە دەوڵــەت دەخوازێ ئەوان لەســەر زێــدی خۆیان نەمێنن، بەڵام شــرنەخییەکان لەوە تێگەیشتوون و زێدی خۆیان جێناهێڵن".

بەگوێــرەی بەدواداچوونێکــی ڕۆژنامــەی (جمهوریەت)ی تورکی، ئەو خەڵکەی لەناو حەوش و کەپرەکان لە دەوروبەری شرنەخ نیشتەجێبوونە، لەدۆخێکــی زۆر خراپــدا دەژیــن، زۆربەیــان ئاو و کارەبایــان نییە. ئایجان ئیمــڕەت دەڵێت "ئەو خەڵکــەی شــاریان بەجێهێشــتووە و لــە نزیک شرنەخ کەپریان دروستکردووە، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێــی هاتنــی وەرزی هاوین دەکــەن. دەزگا خێرخوازیەکانیــش بــە گوێرەی توانــای خۆیان دەستی هاوکارییان بۆ درێژ دەکەن".

کەتــان ئاجار کە خەڵکی شــرنەخە و ئێســتا لــە ژێــر کەپرێکــدا دەژی لە دەرەوەی شــرنەخ، دەڵێت "ســەرەتا کە هاتینە ئێرە زۆر ســاردبوو، ئێســتا باشترە، بەڵام دایک و باوکم کە تەمەنیان لەســەرووی 60 ساڵانە گەرمیان نابێتەوە. ئەگەر بەمشــێوەیە بــەردەوام بــێ بەشــی دابینکردنی پێداویستیەکان پارەمان نامێنێ".

### شرنەخ تەنیا ناوی ماوە

لێدوانــی جیــاواز لەبــارەی ژمــارەی ئەوانەی شــرنەخیان جێهێشــتووە، هەروەهــا قەبــارەی زیانەکان و ژمارەی قوربانییەکان بڵاودەکرێتەوە. عەبدوڵڵا ئەکینجی، بەرپرســی لقــی مەزڵومدەر لە شــرنەخ بە (ڕووداو)ی گوت "مەزەندە دەکەم 95%ی خەڵکی شرنەخ شارەکەیان بەجێهێشتووە. ســەنتەری شــار بــەردەوام بــە چەکــی قــورس بۆردومان دەکرێ، شرنەخ بە پێوە نەماوە و تەخت بــووە، تەنیا ناوەکەی ماوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی گەمــارۆ دراوە کەس نازانێت لە نێو شــرنەخ چی ڕوودەدات".

ســەرهەد قادرخــان، ســەرۆکی شــارەوانیی شــرنەخ مەزەنــدەی کــرد 60 هــەزار کــەس شــرنەخیان جێهێشــتبێ. قادرخان بە (ڕووداو)ی گــوت "بەگوێــرەی زانیارییەکانمــان 60%ی شــار بەتەواوەتــی وێران بــووە. 2400 خێزان لە دەوروبەری شــرنەخ لەنێو کەپــردا دەژین. تەنیا پێنج هەزار کەسێک لە نێو شرنەخدا ماون. ئەگەر ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆن تەواوبێ و ڕێگا بە خەڵک بدەن بگەڕێنــەوە، زیاتر لە 50 هــەزار کەس بێ ماڵ و حاڵ دەمێننەوە".

هــەر لەوبارەوە ئەســڵان تاتار کــە دوو خولە لەســەر لیســتی ئاکپارتی خــۆی بــۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێت و دەرناچێت، بــە (ڕووداو)ی گوت "من بۆ یەک ساتیش شرنەخم جێنەهێشتووە. بە مەزەنــدەی من 70%ی شــارەکە وێران بووە و بە کەڵکی ژیان نەماوە".

لــەو شــەڕەی ئەمدواییــە، پارێزگای شــرنەخ تاکە پارێزگای باکووری کوردســتان شــەڕ بگاتە سەنتەری شارەکەی. ئەوەش لەگەڵ خۆی گفتوگۆ و پرســیاری جیــاواز دروســت دەکات. هەندێــک پێیانوایــە بێ ئیرادەیی خەڵکی شــرنەخ، زوڵمی PKK، ئەو شــارەی تووشی ئەو نەگبەتییە کرد، بەڵام هەندێکی دیکە، بۆ سیاسەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ســەرکۆماری تورکیای دەگەڕێننەوە و پێیانوایە ئەو لەپشت ئەو کارەیە.

ئایجــان ئیرمــەز پەرلەمانتــاری هەدەپــە، مەسەلەکە بە سیاسەتی دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت "دەوڵەت لەژێر ناوی قەدەغەی هاتوچۆ هێــرش دەکاتە ســەر شــرنەخ. ئەو شــوێنانەش بۆردومــان دەکات کــە خەندەقیــان لــێ نییە و ڕێگاکان نەگیراون. وەکو ساڵانی نەوەتەکان دەڵێن ئەو کێشەیە بە کوشتن چارەسەر دەکەین".

ئیرمەز هەروەها دەڵێت "دەوڵەت مەبەستێتی شــارەکە بە تــەواوی چۆڵ بێت، بە هەڕەشــە و چاوسوورکردنەوە دەریاندەکات. دەخوازن خەڵک لە شــرنەخ نەمێنێ، وەکو چۆن لــە نەوەتەکاندا خەڵکی شارەکەیان دەربەدەر کرد".

عەبدوڵڵا کاتار، 31 ساڵ کە باوکی سێ منداڵە، قســەی بۆ ڕۆژنامەی جمهوریەت کردووە و باسی بارودۆخی ســەردەمی ســەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا تانســۆ چیللەر دەکات "تانسۆ چیللەر لە نەوەتەکانــدا گوتــی: ئەگەر کــورد دوو بەردیش لەســەر یەک دابنێ دەیڕووخێنــم. چیللەر لەوەدا ســەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەردۆغان سەرکەوتوو بوو. شــرنەخی بەســەر سەری شــرنەخییەکاندا ڕووخاند".

بەڵام ئەســڵان تاتار کە ســەرۆکی عەشیرەتی تاتارە و لەدوای دامەزراندنی PKK و دەستپێکردنی شەڕی چەکداری لە ساڵی 1984، چەکیان لەدژی PKK هەڵگرتووە، بارودۆخی شرنەخ بە بێدەنگیی خەڵکەکە و زوڵم و زۆری PKK وە دەبەستێتەوە و دەڵێت "شرنەخ خراپ بووە. هیچی لەسەر هیچ نەماوە. بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆن، لەگەڵ خەڵکەکە قســەم کرد، گوتم با لەدژی ئەو زوڵمە بوەســتین. با وەکو سلۆپی و جەزیرەمان بەسەر نەیەت. سەیری جۆلەمێرگ، وان، باتمان، سێرت و بەتلیــس بکــەن، PKK لــەوێ نەیتوانــی زوڵم لەکەس بکات. بەڵام بەداخەوە لێرە کەس نووزەی لێوە نەهات. من وەکو ئەســڵان تاتار بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر شرنەخ هاتووە، شەرم لە خۆم دەکەم".

ئاســڵان پێیوایــە جگــە لــە خاوێنکردنەوەی شــارەکان لــە (YPS) هیــچ ڕێگایەکــی دیکــە لەبەردەم دەوڵەت نەماوە "خاوێنکردنەوەی شرنەخ ئەرکی دەوڵەتە. جەرگم بۆ شــرنەخ دەســووتێ. ئەوەی هەدەپە و PKK دەیکەن ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان نەیکردووە. خراپبوونی شرنەخ خەتــای هێزە ئەمنیەکان نییــە. بەداخەوە PKK شرنەخی بەو دەردە برد".



سەرۆکی شارەوانیی شرنەخ: 60%ی شارەکە بەتەواوەتی وێران بووە

# ململانێ لەسەر ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەستیپێکرد



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## کامیلی حاجی عەلی:

## خۆم بۆ ڕابەری بزووتنەوە کاندید دەکەم

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یازدەمینی بزووتنەوەی ئیسلامی زۆربەی ئامادەکارییەکانی تەواو کردووە و بڕیارە ڕۆژی 2016/7/10 کۆنگرەکە ببەسترێت، تائێستاش جگە لە عیرفان عەلی عەبدولعەزیز کە ڕابەری گشتییە و خۆی کاندید دەکاتەوە، کامیل حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەش بڕیاری داوە خۆی کاندید بکات.

بزووتنەوەی ئیسلامی بە یەکەمین حیزبی ئیسلامی لە باشووری کوردستان دادەنرێت کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە شاخ لەسەر دەستی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دامەزرا. دواتریش مەلا عەلی برای پۆستەکەی وەرگرت. دوای کۆچی دوایی ئەویش، سدیق عەبدولعەزیزی برای بووە ڕابەر و پاشان محەممەد عومەر عەبدولعەزیز پۆستەکەی وەرگرت. لە کۆنگرەی دەیەمی بزووتنەوەشدا کە لە هاوینی 2012 بەڕێوەچوو، عیرفان عەلی عەبدولعەزیز بووە ڕابەر.

### زویربووەکان دەگەڕێننەوە

عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەی ئامادەکاری زۆربەی کارەکانی تەواو کردووە و ئەگەر هیچ کێشەیەک نەیەتە پێشەوە، لەو کاتەی دیاری کراوە کۆنگرە دەبەستن، تەنیا ماوە شوێنی بەستنی کۆنگرە دیاری بکەن.

وەرتی گوتی "دەمانەوێت خوێنی تازە بێنە نێو سەرکردایەتییەوە و دەرگای خۆپاڵاوتنیش دەکرێتەوە، لیژنەی ئامادەکاریش داوای ڕاپۆرتی لە ئۆرگانەکان کردووە بۆ گۆڕانکاری. لیژنەی ئامادەکاریشمان ڕاسپاردووە بۆ هێنانەوەی ئەو کادیرانەی کە زویر بوون یان بەهەر هۆیەک بێت دوورکەوتوونەتەوە".

حاجی ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیش ڕایگەیاند، هەموو حیزبێک بۆ گۆڕانکاری کۆنگرە دەبەستێ و ئەوانیش هیوایان وایە چاکسازی لە ئۆرگانەکاندا بکرێ، پاشان دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی.

### ڕابەر ڕکابەری بۆ پەیدابوو

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئێستا دوو باڵ لە نێو بزووتنەوە دروست بووە، یەکێکیان باڵی ڕابەری گشتی و ئەوەی دیکەش باڵی کامیلی حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری پێشووی ئەوقافە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "باڵی کامیلی حاجی عەلی هەریەک لە کەمال ڕەحیم، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی، حاجی ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە سەرکردایەتی پشتگیری دەکەن و ئامانجیشیان ڕێگریکردنە لەوەی بزووتنەوە بەرەو بنەماڵەیی بڕوات، هەر بۆ ئەو مەبەستەش حاجی کامیل خۆی بۆ ڕابەر کاندید دەکات".

(ڕووداو) پەیوەندی بە کامیل حاجی عەلییەوە کرد، بەڵام ناوبراو تەنیا هەواڵی خۆکاندیدکردنی بۆ ڕابەری گشتی پشتڕاست کردەوە و ئامادە نەبوو زانیاری زیاتر لەبارەی ئامانجەکانی ئەو بڕیارەی ئاشکرا بکات.

هاوکات ئەنوەر عەنەبی ڕەتیکردەوە کە ئەوان باڵی نەیاری بەبنەماڵەکردنی بزووتنەوەکە بن و گوتی "نە ململانێی توندمان هەیە و نە باڵباڵێنیش هەیە، هەمووومان بزووتنەوەین، تەنیا بۆچوونی جیاوازمان هەیە کە ئەوەش بۆ هەموو حیزبێک حاڵەتێکی ئاساییە".

بە گوتەی عەنەبی، ئەندامانی بزووتنەوە نایانەوێت حیزبەکەیان بە ئاراستەی بنەماڵەییدا بڕوات و گوتی "بنەماڵەی مامۆستاش ڕازی نین کۆنگرە بەو ئاراستەیەدا بڕوات و جەنابی ڕابەری گشتیش لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا گوتوویەتی ئەگەر مامۆستا کامیل دەنگ بهێنێ، پێی ڕازییە".

شوان قەڵادزەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەش لە پەرلەمانی کوردستان کە دەگوترێ لە ڕابەرەوە نزیکە، ئەویش بوونی باڵی جیاواز لەنێو بزووتنەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "باڵباڵێنمان نییە و خۆیشم لە سیاسەتی بزووتنەوەوە نزیکم و پێموایە هەر کەسێک لە هەر ئاستێکدا بێت و بیەوێت بە ئاراستەی تەکەتول و باڵباڵێندا کار بکات، کارێکی ناعەقڵانییە و وەکو هەڵگرتنی تەورێکە بۆ ڕووخاندنی بزووتنەوە".

### "دەبێت ڕابەر ڕاوێژی زیاتر بکات"

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای چوار ساڵی ڕابردووی ڕابەری ئێستاشیان، ئەنوەر عەنەبی گوتی "لەو چوار ساڵەدا هەموو حیزبەکان بەهۆی قەیرانەکانەوە ئیشوکاریان سست بووە و بزووتنەوەش لە ئاستی تموحی خۆماندا نییە، بۆیە هەوڵ دەدەین هەر کەسێک بووە برای گەورە، ڕاوێژ بکات".

عەنەبی هەروەها گوتی "ئێستاش ڕاوێژ هەیە، بەڵام بەو ئەندازەیە نا کە پێی ڕازی بین، بۆیە مەرجمان ئەوەیە هەر کەسێک بووە برا گەورە ڕاوێژ بە سەرکردایەتی و ئەنجومەنی شوورا بکات. هەمیشە دەمانەوێت ڕای ئیسلامی بە ڕاوێژکردن بکرێت، چونکە ئەگەر شکستیشی هێنا ئەوە لە ئەستۆی تەنیا کەسێکدا نییە".

### ئیحسانی مەلا عەلی تەجمید دەکرێت

لە مانگی دوانزەی ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەی دەیلی تێلیگرافی بەریتانی بڵاوی کردەوە کە ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی کە ڕۆژنامەکە بە "بەڵێندەرێکی ملیۆنێری بواری وەبەرهێنان" ناوی هێنابوو، بە تۆمەتی لاقەکردنی کچێکی تەمەن 18 ساڵ دراوەتە دادگا، بەڵام دواتر ئیحسان تۆمەتەکەی ڕەتکردەوە.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) گوتی "بەهۆی ئەو تۆمەتەی ئاراستەی کرابوو، لە کۆبوونەوەی شووورادا کە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا بەسترا، بڕیاری دەرکردن لە بزووتنەوە بۆ ئیحسان عەلی و دوو کادیری دیکە دەرچوو، بەڵام ئیحسان عەلی گوشاری لە ڕابەر کرد بۆ ئەوەی بڕیارەکەی بۆ بکات بە تەجمید تاوەکو کۆنگرە".

گوتەبێژی بزووتنەوە لەوبارەیەوە گوتی "بڕیاری فەسڵ یاخود تەجمید بۆ هیچ ئەندام و کادیرێک دەرنەچووە، کاک ئیحسانیش تۆمەتێکی گەورەی بۆ هەڵبەسترابوو، بەڵام خۆشبەختانە بە پاکی لێی دەرچوو".

شوان قەڵادزەیی پشتڕاستی کردەوە کە ئەو بابەتە لە شوورا باسکراوە و گوتی "ئەو بابەتە لە شوورا باسکرا، بەڵام دۆسیەکە دراوەتە دەست ڕابەر و زانیاریی دیکەم لەبارەیەوە نییە".

بەڵام ئەنوەر عەنەبی پشتڕاستی کردەوە کە ئیحسان لەسەر دۆسیەکە تەجمید کراوە و گوتی "فەرمانەکە فەسڵکردن نییە، بەڵکو تەجیمدکردنی ئەو سێ ئەندامە بوو کە ئەوەش لە دەسەڵاتی ڕابەری گشتییە و ئەوانیش وەکو بنەماڵە ئەو دەنگۆیەی دادگای بەریتانیا بێتاقەتی کردن".

# پارتی لە سلێمانی خۆی ڕەشیق دەکات

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی




لقی چواری پارتی بارەگای ناوچەکانی لە حەوت ناوچەوە بۆ سێ ناوچە کەم کردووەتەوە

لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگای ناوچەکانی لە سلێمانی لە حەوت ناوچەوە بۆ سێ ناوچە کەم کردەوە، ئەوەش وەکو گۆڕانکارییەک بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هەوادارانیان. لقی 21ی ئەو حیزبەش بەنیازن هەمان کار بکەن.

لە خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا کە هێرش کرایە سەر ژمارەیەک بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ژمارەیەک بارەگایان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کرد و ژمارەیەکیشیان سووتێنران. لقی چواری پارتی لە مانگی ڕابردووەوە ژمارەی بارەگای ناوچەکانیان لە حەوت ناوچەوە بۆ سێ ناوچەکە کەم کردووەتەوە و لایەنە فەرمییەکانیشیان لەو گۆڕانکارییە ئاگادار کردووەتەوە.

دانا جەزا عەلی، کارگێڕی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشنیازی کەمکردنەوەی بارەگاکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووداوەکانی مانگی تشرینی یەکەم، بەڵام دوای ڕووداوەکان بەباش زانرا ئەو پێشنیازە بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەرز بکرێتەوە و ئەوانیش قبوڵیان کرد.

دانا گوتی "بۆ نزیکبوونەوە و خزمەتکردنی زیاتری خەڵک پێمان باش بوو بارەگاکان کەم بکەینەوە و لە مانگی ڕابردووشەوە ئەو بڕیارە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێستا تەنیا سێ بارەگامان لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و گەڕەکی سەرچنار هەن".

پارتی لە سنووری لقی چواردا و لە دوایین هەڵبژاردنی 2014دا نزیکەی 30 هەزار دەنگی هێناوە. کەمکردنەوەی بارەگاکانیشیان لەسەر بنەمای بنکەکانی هەڵبژاردن ئەنجامداوە. دانا گوتی "مەبەستمان لە دانانەوەی بارەگاکانیش لەسەر بنەمای بنکەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە تاوەکو بتوانین بە کەمترین تێچوون، زۆرترین دەنگدەر و هەوادار کۆبکەینەوە، جگە لەوەش خۆمان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە بکەین".

دانا پێشبینی کرد کە ئەو ئەزموونە لە ناوچەکانی دیکەش دووبارە بکرێتەوە.

پارتی، سێ مانگی دیکە حەفتا ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕێنێ و بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستان، یەکەمین حیزبە لە کوردستان و دوای ئەویش بزووتنەوەی گۆڕان و پاشان یەکێتی.

لقی 21ی پارتی لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە پارێزگای سلێمانی کە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی دەکات، لە دوایین هەڵبژاردندا نزیکەی 11 هەزار دەنگیان هێناوە، ئەوانیش نۆ بارەگای ناوچەیان هەیە، بەڵام دەیانەوێ لەو ژمارەیە کەمتری بکەنەوە.

فازڵ ڕەئوف، بەرپرسی لقی 21ی پارتی ئاماژەی بەوەکرد کە پێشنیازی کەمکردنەوەی بارەگاکان پەیوەندی بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانییەوە هەیە و گوتی "کەمکردنەوەکە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا باشە، ئێمەش نۆ بارەگامان هەیە و لە بەرنامەدایە بۆ چوار تاوەکو پێنج بارەگا کەمیان بکەینەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا بەنیازین لە ناوچەکانی شارباژێر، ماوەت، تاسڵوجە، بازیان، پیرەمەگروون دوکان و عەربەت بارەگا بکەینەوە".

کەمکردنەوەی بارەگاکانی ئەو لقەی پارتیش هاوشێوەی لقی چوار لەسەر بنەمای بنکەکانی هەڵبژاردن دەبێت.

ئەم بارەگا کەمکردنەوەیەش تەنیا لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی قەتیس نابێت و پارێزگاکانی دیکەش دەگرێتەوە.

ئاریان سەڵاحەدین، کارگێڕ و بەرپرسی ڕێکخستنی لقی دووی پارتی لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت کە لەلایەن حیزبەوە ڕاسپێردراون بۆ کەمکردنەوەی بارەگاکانیان و گوتی "ئێمەش لە ساڵی ڕابردووەوە سەرەتا لەبارەگای ڕێکخراوەکانەوە دەستمان بە کەمکردنەوەکە کرد، ئێستاش سەرقاڵی تاوتوێکردنی کەمکردنەوەی بارەگای ناوچەکانین بەپێی پێویست".

بەپێچەوانەی لقەکانی سلێمانییەوە، پێناچێت لقی دوو لەسەر بنەمای بنکەکانی هەڵبژاردن بارەگاکانیان کەم بکەنەوە، ئاریان گوتی "ئێمە تاوەکو ئێستا لە تاوتوێکردنداین تا بزانین بە چ شێوەیەک ئەو کەمکردنەوەیە بکەین، ئاخۆ لەسەر بنەمای جوگرافی بێت یاخود لەسەر بنەمای توێژەکان یاخود پیشەکان یاخود بنکەکانی هەڵبژاردن".

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە قەیرانی دارایی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە و کاریگەری لەسەر هەموو حیزبەکانیش داناوە. کەمکردنەوەی بارەگاکانی پارتیش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەو حیزبەدا دێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی.

ئاریان سەڵاحەدین گوتی "بەڵێ قەیرانی دارایی کاریگەریی لەسەرمان داناوە، بەڵام کەمکردنەوەی هەندێک بارەگای ڕێکخراوەکانمان پێش قەیرانەکە بووە بە ئامانجی خۆکۆکردنەوە، چونکە ئەوەی لە بارەگاکاندا کەمیان دەکەینەوە لە توانا مرۆیی و فیکرییەکان و ڕێکخستندا خەرجی دەکەین".

لقی دوانزەی هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش 11 بارەگای ناوچەی هەیە، بەڵام فازڵ بەشارەتی بەرپرسی لق، بە (ڕووداو)ی گوت کە گۆڕانکاری و کەمکردنەوەی بارەگا تائێستا تەنیا بیرۆکەیە و بڕیاری کۆتایی لەبارەوە نەدراوە".



## پێشانگایەکی خۆراک لە سلێمانی دەکرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

یاسـین ڕەحیم، جێگری سـەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسـازی سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە مەبەسـتی هاوکاریکردنی زیاتری دانیشـتووانی شاری سـلێمانی و بەبۆنەی نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزانەوە بڕیار وایە لە شـوێنی پێشـانگا نێودەوڵەتییەکە لە ناوچەی تاسڵوجە و هەفتەیەک پێش مانگی ڕەمەزان، هەفتە پێشـانگایەک بکەنەوە و گوتی "بۆ ئەو مەبەسـتەش قسـەمان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک کردووە و بەڵێنیان داوە نرخەکان بەجۆرێک دابشکێنن زیاتر وەکو نرخی کۆ بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زیاتر سوودمەند لە کڕینی پێداویستییەکان".

# کارگەیەکی پێکەوەنانی تراکتۆر لە کوردستان دادەمەزرێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

کۆمپانیایەکـی خۆماڵـی، بـۆ یەکەمجـار لە کوردسـتان کارگەیەکی پێکەوەنانـی تراکتۆر لە دهۆک دادەمەزرێنێ.

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، زیاتر لە 16 هـەزار و 300 تراکتـۆر لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هـەن. ئەم ژمارەیـەش بەراورد بە زەوییە کشـتوکاڵییەکانی کوردسـتان زۆرە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا سـاڵ بەسـاڵ هاوردەکردنـی تراکتـۆر بۆ کوردسـتان لەزیادبووندایە.

بەکارهێنانـی ئامێری تراکتۆر بەشـێوەیەکی فراوان لە عێراق و کوردسـتان مێژوویەکی درێژی نییە، لە سـاڵانی حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوودا حکومەتـی عێـراق کارگەیەکـی پێکەوەنانـی تراکتـۆری چیکی لە جـۆری (زیتـۆر عەنتەر) دامەزرانـد. ڕێگەشـی بەهاوردەکردنی تراکتۆر لە جۆرەکانی ماسـی فیرگەسـۆن و فیات و هەندێ جۆری دیکە دا، بۆیە زۆربەی تراکتۆرەکانی عێراق لەم جۆرانەن.

حەسـەن حوسـێن، بەڕێوەبـەری ئامێـرە کشـتوکاڵییەکان لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵا و سـەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئەم ژمارە تراکتۆرەی لەکوردسـتان هەن بـەراورد بە ڕووبـەری زەوییە کشـتوکاڵییەکانی کوردسـتان ژمارەیەکی زۆرە، بەڵام بەشی زۆری تراکتۆرەکان بەهۆی کۆنبوویان توانای کارکردنیان نەماوە، بۆیە پێویسـتمان بە تراکتۆری تازە هەیە".

لەسـاڵی 1989 تاوەکـو 2003 حکومەتـی عێـراق ڕێگەی نـەداوە هیچ تراکتۆرێـک هاوردە بکرێت، بەڵام لەدوای پرۆسـەی ئازادیی عێراقەوە کۆمپانیاکان دەسـتیان بـە هاوردەکردنی ئامێرە کشتوکاڵییەکان کردەوە.



16 هەزار و 300 تراکتۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەن

بەگوتـەی حەسـەن حوسـێن، کۆمپانیـاکان سەرەتا تەنیا بەدوای قازانجەوە بوون، بۆیە دەیان جـۆری تراکتۆری کواڵیتی خراپیان بەبێ هێنانی پارچەی یەدەگ هاوردەی کوردستان کرد، ئەمەش وایکرد دوای ماوەیەک گرفت بۆ جووتیاران دروست بێت. حەسەن حوسـێن دەڵێت "بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی جووتیاران لەساڵی 2009 وەزارەتی کشـتوکاڵ لـە چوارچێوەی قەرزی کشـتوکاڵیدا لەگـەڵ هەندێ کۆمپانیا ڕێککـەوت کە تراکتۆری کواڵیتی باش هاوردەی کوردسـتان بکەن، ئەمە وای لـە کۆمپانیـاکان کـرد بـۆ لەدەسـتنەدانی فرۆشـیان بیر لـە هێنانی تراکتـۆری جۆراوجۆر بکەنەوە".

کۆمپانیـای ئەنـوەر ئەتروشـی یەکێکـە لەو کۆمپانیایانـەی لەنێـوان سـاڵانی 2009 تاوەکو 2012 زیاتـر لە 400 تراکتـۆری لەجۆری فیاتی ئیتاڵـی لەسـەر داوای وەزارەتـی کشـتوکاڵ لە تورکیاوە هاوردەی کوردستان کردووە و لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵی بە جووتیارانی فرۆشتووە، دوای سـەرکەوتنیش لـەم کارە، کۆمپانیاکە بیرۆکەی دامەزراندنی کارگەیەکی لا گەڵاڵە بوو.

ئەنـوەر ئەتروشـی، بەڕێوەبـەری گشـتیی کۆمپانیاکـە بـۆ هاوردەکردنـی ئامێـرە کشـتوکاڵییەکان دەڵێت "بۆ هێنانی تراکتۆر زۆر کارگەی بەرهەمهێنانی تراکتۆر لە تورکیا و ئیتاڵیا و هەنـدێ وڵاتـی دیکـەی ئەوروپی گـەڕام، بۆم دەرکەوت کە دەکرێـت لەجیاتی هێنانی تراکتۆر بەنرخی گران، خۆمان کارگەیەکی دروسـتکردنی تراکتۆر لە کوردستان دابمەزرێنین".

ئەنور ئەتروشـی، بۆ وەرگرتنـی وەکالەت و دامەزراندنـی کارگەیەکی دروسـتکردنی تراکتۆر لە کوردسـتان پەیوەنـدی بەکۆمپانیـای فیاتی ئیتاڵییـەوە دەکات، بـەڵام بـە بیانـووی ئەوەی کوردسـتان دەوڵەت نییـە، ڕازی نابن دیزاینێکی تایبەتی فیات ببەخشنە کۆمپانیاکەی ئەترۆشی، بەڵکو پێشـنیازی بـۆ دەکەن ببێتە هاوبەشـی کۆمپانیاکەیان لە تورکیا.

ئەنـور ئەتروشـی دەڵێت "پێشـتر ئێمە 400 تراکتـۆری فیاتمـان لـە تورکیـا کڕیبـوو، بۆیە بەرپرسانی کۆمپانیا تورکییەکە لەساڵی 2012دا ڕازی بوون بەهاوبەشـیی لەگەڵ ئێمە کارگەیەک لە کوردستان دابمەزرێنن و هەمان دیزانی خۆیان بەئێمـە ببەخشـن، بـەڵام بەهـۆی دواکەوتنـی دابینکردنی زەوی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، کۆمپانیاکە کشایەوە".

لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ڕابـردوودا وەزارەتـی کشـتوکاڵ لـە ناوچـەی نێـوان سـێمێل و زاخۆ ڕووبـەری 22 دۆنم زەوی بۆ کۆمپانیاکەی ئەنوەر ئەتروشـی دابین کرد و ئێسـتا ژێرخانی کارگەکە لەکۆتایی نزیکە و وا بڕیارە لە سـەرەتای نیسانی ساڵی داهاتوودا بەرهەم بخاتە بازاڕەوە.

ئەنـوەر ئەتروشـی دەڵێـت "کەلوپەلی 500 تراکتـۆرم لە کۆمپانیـای فیاتی تورکیـا کڕیوە، بەدیزاینی تایبەت بە کۆمپانیاکەم بەناوی (دهۆک تراکتۆر) لە سـەرەتای نیسانی سـاڵی داهاتوودا ڕۆژانـە 16 تراکتۆر بە 30% کەمتر لە نرخی بازاڕ دەخەمە بازاڕەکانی کوردستانەوە".

ئەنـوەر ئەتروشـی گوتیشـی "جگـە لـە دروسـتکردنی تراکتـۆر و دابینکردنـی پارچـەی یەدەگ، لە کارگەکەدا هەموو پاشـکۆکانی دیکەی تراکتـۆر بەدیزاینـی تایبـەت بەخۆمان دروسـت دەکەیـن، بـۆ فرۆشتنیشـی لەهـەر پارێزگایەک وەکالەت دەبەخشینە کەسێک و پێشەنگایەکیش بۆ فرۆشـتنی پارچەی یـەدەگ و خزمەتگوزاریی چاککردنەوە دادەنێین".

لە بەرامبەر دابینکردنـی زەوی بۆ کارگەکەی، وەزارەتـی کشـتوکاڵ لەگەڵ خـاوەن کۆمپانیاکە ڕێککەوتـووە کـە تراکتـۆر بـە قیسـت و بـێ زیادەخستنەسەر بە جوتیاران بفرۆشێت.

ئەنوەر ئەتروشـی دەڵێت "هەر جوتیارێک 25 دۆنـم زەوی هەبێـت و کشـتوکاڵی پارێزگاکـەی پاڵپشـتی بـکات، ئێمـە تراکتـۆری بە قیسـت پێدەفرۆشـین و پێشـەکی 40%ی نرخـی لێوەردەگرین و 60%ەکەی دیکەشی بەقیستی سێ ساڵ لێوەردەگرین".

زۆربـەی ئـەو تراکتۆرانەی پێشـتر هـاوردەی کوردسـتان کراون توانای مەکینەکەیان 80 تا 90 ئەسپ بووە، بەڵام لەچەند ساڵی دوایی تراکتۆری توانـا بەرز هاوردەی کوردسـتان کراون و ئێسـتا هەنـدێ جووتیار تراکتۆری تا 150 ئەسپیشـیان هەیە.

لەبارەی توانای ئەو تراکتۆرانەی کۆمپانیاکەیان دروستی دەکات، ئەنوەر ئەتروشی گوتی "توانای تراکتۆرەکانمان لە25 ئەسپەوە دەست پێدەکات تاوەکـو دەگاتە 95 ئەسـپ، ئەگەر خواسـتیش هەبێت دەتوانین جۆری بەرزتریش دروست بکەین".

بەڕێوەبـەری ئامێرە کشـتوکاڵییەکان دەڵێت ئـەو تراکتۆرانەی کۆمپانیاکە دروسـتیان دەکات هاوشـێوەی ئەو تراکتۆرە فیاتانەیە کە حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکان هێناویەتی، بۆیە زۆر گونجاون بۆ خاک و کەشوهەوای کوردستان.

سـەبارەت بەپێویسـتیی سـاڵانەی هەرێمـی کوردستانیش بە تراکتۆر، حەسەن حوسێن دەڵێت "ساڵانە تەنیا بۆ جێگرەوەی تراکتۆرە کۆن و لەکار کەوتووەکان لەهەر پارێزگایەک پێویستمان بە 100 تاوەکو 150 تراکتۆری تازە هەیە".

بەهۆی ئەو جووڵە کشتوکاڵییەی لە پارێزگای سلێمانی هەیە، خواستی خەڵک بۆ کڕینی تراکتۆر لـەو پارێزگایـە زیاتـرە لـە پارێزگاکانـی دیکە، ئێسـتا 8031 تراکتۆر لەو پارێزگایەدا هەن، ئەم ژمارەیەش نزیکەی نیوەی کۆی ژمارەی تراکتۆرە لە کوردستان.

عومـەر عەلـی، بەڕێوەبـەری خزمەتگوزاریی کشـتوکاڵی لـە پارێزگای سـلێمانی دەڵێت "ئەو ژمارە تراکتۆرەی لە سلێمانی هەیە بە بەراورد بە پێداویستیی سـلێمانی بۆ تراکتۆر کەمە، چونکە بەشێکیان کۆن و لەکارکەوتوون و پێویستمان بە تراکتۆری تازە هەیە".

عومەر عەلی گوتیشی "هەرچەندە لە سنووری پارێزگای سـلێمانی زیاتر تراکتۆری فیرگەسـۆن خواسـتی لەسـەرە، بەڵام ئەگـەر تراکتۆرەکانی ئـەم کارگەیـە کواڵیتییـان باش بێـت و بنکەی خزمەتگـوزاری و پێشـەنگای پارچـەی یـەدەگ بکاتەوە، لەوانەیە جووتیاران بیکڕن".

## زیانی ملیۆنان دۆلاریان لە زەویی کشتوکاڵی و پرۆژە ئاودێرییەکان داوە

# کارگەکانی چەو و لم کێشە لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دروست دەکەن

### 224 کارگەی چەو و لم بەزێدەڕۆیی لەسەر ڕووبارەکان دامەزراون

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسـێکی وەزارەتـی کشـتوکاڵ دەڵێت ئەگەر سنوورێک بۆ زێدەڕۆیی کارگەکانی چەو و لم لەسـەر ڕووبار و چەمـەکان دانەنرێت، لە داهاتوودا بەشێکی زۆری زەوییە بەراوەکان دەبنە دێمی. بەهۆی گۆڕینی ئاراستەی ڕووبارەکانیش، تورکیا هۆشداری داوەتە هەرێمی کوردستان.

بەپێی بەدواداچوونی وەزارەتی کشـوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 224 کارگەی بەرهەمهێنانی چەو و لم بەزێدەڕۆیی لەسـەر باشـترین زەوی کشتوکاڵی و شوێنە قەدەغەکراوەکانی ڕووبار و زێیەکان دروستکراون و زیانی ملیۆنان دۆلاریان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان داوە.

د.ئەنـوەر عومـەر، بەڕێوەبـەری گشـتی پـلان و بەدواداچوونی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "کارگە زێدەڕۆکانی بەرهەمهێنانی چەو و لم، زیانی ملیۆنان دۆلاریان لـە پـرۆژە ئاودێرییەکان و زەویی کشـتوکاڵی لە قـەراخ ڕووبـارەکان داوە، بەهـۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانیش زیانی زۆریان بە کەناڵە ئاودێرییەکانی جووتیاران گەیاندووە".

د.ئەنـوەر نموونـە بـە پـرۆژەی ئاودێریی خەبات دێنێتـەوە و دەڵێت "پرۆژەی ئاودێریی خەبـات کـە زیاتـر لە 38 هـەزار دۆنـم زەوی بـەراو دەکات، بەزێدەڕۆیی چەند مەقلەعێکیان لەبـەردەم پرۆژەکـە دروسـتکردووە، تـەواوی پڕۆژەکەیان تێکداوە و بۆ چاککردنەوەشی زیاتر لـە 200 ملیۆن دۆلار پێویسـتە، بـەو هۆیەوە پڕۆژەکە 80%ی سوودەکەی لەدەستداوە".

بەهـۆی زیـان و کاریگەرییـە خراپەکانـی ئەو مەقلەعانە لەسـەر پـرۆژە ئاودێرییەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە پلەبەندیی زێدەڕۆییەکاندا ئـەو مەقلەعانـەی لە پلەی یەکـەم داناوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتـەوە لێژنەیەکی باڵا لە چوار وەزارەت، بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی حکومەت و بـۆ لابردنی ئەم زێدەڕۆییانە دانرا. بـەڵام وەک د.ئەنـوەر عومـەر دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و هێرشـەکانی داعش بۆ سـەر خاکی کوردستان، کارەکانی لێژنەکە وەستان".

بەپێی یاسـای وەبەرهێنانی کانزایی ژمارە 91 ی سـاڵی 1988، بەخشـینی مۆڵەتـی دامەزراندنی ئەم کارگانە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسـەڵاتی وەزارەتی سـامانە سروشتییەکان، بەڵام لە پارێزگاکانیش مۆڵەت بە دروستکردنی ئەم کارگانە دەدرێت.

لـە یاسـاکەدا چەند مەرجێک بـۆ پێدانی مۆڵەتی دروسـتکردنی ئـەم کارگانە لە کەنار ڕووبارەکان دیاری کراون، بۆ نموونە نابێت ئەم کارگانە لە نزیک گۆڕستان، شوێنەوار، شوێنە پیرۆزەکان، زەویی کشـتوکاڵی و دارسـتان، پرۆژەکانـی ئاودێـری و بەنـداوەکان دروسـت بکرێن. تەنانەت مەرجی ئەوە دانراوە کە دەبێت ئەم کارگانـە کیلۆمەترێک لەڕێگای گشـتی و هێڵی سـەرەکیی کارەبا، 1500 مەتر لە پرد و 500 مەتر لە بۆڕیی نەوت دوور بن.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "سەرجەم ئەو 224 کارگەیـەی زێدەڕۆییان کـردووە، لەنێو زەویی کشتوکاڵی و نزیک پڕۆژە ئاودێرییەکان و شوێنە قەدەغەکراوەنی ڕووبارەکان دروستکراون".

دروسـتکردنی ئـەو کارگانـە بـە زێدەڕۆیی جگـە لەوەی زیانیان بە زەوییە کشـتوکاڵی و پـرۆژە ئاودێرییـەکان گەیاندووە، بەشـێکیان بوونەتە هـۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانیش، بەم هۆیەشـەوە زیانی زۆریـان بە ڕەز و باخ و کێڵگەی کشـتوکاڵیی جووتیاران گەیاندووە و بوونەتە هۆی پیسـبوونی ژینگـە و دابەزاندنی کواڵیتـی ئاوی ئـەو پرۆژانەی لەسـەر ڕووبـارەکان بـۆ دابینکردنی ئاوی شـارەکان دروستکراون.

محەممـەد ئەمیـن فـارس، بەڕێوەبـەری گشـتیی سـەرچاوەکانی ئـاو لـە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت "ئەو کارگانە کێشەی سنووریشـیان لەنێوان ئێمـە و تورکیا و ئێران دروسـتکردووە، چونکە بەشـێک لە کارگەکان لەسـەر ئەو ڕووبارانە دروستکراون کە سنووری نێودەوڵەتیی عێراق و تورکیا و ئێران پێکدەهێنن، بوونەتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکان، بۆیە تورکیا هۆشـداریی بەئێمە داوە و چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیشـمان بۆ چارەسەری ئەم گرفتە کردووە".

محەممەد ئەمین فارس کە نوێنەری هەرێمی کوردسـتان و عێراقە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە لەگـەڵ تورکیا و ئێران، دەڵێت "تورکیا بەهۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبـاری خابوور بەتایبەت لە هێڵی تالوک سـکاڵای ئـەوەی هەیە کە زەویی خاکـی تورکیا هاتووەتە سـەر خاکـی عێراق، بۆیـە ئەگەر حکومەت سـنوورێک بۆ زێدەڕۆیی ئـەو کارگانە دانەنێت، لەوانەیە لـە داهاتـوودا بەهۆیانـەوە کێشەی سنووری لە نێوانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دروسـت ببێت". مەقلەعە زێدەڕۆکان دوو جـۆرن: جۆرێکیـان لـە نێـو پارچـە زەویی کشـتوکاڵی نزیک کەنـاری ڕووبارەکان دروسـت دەکرێـن، جۆرێکـی دیکەشـیان لـە شـوێنە قەدەغەکراوەکانـی زێ و ڕووبـارەکان دروستکراون.

ئیخڵاس جەبار عەلی، بەڕێوەبەری ئاودێریی سلێمانی بەوەکالەت کە بەدواداچوون بۆ زیانی کارگـە زێدەڕۆکانـی چـەو و لـم لە سـنووری پارێزگای سلێمانی دەکات، دەڵێت "ئەو کارگانە زیانێکـی زۆر گەورەیان بـە ژینگە گەیاندووە و بوونەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان، بەم هۆیەشـەوە بە سـەتان کەناڵـی بچووکی ئاودێریـی جووتیاران وشـک بـوون، یان وەک پێویست ئاویان بۆ ناچێت".

ئیخڵاس جەبار عەلی گوتیشی "خاوەنی ئەم کارگانـە زۆر بـێ بـاک و بێبەزەییانە ژینگەی ناوچەکە دەشـێوێنن، بەدەیان چاڵ و گردۆڵکە لە شوێنەکە جێدەهێڵن کە زۆرجار بەو هۆیەوە ئاراسـتەی سروشـتیی چـەم و ڕووبـارەکان دەگۆڕێت و زیان بە گوندنشـینان و جووتیاران دەگەیێنێ".

ئیخڵاس جەبار، هۆشداری دەدات کە ئەگەر سـنوورێک بۆ ئەو کارگـە زێدەڕۆیانە دانەنرێت بەشێکی زۆر لە زەوییە بەراوەکانی نزیک ڕووبار و چەمـەکان بەتێپەڕبوونـی کات دەبنە زەویی دێمی و تایبەتمەندیی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئیخـلاس نموونە بە پڕۆژەیەکـی ئاودێری لـە ڕانیـە دێنێتەوە و دەڵێت "لـە نزیک ڕانیە پڕۆژەیەکـی ئاودێریمان جێبەجێکـرد بەهۆی کاریگـەری ئـەم کارگانـە بۆ دابەزینـی ئاوی ناوچەکـە بەناچاری بەسـەتان مەتـر حەوزی پـرۆژە ئاودێرییەکەمان درێـژ کردەوە تەنیا بۆ ئەوەی ئاوی ڕووبارەکـە بگاتـە زەوییە کشتوکاڵییەکە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# داهاتی نەوتی کوردستان لە چوار مانگی ڕابردوودا ملیارێک و 887 ملیۆن دۆلار بووە

بیلال سەعید
ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا لە 2016/1/1 تاوەکو 2016/4/30 ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان- تورکیاوە گەیشتووەتە 54 ملیۆن و 224 هەزار و 104 بەرمیل، کۆی گشتیی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستانیش ملیارێک و 887 ملیۆن و 551 هەزار و 511 دۆلار بووە.

زۆرترین ئاستی هەناردەی نەوت لە مانگی کانوونی دووەم تۆمارکراوە کە بڕەکەی 18 ملیۆن و 656 هەزار و 131 بەرمیل نەوت بووە، کەمترین ئاستی هەناردەی نەوتیش لە مانگی ئادار بووە کە بڕەکەی 10 ملیۆن و 148هەزار و 487 بەرمیل بووە. ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم ڕۆژانە لەمانگی کانوونی دووەم زۆرترین بووە کە ڕۆژانە بەتێکرایی گەیشتووەتە 601 هەزار و 811 بەرمیل نەوت، بەڵام کەمترینی لە مانگی ئادار بووە کە تێکرای ڕۆژانە 327 هەزار و 371 بەرمیل نەوت بووە لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 26 ڕۆژ و 7 کاژێر لە ڕێگەی بۆرییەوە تووشی گرفت بووە. زۆرترین ماوەی ڕاوەستانی هەناردەی نەوت لە مانگی شوبات بووە کە 13 ڕۆژ بووە، بەڵام مانگی نیسان باشترین مانگ بووە بۆ هەناردەی نەوت، چونکە تەنیا بۆ ماوەی 7ی کاژێر هەناردەی نەوت ڕاگیراوە.

لە ڕوونکردنەوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشتر ئاماژە بەوەکراوە کە هێرشی گروپە جیاوازەکان بۆ سەر بۆرییەکان لە نێو خاکی تورکیادا و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی مانگەکانی ڕابردوو لە باکووری کوردستان لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا هۆکاری وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە.

ڕاوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەپێی مانگەکان بەو جۆرە بووە: مانگی کانوونی دووەم: یەک ڕۆژ. مانگی شوبات: 13 ڕۆژ، مانگی ئادار: 12 ڕۆژ و مامگی نیسانیش 7 کاژێر.

ڕۆژانە لە بەندەری جەیهانی تورکی کەشتییە بارهەڵگرەکان نەوتی بەندەرەکە بۆ بازارەکانی جیهان دەگوازنەوە، نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆرییەوە لەناو بەندەرەکە کە عەمبار دەکرێت ڕۆژانە بە ڕێگەی کەشتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ بازاری جیهانی، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوو 61 باری نەوتی کوردستان لە بەندەرەکەوە گواستراوەتەوە بۆ بازاری جیهانی نەوت کە بەم شێوەیە بووە: کانوونی دووەم: 21 بار. شوبات: 13 بار، ئادار: 10 بار و نیسان: 17 بار. بەپشت بەستن بەژمارە و داتاکانی پەیوەندار بە هەناردەی نەوت لە مانگی کانوونی دووەم، هەناردەی نەوت لە مانگی شوبات بە ڕێژەی 48% کەم بووەتەوە، بەڵام لە مانگی ئادار ئاستەکە بۆ 46% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، لەمانگی نیسان هەناردەی نەوت نزیکبووەتەوە لە ئاساییبوونەوە و کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت گەیشتووەتە 15%. واتە بەرزبوونەوەی هەناردەی نەوت لە مانگی نیسان لە چاو مانگی ئادار بەرێژەی 31% بووە.

لە مانگی نیسان ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان بڕەکەی 15 ملیۆن و 267 هەزار و 542 بەرمیل بووە، واتە تێکرا ڕۆژانە 511.888 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەکراوە، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو لە مانگی نیساندا هەناردەی نەوت 16 ملیۆن و 878 هەزار و 985 بەرمیل بووە، واتە تێکڕا 562،633 بەرمیلی ڕۆژانە لە ڕێی هێڵی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جەیهان کراوە. بەو پێیە دەردەکەوێ لە مانگی ڕابردوو هەناردەی نەوت لە چاو مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو کەمبوونەوەی بەخۆییەوە بینیوە بە ئەندازەی 50 هەزار و 745 بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

لە ساڵانی ڕابردوو بڵاونەکردنەوەی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێو ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەکەموکورتییەکانی ڕاپۆرتەکە ئەژماردەکرا، بەڵام لە چوار مانگی ڕابردوودا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوت، داهاتی نەوتی کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە.

زۆرترین داهاتی بەدەستهاتوو لە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەم بووە کە بڕەکەی 650 ملیۆن دۆلار بووە، ئەویش لەبەرئەوە بووە کە زۆرترین نەوت لەو مانگەدا هەناردەکراوە، بەڵام کەمترین داهاتی نەوت لە مانگی شوبات بووە کە بڕەکەی 303 ملیۆن و 943 هەزار و 433 دۆلار بووە.


کۆی گشتی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوو 54 ملیۆن و 224 هەزار و 104 بەرمیل نەوت بووە، کۆی گشتی داهاتەکەشی لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا ملیارێک و 887 ملیۆن و 551هەزار و 511دۆلار بووە.


تیبینی: لە مانگی سێ 135.000.000 ملیۆن دۆلار قەرزی پیشترە گەڕێنراوەتەوە بۆ هەرێم

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی مانگی ئەیلولی ساڵی 2015 بەدواوە دەستی کردووە بەتەرخانکردنی بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتەی کە ڕاستەوخۆ دەیفرۆشێ بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان نەوت بەرهەم دەهێنن.

لەماوەی چوار مانگی ڕابردوو کۆمپانیا نیودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی دابینکردنی شایستە داراییەکانیان لە پای دەرهێنانی نەوت، بڕی 240 ملیۆن و 843 هەزارو 511 دۆلاریان لە داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. زۆرترین شایستەی داراییان لە مانگی کانوونی دووەم وەرگرتووە کە بڕەکەی 75ملیۆن دۆلار بووە و و کەمترینیش لە مانگی ئادار بووە کە 36 ملیۆن دۆلار بووە. لە مانگی شوباتدا زیاتر لە 70 ملیۆن دۆلار، لە نیساندا زیاتر لە 58 ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە.






# لادانی وەزیری نەوتی سعودیە کاریگەریی خراپ لەسەر ئۆپێک دادەنێ



ڕووداو- Wall Street Journa

هەفتەی ڕابردوو عەلی نعێمی، وەزیری پێشووی نەوتی سعودیە لەسەر کار لادرا و لە شوێنی ئەو خالید ئەلفالیح لەو پۆستە دانرا. شارەزایان و بەرپرسانی ئۆپێک پێیانوایە ئەم گۆڕانکارییە تەنیا کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی نەوتی سعودیە نابێت، بەڵکو لە هەموو ئۆپێکدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

نعێمی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە وەزیری نەوتی سعودیە و هێزێکی بڕیاردەری بازاڕەکانی نەوت بوو کە لەلایەکەوە دەبووایە ڕکابەریی ئێران بکات و لەلایەکی دیکەشەوە چاوی لەسەر ڕکابەرەکانی دیکەی ناو ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) بێت.

لادانی نعێمیی تەمەن 80 ساڵ، لە چوارچێوەی پلانی محەممەد بن سەلمان، وەلی وەلیعەهدی سعودیەدا دێت. بەپێی پلانەکەش ئابووریی سعودیە دوای 15 ساڵی دیکە چیدی وابەستەی داهاتی نەوت نابێت؟

نعێمی لە تەمەنی 12 ساڵییەوە هاتووەتە ناو کۆمپانیای نەوتی سعودیە (ئارامکۆ)، دواتریش بۆ خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر ڕووی لە ئەمریکا کردووە، پاش گەڕانەوەشی لە پۆستە جیاجیاکانی ئەم کۆمپانیا زەبەلاحەدا کاری کردووە. دواجار لە 1995 و لەسەردەمی مەلیک فەهد بن عەبدولعەزیز، پاشای پێشووی سعودیە پۆستی وەزیری نەوتی پێدرا. کاتێک نعێمی وەزارەتی نەوتی لە هیشام نازر وەرگرت، نرخی نەوت لە نێوان 16 بۆ 18 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک یاریی دەکرد. ئەوکات ئۆپێک 43%ی کۆی نەوتی جیهانی دابین دەکرد. ئێستاش کە لەسەر کار لادراوە، نرخی نەوت لە دەوروبەری 45 دۆلار یاری دەکات و ئۆپێکیش تەنیا یەک لەسەر سێی پێویستییەکانی بازاڕی نەوتی جیهان دابین دەکات.

سەداد ئەلحوسێنی، ڕاوێژکاری کاروباری وزە و بەرپرسی پێشووی گەڕان و پەرەپێدان لە ئارامکۆ سەبارەت بە نعێمی ڕایگەیاند "لە ساتەوەختە هەرە سەختەکاندا متمانە، ئاسایش و سەقامگیری بە پیشەسازی و بازاڕی نەوت دابوو". ئەگەرچی نعێمی بە ئەندازیاری بیرۆکەی "نەوتی هەرزان" ناسراوە، بەڵام ئەلحوسێنی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی وەزیری پێشووی نەوتی سعودیە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەم شکانەدا نەبووە، لەبەر ئەوەی "بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی شەیڵی ئەمریکا لە ماوەی 8 ساڵی ڕابردوودا پشتی ئەلنعێمی و ئۆپێکی شکاندبوو، ئەمە شتێک بوو کە بەڕێز نعێمی نەیدەتوانی هیچی لەگەڵ بکات."

پێشتر لە کۆتایی نەوەتەکاندا ئەلنعێمی لە ڕێگەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ تاران توانی قەیرانی نرخی نەوت چارەسەر بکات، لە کاتێکدا هەردوو وڵات ڕازی بوون بەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەیان دابەزێنن بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە خوار 10 دۆلارەوە بۆ هەرمیلێک جارێکی دیکە بەرز ببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە کاتی جەنگی عێراق و مەترسییەکانی سەر کێڵگە نەوتییەکانی عێراق، سعودیە ئامادە بوو قەرەبووی ئەو کەموکوڕییە بکاتەوە کە بەهۆی کشانەوەی کاتیی عێراق لە کەرتی بەرهەمهێنان، دروست بوو.

بەڵام لە 2014ەوە بەختی نعێمی گۆڕانی بەسەردا هات، لەلایەکەوە نرخی نەوت ئاراستەی دابەزینی وەرگرت، لەلایەکی دیکەشەوە شا عەبدوڵڵا، پاڵپشتی سەرەکی ئەلنعێمی، لە 2015دا کۆچی دوایی کرد، ئەمە جگە لەوەی دەرکەوتنی محەممەد بن سەلمان و پلانە زەبەلاحەکەی بە کردەوە دەسەڵاتی ئەلنعێمی کاڵ کردبووەوە.

نموونەی زەقی ئەم بێدەسەڵاتییەی وەزیری نەوتی سعودیەش لە کۆبوونەوەکەی مانگی پێشووی دەوحەدا بینرا، بەگوێرەی بەرپرسانی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە، زۆربەی بڕیارەکان لەلایەن بن سەلمانەوە بۆ نعێمی دەنێردران و نعێمی خۆی هیچکارە بووە. هەر ئەمەش وایکرد کۆبوونەوەکەی قەتەر بێ هیچ ئەنجامێک کۆتایی بێت. پێشتر عەلی ئەلنعێمی ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی ئامادەیە ئاستی بەرهەمهێنان سڕ بکات ئەگەر وڵاتانی دیکەش هەمان بڕیار بدەن.

لەسەرکارلادانی نعێمی وادەکات دەسەڵاتی خێزانی شاهانە بە تەواوەتی دەست بەسەر کەرتی نەوتی سعودیەدا بگرن، بەبۆچوونی بەرپرسانی ئۆپێک ئەمە وادەکات ڕێککەوتن لەسەر سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆبوونەوەکەی 2ی حوزەیرانی ئۆپێکدا سەختتر بێت.

جۆن هاڵ، بەرپرسی کۆمپانیای ئاڵفا ئەنەرجی و چاودێرێکی لەمێژینەی ئۆپێک لە بارەی کاریگەریی لادانی نعێمی لەسەر ئۆپێک گوتی "هەم نعێمی و هەمیش ئۆپێک یەکدییان باش دەناسی، گۆڕینی ئەو بۆ وەزیرێکی دیکە کێشەی نوێ بۆ وەزیرەکانی دیکەی ئۆپێک دروست دەکات. تێگەیشتن لە پلان و نەخشەکانی وەزیری نوێ کاتی زۆری پێویستە".

کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە وەزیری نوێی نەوت و سەرچاوە کانزاییەکانی سعودیە، ئەگەرچی ئەزموونێکی زۆری لە بەرپرسیارێتی ئارامکۆدا هەیە، بەڵام لە کۆبوونەوەکانی ئۆپێکدا بەشداریی نەکردووە. بەڵام نعێمی لەگەڵ ئەوەی شارەزاییەکی باشی لە یارییەکانی بازاڕی نەوتدا هەیە، دیپلۆماتکارێکی باشیشە و لە ماوەی وەزیرێتی خۆیدا جۆرێک لە پەیوەندی دروستکردووە کە پێناچێت بەم زووانە خالید ئەلفالیح بتوانێت دروستی بکات.

لە کاروباری دیپلۆماتیکدا، یەک لەوانەش دیپلۆماسیی نەوت، یەکترناسینی پێشوەختی دیپلۆماتکاران ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە گەیشتنە ڕێککەوتن. ئەوەی وایکردووە سعودیە وەکوو سەرکردەی دیفاکتۆی ئۆپێکی لێبێت تەنیا ئەوە نییە کە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوتی ناو ئەو ڕێکخراوەیە، بەڵکو بەشێکی بۆ ئەزموونی 20 ساڵەی ئەلنعێمی لەو پۆستە دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە چاوەڕێ ناکرێت ئەو دەسەڵاتە سیمبولێکەی ئەلنعێمی لە ئۆپێکدا هەیبووە، ئەلفالیح بتوانێت وا زوو بەدەستی بهێنێت.

بەرپرسێکی ئۆپێک کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، پێیوایە دوای لەسەرکارلادانی نعێمی یەکێتی ئۆپێکیش ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە، لە کاتێکدا "ئەستەمە جارێکی دیکە ئۆپێک وەزیرێکی نەوت بەخۆیەوە ببینێت کە ئەو قورساییەی ئەلنعێمی هەبێت، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی لەمەودوا بڕیارەکانی نەوتی سعودیە دەکەوێتە دەستی وەلی وەلیعەهد".

ئەلفالیح ڕاوێژکارێکی نزیک لە بن سەلمان بووە، پێشدەچێت بۆچوونەکانی ئەو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووبێت لە پلانە نوێیەکەی وەلی وەلیعەهدە 30 ساڵانەکەی سعودیە، بەڵام وەکوو جیمی وێبستەر، شرۆڤەکاری کەرتی وزە دەڵێت "پێناچێت ئەلفالیح بتوانێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەو سیاسەتە نەوتییەدا بکات کە وەزیری پێش خۆی دایناوە".

ڕۆبن میلز، شرۆڤەکاری بواری نەوت لە کۆمپانیای قەمەر ئەنەرجی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جارێ دیار نییە دەسەڵاتی بن سەلمان لە کەرتی نەوت هەتا چ ئاستێک دەبێت و ئەو بڕیارەش هەتا چەندە لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئۆپێکدا هاوتەریب دەبێتەوە. میلز ئەوەشی خستەڕوو کە "ئەگەر چانسی ڕێککەوتنێک لەسەر سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هەبێت، زۆربەی ئەندامانی ئۆپێک پێشوازی لێدەکەن. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە پێویستی بە هەواڵی دڵخۆشکەرە لە ئێرانەوە، هەرچەندە دەبێت بزانین بن سەلمان و وەزیری نوێی نەوتی ئێران هەتا چەندە ئامادەن پێشوازی لەو هەڵوێستەی ئێران بکەن، ئەمەیان لە چەند مانگی داهاتوودا دەردەکەوێت".

روانگەیەکی ئەمریکی..

# 2021 وادەی سەربەخۆیی کوردستانە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)



**رۆبێرت فۆرد***

کاتێک باراک ئۆباما، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان، لە کانوونی دووەمی 2017دا کۆشکی سپی جێدەهێڵێت، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هێندەی دی بچووک بوونەتەوە، چەکدارانی ئەم گرووپە تەنیا چەند ناوچەیەکی دابڕاویان لەژێر دەستدا دەمێنێ، رەنگە ئەو ناوچانەش لە دەوروبەری مووسڵ بن. ئیدارەی ئۆباما هەر هیچ نەبێت دەکرێت دڵیان بەوە خۆش بێت کە لەسایەی هەنگاوەکانی ئەواندا سەرچاوەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وشک بوون و بە یارمەتیی ئەمریکاش هێزە سەربازییەکان توانییان زۆر ناوچە لە داعش وەربگرنەوە.

بەڵام دیسانیش ناکرێت عێراق بە سەرکەوتنێک بۆ ئیدارەی ئەمریکی لەقەڵەم بدەین، هەر هیچ نەبێت وەها دەرنەچوو کە ئۆباما لە کاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی لە 2009 ئاواتی بۆ خواست. هێزە ئەمنییەکانی عێراق رووبەڕووی هێرشی سەختی داعش دەبنەوە، ئەمەش تەحەدایەکی ئەمنی زۆر گەورەترە لەو تەحەدایانەی لەنێوان 2009 بۆ 2010 رووبەڕووی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەبووەوە. ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی کارێکی سەختی لەپێشە، لە کاتێکدا کورد هەوڵی سەربەخۆیی دەدات و حکومەتی نیشتمانیی عێراقیش بەهۆی سەختیی رەوشی ئابووری و تەحەداکانی بەردەم حکومەتە لۆکاڵییەکان ناتوانێت یەکێتیی خۆی بپارێزێ. ئەگەر ئیدارەی نوێی ئەمریکا هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانیی لە عێراق نەدات، بەتایبەتیش لە ناوچە نائارامەکانی عەرەبی سوننە، ئەوە ئیدارە نوێیەکە لە عێراقێکی لەرزۆکدا تووشی هەوڵێکی دوور و درێژ لەدژی داعش دەبێتەوە.

وەکوو بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاماژەیان بۆ کردووە، داعش لەدوای ناوەڕاستی 2014ەوە زۆر لاواز بووە. چەکدارانی بەناو خەلافەت بەشێکی زۆر لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەددین و بەشێک لە پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوایان لەدەستداوە. داعش هەر لەسەرەتاشەوە بە نیازی گرتنی بەغدا نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ توانای داعش زۆر لەوە کەمترە بتوانێت هەڕەشە لە پایتەختی عێراق و پێنج ملیۆن دانیشتووەکەی بکات. لەمەش گرنگتر، عێراقییەکان، بە یارمەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، توانییان رێگا سەرەکییەکانی نێوان بارەگاکانی داعش لە عێراق و سووریا بپچڕێنن.

جێگیرکردنی شوێنپێ خاڵێکی گرنگە: سەرکردایەتی داعش سەلماندوویەتی کە توانای ئیدارەکردنیان هەیە، واتە ئەگەرچی سەرکەوتنێکی ئەوتۆشیان تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەم رێکخراوە توانیویەتی باج وەربگرێ و بلیتی راگرتنی ئۆتۆمبێل چاپ بکات. کۆنترۆڵکردنەوەی شار و شارۆچکەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش بەبەردەوامی توانای داعش کەم دەکاتەوە. بەم مانایە جەنگی دژی داعش لە جەنگە باوەکان دەچێت کە تێیدا عێراقییەکان و دۆستە ئەمریکییەکانیان خەریکە سەردەکەون.

بەڵام مێژووی داعش بۆ پێش ئەم ئیدارە رێکخراو و درندەیەی گرووپەکە و پێش دەستگرتنی داعش بەسەر ناوچەیەکی جوگرافیدا دەگەڕێتەوە. هەزاران کەس لە چەکدارانی داعش هیچ کات ئامادە نین رابکەن یان خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵکو لەبری ئەمە پەنا بۆ شێوازە کۆنەکەی خۆیان، واتە هێرشی ژێرزەمینی دەبەن، وەکوو چۆن بەر لە 2014ش هەر کەڵکیان لەم شێوازە وەردەگرت.

ئەگەر داعش هێندەی ئەلقاعیدەی سووریا زیرەک بێت، ئەوە رەنگە نەرمتر و ئارامتر ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەکوو گرووپێکی مەترسیدار بمێنێتەوە، هەڵبەت ئەمە کاتێک روودەدات کە داعش لە هەڵەکانی هێرشە دڕندانەکانی نێوان 2014 بۆ 2016 وانەی وەرگرتبێت. ئەگەر داعش ئەمە بکات شکستپێهێنانی یەکجارەکیی گرووپەکە کارێکی سەختتر دەبێت.

پاش ئەزموونە ناخۆشەکانی ئەمریکا لە عێراق لە نێوان 2003 بۆ 2011 و هەروەها ئەزموونی لیبیا لە 2011، کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەبێت دواجار لەوە تێگەیشتبن کە جەنگی دژی تیرۆر و گەڕاندنەوەی ئاسایش بۆ حکومەتە لاوازە عەرەبییەکان تەنیا بە بۆردومانکردن و ناردنی هێزی پیادە پێکنایەت. هیوادارام بڕیاردەرەکانی ئەمریکا سەرقاڵی ئامادەکاری بن بۆ حوکمڕانی لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی داعش دەردەهێنرێن و هانی عێراقییەکانیش بدەن بۆ هەمان مەبەست ئامادەکاری بکەن. ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەبێت کەمتر بیر لە لایەنە سەربازییەکەی تێکشکاندنی داعش بکاتەوە و زیاتر جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچە وەرگیراوەکان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بزووتنەوەکە بەتەواوەتی ریشەکێش بکات و چارەسەرێکیش بۆ ناڕەزایەتییەکان دابنێت کە دەشێت رێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی چالاکییەکانی ئەو گرووپە خۆشبکەن. ئەم جۆرە نیگەرانیانە هێندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زەق و بەرچاو نین، بەڵام پێویستیشن. هەندێک لەو بیرۆکانەی سەرۆکی داهاتوو دەبێت بیریان لێبکاتەوە، بریتین لەمانەی خوارەوە.

- هێزێکی پۆلیسی بەهێز و لۆکاڵی ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی دوای پاککردنەوەی ناوچەکان لە داعش، کۆنترۆڵی ئاسایشی شەقامەکان بکات.

- دەسەڵاتێکی دادوەری پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بە دۆسیە ئەمنییەکان و مشتومڕەکانی دیکەی نێوان دانیشتووانی ناوچەکە رابگات، لەبەر ئەوەی بەدڵنیاییەوە دوای گەڕانەوەی خەڵک لە شارەکانی دیکە بۆ ناوچەکانی خۆیان مشتومڕ سەرهەڵدەدات.

- کەرەستە و تیمی شارەزا ئامادە بکرێت بۆ چاککردنەوەی بنکەکان و تۆڕی دابەشکردنی ئاو، وێستگەکانی وزە و هێڵەکانی دابەشکردنی کارەبا، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان. ئەم تیمە دەبێت توانای هەڵسووڕاندنی ئەم دامەزراوانەیان هەبێت بۆ ئەوەی لە زووترین کاتی مومکیندا دانیشتووانی ناوچەکە بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێبکەنەوە.

- بەڕێوەبەر و بەرپرسی مەشقپێکراو- تەنانەت ئەگەر پێویست بوو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاش- بۆ ناوچەکە بنێردرێت، ئەم کەسانە دەبێت توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک و کاردانەوەی پێویست لەبەرامبەر گازندەکانی خەڵک و زانیارییە هاتووەکانیان هەبێت.

- کۆمەڵێک تیم لە حکومەتی ناوەندیی عێراق ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی بەخێرایی و لەڕێگەی سەرچاوەی سەربازی و پزیشکییەوە یارمەتی دەسەڵاتە ناوچەییەکان بدەن.

سەرۆک ئۆباما لە کاتی راگەیاندنی بڕیاری ناردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لە تەمووزی 2014 ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە دوایین چارەسەر بۆ لەناوبردنی داعش ئاشتەوایی نیشتمانییە. ئەگەر عێراق نەتوانێت ژیانی مەدەنی بۆ ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە کە لەژێر دەستی داعش ئازادکراون، ئەوە ئاشتەوایی نیشتمانیش تووشی کێشە دەبێت و لەوانەیە شکستیش بهێنێت. ئێمە پێشتریش بینیومانە لەو ناوچانەی بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپ، گەندەڵیی ئیداری و هێزی ئەمنیی ناجەماوەری، بۆشایی دروست دەبێت، داعش یەکسەر بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە.

## عێراق کێشە گەورەکەی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکایە

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەسێکە دەزانێ پلانی ورد دابنێ و شارەزایانەش دانوستاندن بکات

راستیەکەی، ئاشتەوایی نیشتمانی رێگەیەکی دووروودرێژی لەپێشە. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، هێندەی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، تایفی نییە. ئەمە روون نییە ئاخۆ ئیدارەی ئۆباما، چەند مانگێک بەر لە هێرشەکانی داعش لە رۆژئاوای عێراق، گوشاری لە نووری مالیکی کردووە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ گەندەڵی بدۆزێتەوە و بە سیاسەتە یەکلاکەرەوەکانیدا بچێتەوە. عەبادی کە ئەندازیارە، هەتا کاتی رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە بەریتانیا ژیاوە، هەر بۆیە خاوەنی بنکەیەکی بەرفراوانی جەماوەریی نییە. بەپێچەوانەی هەندێک لە رکابەرە سیاسییە شیعەکانی خۆی، عەبادی خاوەنی میلیشیاش نییە، هەر بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە نیازپاکیی سیاسیەکانی دیکەی ناو هاوپەیمانی شیعە دەبەستێت، لەوانەش ئەو سیاسیانەی پشت بە پارە و کۆمەکی سەربازیی ئێران دەبەستن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن.

بەڵام ئەگەر رەوشەکە گرژتر ببێت- زۆربەی جارانیش ئەمە لە عێراق روویداوە- ئەوە عەبادی تووشی کێشە دەبێت. عەبادی مەیلێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ تیمێکی بچووک و کەمترین ژمارەی راوێژکاراندا کاربکات، هەر ئەمەش وایکردووە تەحەداکانی بەردەمی زیاتر بن. دوو ساڵ لەمەوبەر عەبادی نەیتوانی دەنگی ئەرێی پەرلەمان بۆ وەزیرانی ناوخۆ و بەرگری بەدەستبهێنێ کە خۆی پێشنیازی کردبوون، ئەمساڵیش بۆ گۆڕینی کابینەکەی تووشی کێشەی گەورە بووە، ئەگەرچی ئایەتوڵڵا سیستانی، کەسایەتی ئایینی باڵای شیعەی عێراق، پشتگیرییەکی بەرچاوی لە پڕۆژەکەی عەبادی کرد. هێرشی خۆپیشاندەران بۆ سەر زۆنی سەوز و پەرلەمانی عێراق دوایین نموونەی لاوازیی دەسەڵاتی عەبادییە.

### بەربەستەکانی بەردەم یەکێتی:

بە پێچەوانەی مالیکی، پەیوەندییەکانی عەبادی لەگەڵ کورد، ئەگەر گەرموگوڕیش نەبووبێت، پەیوەندییەکی دروست بووە. حکومەتەکەی عەبادی لەبەرامبەر هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەیکردووە بە هەرا، ئەگەرچی وەکوو پێشێلکردنی رێککەوتننامەکەی 2015ش لێکیدەداتەوە. حکومەتی عێراق ناردنی پارەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم کردەوە، ئەمەش وەکوو وەڵامێک بۆ کەمبوونەوەی رەسیدی پارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی عێراق بەبێ دەنگی درێژەی بە ناردنی پارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە، بۆ نموونە مووچەی بەشێک لە فەرمانبەرانی داوە. بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، بەغداش توانای ئەوەی نەماوە لە رێگەی پێدانی پارەوە وەها لە کورد بکات پابەند بن بە بەغداوە. کورد هیچکات وازی لە مافی خۆی بۆ داواکردنی سەربەخۆیی نەهێناوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە داعش لە دیوی رۆژئاواوە گوشاری لەسەریان دروستکردووە، کورد جارێکی دیکە بە ئاشکرا باسی سەربەخۆیی دەکات. سەرۆکوەزیرانی عێراقیش پێناچێت مەیلێکی ئەوتۆی هەبێت بۆئەوەی کورد لەم داوایەی پاشگەز بکاتەوە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەسێکە دەزانێ پلانی ورد دابنێ و شارەزایانەش دانوستاندن بکات. هەندێک لە لێدوانەکانی کورد دەکرێت تەنیا بۆ خۆدەرخستن بێت و بارزانی لە هەنگاوەکانیدا پەلە ناکات. گوشاری داعش و مایەپووچی خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵنەرەکانی سەربەخۆیی خاو دەکەنەوە، بەڵام بەکردەوە دەشێت کورد لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، دوای وەرگرتنی جۆرێک لە دڵنیایی لە تورکیا، سەربەخۆیی رابگەیەنێت. ئاشتیانەبوونی پرۆسەکە پەیوەستە بەوەوە کە ئاخۆ دەکرێت رێککەوتنێکی ورد لەسەر سنوورەکان لە نێوان عێراق و دەوڵەتی نوێی کوردیدا بێتەئاراوە. ئێستا شاری پڕ لە نەوتی کەرکووک لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی بارزانیدایە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە عەرەبە سوننە و شیعەکان بە ئاسانی دەسەڵاتی کورد بەسەر شارەکەوە قەبووڵ دەکەن، ئەگەر کورد کۆمەڵێک دەستکەوتی زۆر گرنگیان پێنەدات.

بەپێچەوانەی کوردەوە، سوننەکانی عێراق بەدوای ئەوەوە نین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، هەر بۆیە رێی تێدەچێت پەنا بۆ جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بەرن. زۆربەی ناوچەی سوننەکانی عێراق بیابانە، تەنیا چەند کێڵگەیەکی هایدرۆکاربۆن (نەوت و غاز) لەو ناوچانە پەرەیان پێدراوە کە بکرێت وەکوو پشتیوانییەکی دارایی بۆ یەکەیەکی سیاسیی عەرەبە سوننەکان پشتی پێ ببەسترێ، هەڵبەت جارێ دیاریش نییە ئاخۆ عەرەبە سوننەکان دەتوانن لە پێناو دامەزراندنی ئەمجۆرە یەکەیەدا یەکبگرن. عەرەبە سوننەکان بۆ بودجە پشت بە بەغدا دەبەستن، هەر ئەمەش وایکردووە ململانێی نێوان کۆمەڵگە و گرووپە سوننە و شیعەکان لەسەر دەسەڵاتی بەغدا توندتر ببێت. سوننەکان لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە زۆر لە شیعەکان کەمترن، هەر بۆیە هەتا دێت دەسەڵاتیان کەمتر دەبێتەوە. وەکوو لە راپۆرتەکانی ئەمدواییەی رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ئەمنستی ئینتەناشناڵ و ئەتلانتیکدا هاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە سوننەکانی عێراق لە بەغدا و لەو پارێزگایانە هەست بە ئارامی ناکەن کە کوتلەی سیاسی شیعە و میلیشیاکانیان حوکمیان دەکەن. ئەو کوشتارە تایفییەی لە 2006 بۆ 2007 گەیشتبووە لووتکە، جارێکی دیکە سەریهەڵداوەتەوە.

ئاشتەوایی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە پێویستی بەوەیە ئاستێکی زیاتر لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری و رێکخستنی لۆکاڵیانەی ئاسایش لە هەردوو کۆمەڵگەکەدا هەبێت، خەرجییەکانی ئەمەش، بە لایەنی کەم سەرەتا دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی ناوەندی. ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە سوننەکان- بە سەرۆک هۆزەکان و سەرکردەی کوتلە سوننیەکانەوە- پێشتر دژی فیدرالیزم بوون، بەڵام ئێستا هەر ئەوان خوازیاری فیدراڵیزمن. دەستووری عێراقی رێگە بە سوننەکان نادات تاکلایەنە یەک یان دوو هەرێمی فیدراڵی رابگەیەنن، ئەوان بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە رەزامەندی پارێزگاکانی دیکەش هەیە. سەرکردە سیاسییەکانی شیعە- کە لە ساڵی 2005 هاوشانی کورد فیدرالیزمیان قبوڵ کرد- بیرۆکەی هەرێمی فیدراڵی سوننییان بەدڵ نییە. جیا لەمە بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی سوننیدا هەیە، دەسەڵاتە ناوچەییەکان پێویستە زۆر لۆکاڵی بن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان رابگرن. عەرەبە سوننەکانی سەر بە هۆز یان گرووپێکی دیاریکراو رەنگە لەناو عەرەبە سوننەکانی هۆزێکی دیکەدا قبووڵ نەکرێن. عێراق و بەتایبەتیش ناوچەی عەرەبە سوننەکان خاوەنی کۆمەڵە بەڕێوەبەر یان بەرپرسێک نین کە بکرێت پشتیان پێ ببەسترێ، ئەمەش بەتایبەتی وای کردووە ئیدارەکردنی کۆمەڵگەکانی عەرەبە سوننەکان و بەهێزترکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی زۆر سەخت بێت.

لە نیوەی دووەمی 2016دا حکومەتی عێراق دەبێت بەشێوەیەکی راستەوخۆتر رووبەڕووی کێشەکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردن ببێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا یەکپارچەیی عێراق ئازارێکی بێوێنەی پێگەیشتووە. بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێت وڵاتەکە بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، دیسانیش کێشەی بودجە گوشارێکی زۆری لەسەر بەغدا دروستکردووە و حکومەتی عێراق داوای یارمەتی لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو کردووە. بەڵام بەهۆی ئەو ناهاوسەنگییەی لە ئابووریی عێراقدا هەیە، سندووقی دراو داوای کۆمەڵێک چاکسازیی خێرای کردووە. سەرکردەکانی عێراق حەزیان لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستپێوەگرتن و مەرجەکانی سندوقە نێودەوڵەتییەکەی دراو نییە، بۆیەش دەبێت چاوەڕێی تووڕەیی، خۆپیشاندان و گۆڕانی پێکهاتەی حکومەت بین. دووریش نییە حکومەتی عێراق داوای نێوانگیریی ئەمریکا بکات، هەروەها رەنگە بەغدا لە پاڵ هاوکارییە سەربازییەکان داوای دەستپێکردنی پرۆگرام و راهێنانەکانی تایبەت بە هاوکارییە مەدنییەکان بکات. ئەمریکا زۆر بەڕوونی دەزانێت پێگەیاندن و مەشقپێکردنی بەڕێوەبەر، دادوەر و پۆلیسی عێراق کارێکی قورسە. پێشتر ئەمریکا لە رێگەی تیمە ئەمریکییەکانی بنیاتنانەوەی عێراق هەوڵی بۆ ئەم مەبەستە دابوو، بەڵام هەوڵەکان ئاکامێکی روونیان نەبوو. ئەزموونی ئەمریکییەکان لە مووسڵ، فەللوجە و هیت لە 2012 بۆ 2014 زۆر خراپ بوو، هەر ئەمەش رێگەی بۆ هێرشەکانی داعش خۆش کرد. ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەبێت هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بیر لەوە بکاتەوە کە ئاخۆ بەڕێوەبردن یەکێکە لەو بوارانەی دەکرێت تێیدا یارمەتی حکومەتی عێراق بدرێت. ئەگەر دەرکەوت ئەمە بواری یارمەتییەکە نییە، دەبێت بە دوای ئەوەدا بگەڕێن ئاخۆ چ ئامرازێکی سیاسی، دیپلۆماسی یانیش سەربازی هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵن عێراق بکەوێتە ناو ململانێیەکی بەردەوام و پلە نزمەوە کە دەکرێت لە داهاتوودا کۆنترۆڵکردنی داعش هێندەی دیکە قورستر بکات.

دامەزراندن و بەهێزکردنی حوکمڕانیی باش تەنیا ئەوە نییە ئاوارەکان بگەڕێندرێنەوە شارە ئازادکراوەکانی خۆیان. ئیدارەی ئۆباما بەردەوام باسی ژمارەی ئەو عەرەبە سوننانە دەکات کە لە هەندێک شارۆچکەی دیاریکراو دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچمان لەبارەی ئەوەوە پێبڵێت ئاخۆ ئەوانەی دەگەڕێنەوە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و پیشەیەکیان دەستدەکەوێت و دەتوانن چاوەڕێی مامەڵەکردنێکی دادپەروەرانە بن لەلایەن پۆلیسەوە. رێگەچارەی سەربازی بە تەنیا ناتوانێت داعش لەناوبەرێت. ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا پێویستە بیر لە سیاسەتێکی وردتر بکاتەوە بۆ ئەوەی داهاتووی دەوڵەتی عێراق گەرەنتی بکات، ئەمەش دەبێت بە شێوازێک بکرێت کە شەڕ و پێکدادانەکان کەم بکاتەوە و چارەسەرێکیش بۆ ئەو ناڕەزاییانە بدۆزێتەوە کە رێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی داعش پەلبهاوێت. بەبێ ئاشتەوایی نیشتمانی حکومەتی عێراق هیچکات سەقامگیر نابێت و تۆوی گرووپە توندڕەوەکانی وەکوو داعش دەمێننەوە.

***رۆبێرت ئێس. فۆرد، دیپلۆماتکاری خانەنشینی ئەمریکی. لە 2006 بۆ 2008 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە جەزائیر و دواتریش لە 2010 هەتا 2014 باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە سووریا.**

سەرچاوە: RealClearWord

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (408) دووشەممە 2016/5/16



## بەلجیکا پەنابەرێکی کورد ئازاد ناکات

**ڕووداو – سلێمانی**

دادگایەکی بەلجیکا سزای هەشت ساڵ زیندانی بەسەر پەنابەرێکی کورد دەسەپێنێ، دوای ئەوەی بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەر خاوەنی شوقەکەی، بەڵام سەرەڕای تەواوکردنی حوکمەکەی ئازادی ناکات. خەبات ڕەشید، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دایکی ئەو پەنابەرە سەردانی کردوون بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کەیسی کوڕەکەی بکەن. خەبات گوتی "دەبووایە ئەو پەنابەرە لە 2015/3/1 ئازاد بکرایە، بەڵام ئەو داوای کردووە دوای ئازادکردنی بگەڕێندرێتەوە کوردستان، حکومەتی بەلجیکاش دەڵێت دەبێت بۆمان بسەلمێنن کە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئەمنییەوە سەقامگیرە بۆ ئەوەی ئازادی بکەین".

# سوێد.. ژیانی کۆچبەرێکی کورد دەکرێتە فیلم

## دەرهێنەری فیلمەکە: هۆگر، چیرۆکی ژیانی دەیان گەنجی کوردی تاراوگەیە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

هەفتەی ڕابردوو دەست بە وێنەگرتنی فیلمێکی سینەمایی سوێدی کرا کە ناوەڕۆکەکەی باسی ژیانی گەنجێکی کوردی تاراوگەنشین دەکات. ئەو گەنجە سەرباری ڕەتکردنەوەی داوای مافی پەنابەرێتییەکەی، بەڵام هیوا لەدەست نادات.

لەپاڵ هەموو ئەو لایەنە نەرێنیانەی لە ژیانی تاراوگەنشیناندا هەیە و میدیاکان پەردەیان لەسەر هەڵداونەتەوە، بەڵام دەیان چیرۆکی سەرکەوتنیش هەن کە بوونەتە جێی شانازیی سوێدییەکان. ئەم چیرۆکانەی سەرکەوتن بەتایبەتی بۆ کوردی تاراوگە، زۆرتر لە کاری هونەری و بەتایبەتی سینەمادا ڕەنگیان داوەتەوە.

### لە سوێد بەدوای ژیاندا دەگەڕێت

فیلمی سینەمایی (Hopp) واتا هیوا، باس لە ژیانی کوڕە گەنجێکی کورد دەکات. زانیار فەتاح دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "هۆگر لە سوێدە و مافی مانەوەی ڕەتکراوەتەوە و بەو هۆیەوە تووشی چەندین نەهامەتی دەبێت، بەڵام هیوا لەدەست نادات".

زانیار کە بۆماوەی 6 ساڵە لە سوێد دەژی، خۆشحاڵە بەوەی کە بەو ماوە کەمە توانیویەتی بگاتە ئاستێک، لەڕێی قوتابخانەی سینەمای ستۆکهۆڵمەوە فیلمێک بەرهەم بهێنێ.

ئەوەی ئەو دەرهێنەرە کوردەی خۆشحاڵ کردووە، بەشداریی چەند کەسایەتییەکی ناسراوی سوێدە لە فیلمەکەیدا. لەوانەش ماتیاس سلیڤیس کە یەکێک لە ئەکتەرە ناسراوەکانی سوێد و ئەستێرەی ناسراوی بواری فیلمە.

ماتیاس کە ڕۆڵێکی ناوەندی لە فیلمەکەدا دەبینێ، زۆر پەسنی دەرهێنەری فیلمەکە دەدات و دەڵێت "ئەم دەرهێنەرە بە باشی کارەکانی دەکات و گەشبینە بەداهاتووی کارەکەی". گوتیشی "بەرهەمهێنانی فیلم لەسەر کۆچبەران کارێکی ئاسان نییە".

زاگرۆس چەتین کایا کوردێکی دیکەی نێو کارە سینەماییەکەیە و لەبواری بەرهەمهێناندا کار دەکات. ئەو دەڵێت "جیاوازیی کاری دەرهێنەرێکی کورد لەگەڵ سوێدییەکان، تەجاوزکردنی لایەنە تەکنیکییەکانە و بەخشینی ڕۆحە بە کارەکە، لەڕێگەی سیناریۆ و سەرپەرشتیی بەرهەمەوە کە ئەم دەرهێنەرە دەیکات".

زەکی کوچوک یڵدز کە ئەستێرەیەکی دیکەی سوێدە و بە ڕەچەڵەک خەڵکی باکووری کوردستانە، ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکەیە و ڕۆڵی هۆگر دەبینێ. ئەو دەڵێت "بەرجەستەکردنی ڕۆڵی هۆگر بۆ من قورس بوو، بەڵام زیرەکیی دەرهێنەرەکە کارئاسانیی زۆری بۆ کردم. سەرسامم بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی لایەنەکانی بەرهەمەکە لەلایەن زانیارەوە".

ئەم فیلمە تێزی دەرچوونی زانیارە لەو قوتابخانەیەی لێی دەخوێنێ، بەڵام دەڵێت "لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا نمایش دەکرێت و سەرەتاش بە ئامادەبوونی گەورە هونەرمەندان و سینەماکارانی سوێد، لە ئاهەنگێکی تایبەتدا نمایش دەکرێت".


### کورد و سینەمای سوێد

سوێد پێگەیەکی دیاری لە سینەمای جیهانیدا هەبووە و تەواوکاری زۆر لە پێکهاتەکانی سینەمای هۆلیود بووە. بەڕای ڕەخنەگرانی بواری سینەمای سوێدی، کورد ڕۆڵێکی باشیان لەم سەرکەوتنەی سوێد لە بواری سینەمادا بینیوە.

تۆماس ئیندرشۆن کە ڕەخنەگری بواری سینەمایە لە سوێد، دەیان نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "تاراوگەنشینان و لە نێویاندا کورد نمایندەیەکی باشی سینەمای سوێدن لە جیهاندا".

ئیندرشۆن نموونە بە کارزان محەممەد و کارزان قادر و ئەرکان ئەسعەد دێنێتەوە و دەڵێت "کارزان محەممەد لە بواری میوزیکی فیلم، کارزان قادر لە بواری دەرهێنان و هەروەها ئەرکان ئەسعەد لە نووسینی سیناریۆی فیلمی شەوە بێ ئەستێرەکان، ئەوانە بەڕاستی نموونەن".

ئیندرشۆن پێیوایە ئەم کارە نوێیەی زانیار لە فیلمی (هیوا) ئەگەر لەوان باشتر نەبێت، ئەوا کەمتر نییە. ئەمە جیا لە بەشداریی پارساڵی کوڕە گەنجێکی سوێدی لە پرۆژەیەکی گەورەی فیلم لە هۆلیوود کە هێشتا تەواو نەبووە.



بەهۆی شەڕی داعشەوە سێ پرۆژەی سینەماکارانی سوێد لە هەرێمی کوردستان وەستاون

### داعش پرۆژەکانی سینەماکارانی سوێدی ڕاگرت

وا بڕیار بوو دوو ساڵ لەمەوبەر لە کوردستان دەست بە وێنەگرتنی فیلمێکی سینەمایی سوێدی بکرێ، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕاگیرا.

ئەرکان ئەسعەد کە خاوەنی چیرۆکی فیلمەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "بیرۆکەی دیکە هەبوو کە لە بری کوردستان، لە مەغریب، یان دوبەی کارەکان تەواو بکرێت، بەڵام من ڕامگرتووە و پێداگری دەکەم کە دەبێت لە کوردستان وێنە بگیرێ".

"شەوە بێ ئەستێرەکان" ناونیشانی ئەو فیلمە بوو کە لە بنەڕەتدا ناوی پەرتووکێکی ئەرکان ئەسعەدە. گەورە کۆمپانیایەکی بواری فیلم لەژێر چاودێریی دامەزراوەی سینەمای سوێد (Stadtsfilmhus)، بەنیاز بوو بیکاتە فیلم و وێنەگرتنی زۆربەی فیلمەکەش لە کوردستان بێت، بەڵام ئەرکان دەڵێت "لەبەر شەڕی داعش نەکرا".

فیلمی هیوا هەمان کێشەی شەوە بێ ئەستێرەکانی هەیە. زانیار فەتاح دەڵێت "دەمێک بوو پلانی ئەوەمان هەبوو، ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی گەورەتر و فراوانتر لە کوردستان بکرێ، پلانەکە ئەوە بوو بە تیمێکی گەورەتر و لە ئاستێکی پرۆفیشناڵی جیهانی، وەک بەرهەمێکی کوردی سوێدی و بەزمانی کوردی لە کوردستان کارەکان بکەین، بەڵام بەهۆی شەڕی نەگریسی داعشەوە کارەکەمان ڕاگرت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کارێکی دیکەی سینەمایی هەبوو کە بەهەمانشێوە وەک پرۆژەیەکی هاوبەشی (کوردی- سوێدی)ی لە کوردستان بکرێت و ئەویش بەهۆی شەڕی داعشەوە دواکەوتووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا ناوەڕۆکی کۆنتراکتی کۆمپانیا هاوبەشەکان ڕانەگەیەندراوە، داوا کرا (ڕووداو) ناوی فیلمەکە و دەرهێنەرەکەی ئاشکرا نەکات.

## لە کەمپەکانی پەنابەران

# منداڵانی کورد فێری عەرەبی دەبن و عەرەبەکانیش فێری کوردی

## سەرپەرشتیارێک: منداڵانی کۆچبەر وێنەیەکی ڕاستەقینەی پێکەوەژیان نیشان دەدەن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم، ژنێڤ**

موهەنەد، 13 ساڵ، پێشبینی نەدەکرد ببێتە هاوڕێی منداڵێکی کورد و پێکەوە لەگەڵ ئەفریقی و ئەفغانییەکان یاری بکەن. نڤاریش کە لە باشووری کوردستان لەدایک بووە، خۆشحاڵە بەو زمانە قسە لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات کە پێشتر لە ڕێگەی دراما عەرەبییەکانەوە بیستوویەتی.

کەس هێندەی ئەو سێ منداڵە هاوڕێ نین کە هەر یەکە لە وڵاتێکەوە هاتوون و لە سوێد پێکەوە دەژین و فێری زمانی یەکدی بوون، سەرپەرشتیاری کەمپێکی کۆچبەران دەڵێت "منداڵانی کۆچبەر بەرلەوەی فێری سوێدی بن، فێری زمانی یەکدی دەبن".

### گەورەکان شەڕ و منداڵەکان هاوڕێیەتی دەکەن

شەڕی کورد و ئەفغان، عەرەب و سۆماڵییەکان لەنێو کەمپی کۆچبەراندا بابەتی گەرمی میدیاکان بوو، (ڕووداو) پێشتر چەندین چیرۆکی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە، بەڵام بە پێچەوانەی گەورەکان، منداڵانی کۆچبەر لە پەیوەندییەکی دۆستانەدان.

نڤار هادی، 12 ساڵ، هەر لە سلێمانییەوە فێری زۆر لەو وشانە بووبوو کە لە دراما عەرەبییەکاندا گوێی لێدەبوو. ئەو هاوڕێی ئەدهەمە کە خەڵکی شامە، یۆهاناش هاوڕێی هەردووکیانە کە لە ئەریتریا لەدایک بووە.

"ئێستا هیچ کێشەم نییە و لەگەڵ هەموو هاوڕێ عەرەبەکانم بە زمانی ئەوان قسە دەکەم". نڤار نیگەرانە لەوەی هاوڕێکانی وەک ئەم فێری کوردی نەبوون، بەڵام سەرپەرشتیاری کەمپێکی کۆچبەران دەڵێت "منداڵی کورد زیرەکن و زۆر زوو فێری زمانەکانی دیکە دەبن".

سیروان ئەدهەم، سەرپەرشتیاری کەمپێکی کۆچبەران لە سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "منداڵەکان زۆر گونجاون و وێنەیەکی ڕاستەقینەی پێکەوەژیانی نەتەوەکانیان دروستکردووە". گوتیشی "ئەو تێکەڵاوییەی منداڵان کاریگەری لەسەر گەورەکانیش هەبووە. هەڵە نیم ئەگەر بڵێم ناکۆکیی گەورەکان بەو هۆیەوە کۆتایی هاتووە".

لە جنێڤی پایتەختی سویسرا هەمان چیرۆک دووبارە دەبێتەوە. لە باشووری شاری جنێڤ بە دووریی نزیکەی 180 کیلۆمەتر، کەمپێک لە چۆڵەوانییەکدا 34 خێزانی لەخۆ گرتووە. زۆرینەی دانیشتووانی کەمپەکە ئەفغانی و رووسن، لەگەڵ چەند خێزانێکی ئەفریقی، سێ خێزانی عەرەب و چوار خێزانی کوردیشی لێیە کە دوویان خەڵکی باشوورن و دووەکەی دیکەش خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن.

سەرهەنگی تەمەن نۆ ساڵان کە خەڵکی باشووری کوردستانە، بە کرمانجییەکی ڕەوان قسە دەکات. ئامانج ئیسماعیل، باوکی سەرهەنگ بە سەرسوڕمانەوە باسی توانای منداڵەکان دەکات و دەڵێت "ئەوان تەنانەت خەریکە فێری سویسری دەبن و وەرگێڕانیشمان بۆ دەکەن".

ئادۆی 11 ساڵ کە خەڵکی سوودانە و هاوڕێی سەرهەنگ و منداڵەکانی دیکەیە، بەشێوەیەک فێری کوردی ببوو کە هەستی بە جیاوازیی کرمانجی و سۆرانیش دەکرد. ئادۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆر خۆشحاڵم لەگەڵ ئەم منداڵانە". خەمی ئەوەشی هەبوو کە ڕەنگە ماوەیەکی دیکە لەیەکیان دووربخەنەوە.

لەم کەمپەدا کە بە نزیکترین کەمپ لە پایتەختی سویسرا دادەنرێت، نزیکەی 17 منداڵ هەبوون و تەواوی ڕەنگە جیاوازەکانیان تێدا بوو. منداڵە ئەفغانییەکان شەیدای گۆرانییە کوردییەکان بوون کە سەرهەنگ لەگەڵ ئەوان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێکەوە گوێیان لێدەگرت.

محەممەدی تەمەن 13 ساڵ کە لە کابول لەدایک بووە، تەواوی ئەو گۆرانییەی دەگوتەوە کە لەڕێی هاوڕێ کوردەکانییەوە فێری ببوو.

سەعدوڵڵا ڕەزایان، باوکی محەممەد، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی منداڵەکەی فێری کوردی بووە و گۆرانیی کوردی دەڵێت "ئەمە قەدەری ئێمە بوو کە بەمشێوەیە لەگەڵ ئەو نەتەوە جیاوازانە بژین. هەریەک لە شوێنێک و لە زمانێکی جیاوازین، بەڵام یەک ڕابردوو و یەک داهاتوومان هەیە". سەعدوڵڵا لەگەڵ ئامانجی هاوڕێی کە ژوورەکانیان لەیەک نزیکە، بە پێکەنینەوە گوتیان کە بەهۆی منداڵەکانیانەوە پێش ئەوەی فێری سویسری ببن، فێری کوردی و ئەفغانی و سوودانی دەبن.

بەهۆی ئەوەی لە کەمپەکەیاندا تەنیا یەک کەناڵی سویسری هەیە، منداڵەکان زیاتر خەریکی یارین، یان لەڕێی کۆمپیوتەر و ئایپادەکانیانەوە سەیری گۆرانی و کارتۆنی یەکدی دەکەن "هەست بەوە ناکەیت کە جیاواز بن، وەک یەک لە کارەکانی یەکدی دەڕوانن". ئامانج وای گوت.

ئێستا هەریەک لە حکومەتەکانی سوێد و سویسرا دەستیان بە قۆناغێکی سەرەتایی پرۆگرامی فێربوونی زمان بۆ کۆچبەرانی نێو کەمپەکان کردووە.

هانس ئۆلفا، مامۆستای زمانی سوێدی بۆ بیانییەکان گوتی "منداڵان زووتر فێری زمان دەبن و ئێمەش جەخت لەسەر ئەوان دەکەین". بەڵام گوتیشی "چاوکردن لە هاوڕێکانیان و فێربوونی زمانی یەکدی کەمێک لە زمانە سەرەکییەکە دووریان دەخاتەوە، بەڵام فێربوونی زمانی سێیەم و چوارەم زیاتر ئاستی بیرکردنەوەیان فراوان دەکات".

سەبارەت بە توانای وەرگرتن لەلایەن منداڵەکانەوە. هانس ئۆلفا گوتی "منداڵانی کۆچبەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی کورد و عەرەب، زۆر زیرەکن لە فێربوونی زمان، هەر لە سێ مانگی یەکەم هەستم بەوە کرد".



مامۆستایەکی سوێدی: منداڵانی کۆچبەری کورد و عەرەب، زۆر زیرەکن لە فێربوونی زمان



## لوقمان "گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم" دروست دەکات

**رووداو- سلێمانی**

ناوەندی بەرهەمهێنانی هونەری و سینەمایی گاف دەستی بە وێنەگرتنی فیلمی گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم کرد و بڕیارە لە ماوەی مانگێکدا تەواوی بکەن. لوقمان غەریب دەرهێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو فیلمەیان ماوەی 120 خولەکە و لەلایەن ژینۆ عومەرەوە وێنەی دەگیرێت و چەند ئەکتەرێکی دیاریش بەشداری تێدا دەکەن لەوانە، عەبدولی حەمەجوان و حەمەڕەشید هەرەس و عەلی کەریم. گوتیشی "ئەم هەفتەیە دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە دەکەین و بەپێی ئەو پلانەی دانراوە دەبێت لە ماوەی مانگێکدا کارەکان تەواو بکرێن". سەبارەت بە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەش، لوقمان گوتی "پێشتر دوو ئیشی دیکەمان تەواو کردووە و ئێستا بە دوای سپۆنسەردا دەگەڕێین، هەر کاتێک سپۆنسەرمان دەستکەوت کاتێک بۆ نیشاندانی فیلمەکە دیاری دەکەین".

### گەنجانی کورد فێری میوزیک دەکات

# ئەمریکییەک ئامادەکاری بۆ فێستیڤاڵێکی کوردی – ئەمریکی دەکات

**ژیلوان وەلی**
**رووداو- هەولێر**



بڕیارە مانگی ئابی ئەمساڵ فێستیڤاڵێکی هونەریی کوردی-ئەمریکی لە هەولێر بەڕێوە بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکاری و پرۆڤەکان دەستیان پێکردووە. جۆن فێرگسن، پیانیستی ئەمریکی سەرپەرشتی ئامادەکارییەکانی ئەم بۆنە هونەرییە دەکات و لەم هەوڵانەشدا چوار موزیکژەنی دیکە هاوکاریی دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ موزیکژەنانی کورد کار لەسەر ئەو پارچە میوزیکانە بکەن کە لە بۆنەکەدا پێشکە شی دەکەن.

جۆن فێرگسن، بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئامێریکان ڤۆیسس (American Voices)بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە ئەم بۆنەیەمان لە ساڵی 2007 دەستپێکرد، بۆ ئەوەی دەرفەتێک بێت بۆ موزیسیەن، ئەکتەر و سەماکارانی کورد کە تێیدا کۆببنەوە و موزیکی کلاسیکی بژەنن، هەروەها هیپ هۆپ، شانۆ و هونەرەکانی دیکە و لە پاڵ ئەمەدا ئاشنای یەکدیش ببین".

فێرگسن چەندین کۆرسی تایبەت بە مۆسیقای کلاسیکی، وۆرک شۆپ و کۆنسێرت بەڕێوەدەبات، ئەو خۆی چەندین کۆنسێرت موزیکی پێشکەش کردووە و لە چەندین ناوەندی گرنگی وەکوو تیاترۆ دێلا کۆلۆسیۆ لە ڕۆما، کۆنسێرت گیبۆ لە ئەمستردام و تیاتر دی لا ڤیللێ و رادیۆی فەرەنسا کاری هونەریی پێشکەش کردووە.

جۆن فێرگسن ئاماژەی بەوەشدا کە گەنجەکان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانەوە لەم پرۆگرامەدا بەشداریی دەکەن لەبەر ئەوەی "پرۆگرامەکە پرۆگرامێکی نیشتمانییە بۆ هەموو کوردستان."

هەرێمی کوردستان بە ڕەوشێکی دارایی قورسدا تێدەپەڕێت، ئەمەش فێرگسنی ناچار کردووە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی دارایی بۆ پرۆژەکەی پەنا بۆ سپۆنسەرە ئەمریکییەکان بەرێت، کە بە شێوەی ئۆنلاین هاوکارییەکانی خۆیان پێشکەش بەم پرۆگرامە دەکەن. گوتیشی کە هەر لەبەر ئەو کێشەیە پرۆژەکەیان بچووکتر کردووەتەوە.

ئامێریکان ڤۆیسس، ڕێکخراوێکی ناحکومییە و لەساڵی 1991 دامەزراوە. بە گوتەی فێرگسن ئەم ڕێکخراوە "لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتی خوێندنی باڵا کار دەکات، ئەم ڕێکخراوە دەرفەتی ئەوە بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەڕەخسێنێ فێری موزیک ببن، لە هەمانکاتدا گوێ بۆ ئەدای مامۆستاکان بگرن و پێکەوە کۆنسێرت ڕێکبخەن.

پیانیستە ئەمریکییەکە لە پاڵ پێشکەشکردنی کۆنسێرت و بەڕێوەبردنی ئامێریکان ڤۆیسس، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای یەس (Yes Academy) و پرۆگرامی بەهرەی لاوان لەسەر تەختەی شانۆ (Youth Excellence on Stage)یشە، کە لە عێراق، لوبنان، سووریا، ئوردن، ئەفغانستان، مالیزیا، سودان، پاکستان و تایلەند چالاکیی دەکەن.

سەبارەت بە چالاکییەکانیان لە کوردستان فێرگسن بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "پارساڵ ئەم پرۆگرامە لە سلێمانی بەڕێوەچوو کە تێیدا یەک کۆنسێرت و هەشت ڕۆژ وانە گوتنەوەمان لە زانکۆی سلێمانی هەبوو. ئەمە دووەم ساڵە پرۆگرامەکە لە کوردستان بەڕێوەدەبەین و ناویمان ناوە فێستیڤاڵی هونەری کوردی-ئەمریکی، ئەمە یەکەمجارە پرۆگرامەکە لە کوردستان بەڕێوەدەبەین". بەڕای ئەو ڕەوشی موزیک لە کوردستان لە چاو ساڵی 2007 زۆر پێشکەوتووە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا خەریکی خوێندنی موزیک و هونەرەکانی دیکەن.

فێرگسن لەم بارەیەوە گوتی "ئێستا لە چاو ساڵی 2007 گەنجانێکی زیاتر دەرفەتیان لەبەردەستە. نۆ ساڵ لەمەوبەر زۆرینەی قوتابییەکان هیچکات گەشتی دەرەوەی کوردستانیان نەکردبوو، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆریان دەچن بۆ ئەورووپا، ژمارەیەکی زۆریشیان دەڕۆنە تورکیا و لوبنان و خەریکە جیهان دەبینن و وەکوو موزیککارێک لە دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان تێدەگەن، هەر بۆیە بیرکردنەوەی ئێستایان لە جیهان زۆر لە هی 2007 گەورەترە."

بەڕێوەبەرەکەی ڕێکخراوی ئامێریکان ڤۆسیس هەروەها پێیوایە کە دەکرێت لە ڕێی کۆمەڵێک ڕێوشوێنەوە موزیکی کوردستان زۆر لەوەی ئێستاش باشتر بکرێت، بە تایبەتیش ئەگەر تەمەنی وەرگرتنی قوتابیانی موزیک بۆ خوار 15 ساڵ دابەزێنرێت، لەبەر ئەوەی لە کوردستان "هیچ پرۆگرامێکی فەرمیی ڕاهێنانی موزیک بۆ تەمەنی خوار 15 ساڵ نییە."

جۆن فێرگسن لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی موزیک پشت بە میتۆدی سوزوکی دەبەستن، کە لەسەر ئاستی جیهانی دانی پێدانراوە و گوتیشی "ئێمە لە چوارچێوەی پرۆگرامی سکۆلارشیپ لە ئەمریکا ڕاهێنان بە هەموو بەشداربووەکان دەکەین، لە وەرزی هاوینیشدا فێریان دەکەین چۆن وانە بە منداڵان بڵێنەوە و کتێبەکانیشیان دەدەینێ".

### بەدەم ڕێگاوە... ڕێی گەیشتن بە "خاکی خەلافەت"

### مستەفا کەنعان ئایباستی، دەرهێنەری فیلمی بەدەم ڕێگاوە:

# تورکیا بووەتە بەهەشتی چاوەڕوانکراوی جیهادییەکان



مستەفا کەنعان ئایباستی، دەرهێنەری تورک کە هاوکات دەرهێنەری فیلمی "بەدەم ڕێگاوە"یە، هیوا دەخوازێت فیلمەکەی بەدنیادا بڵاوبێتەوە و هەموو جیهان ئاشنای بن.
(بەدەم ڕێگاوە) فیلمێکە بە وردی باس لە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەکات کە چۆن و بە چ ڕێگایەک دەچنە نێو داعش. مستەفا لە کاتی دەرهێنانی فیلمەکەدا ڕووبەڕووی زەحمەتیی زۆر بووەتەوە و دەڵێت "خەڵک هەواڵی بە پۆلیس دابوو، وایان زانیبوو ئێمە شانەیەکی سەر بە داعشین". بۆیە پۆلیس هەڵیکوتایە سەر کاستی فیلمەکە و بۆ ماوەیەک دەستگیری کردن. مستەفا کەنعان ئایباستی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی فیلمەکەی دەکات.

ئایسەر چنار
رووداو- هەولێر

**رووداو: مستەفا کەنعان کێیە؟**

**ئایباستی:** یەکێکم لە دامەزرێنەرانی سەنتەری سینەمای سەربەخۆ. ئەم سەنتەرە بووەتە هەموو ژیانم، زۆربەی کاتەکانم لەم سەنتەرە بەسەردەبەم. کەسێکی کۆمۆنیست و سینەماکارم. جگە لەم پیشەیە، هیچ ڕوویەکی سەرنجڕاکێش و داهێنەرانەم نییە.

**رووداو: بەدەم ڕێگاوە چەندەمین فیلمی تۆیە؟**

**ئایباستی:** پێنجەم بەرهەمی سینەمایی منە. بەرهەمی یەکەمم لەساڵی 2011 بوو، فیلمێک بوو بەناوی "دوای کودەتا". جۆرێک لە ئەدای سینەمای پێشکەوتوومان خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە شایەنی ڕێزلێنان بوو، بە سەرکەوتوویی نمایش کرا. ئەم فیلمە بووە ئیلهامبەخش بۆ ئێمە کە سەنتەری سینەمای سەربەخۆ دابمەزرێنین، چونکە پشتیوانی زۆرمان لێکرا و بووە مایەی بەخشینی وزەیەکی زۆر و تواناو ورەیەکی باش بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە. فیلمی دووەممان فیلمێکی دۆکیومێنتاری بوو بەناوی "سوور" باسی هەموو جۆرە خەباتێکی مەدەنی و سیاسی سەردەمی لینینی دەکرد. پاشان فیلمی "ئیدی بەسە"مان تۆمار کرد و دوایین بەرهەمیشمان فیلمی "بەدەم ڕێگاوە"یە.

**رووداو: فیلمەکەتان لە کوردستان نمایش دەکرێت؟**

**ئایباستی:** ڕۆژی 22ی نیسانی ڕابردوو یەکەم ڕۆژی نمایشی فیلمەکە بوو لە تورکیا. پێشوازییەکی زۆر گەرم لەم فیلمە کرا، لە 55 هۆڵ نمایش کرا. لەبارەی نمایشکردنی لە هەرێمی کوردستان، من زۆر خۆشحاڵ دەبم فیلمەکە لەوێش نمایش بکرێت. ئامانجی ئێمە گەیاندنی فیلمەکانمانە بە هەموو جیهان. ئەگەر داواکاریمان بۆ بێت، فیلمەکە لەوێش نمایش دەکەین.

**رووداو: دەگوترێ تورکیا پردی پەڕینەوەی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانە بۆ ناو داعش، لەم فیلمەدا هیچ ئاماژەیەکتان بەوە داوە؟ ئایا بەڕاست تورکیا ئەو پردەیە کە باس دەکرێت؟**

**ئایباستی:** جێی گومان نییە، وڵاتەکەمان بووەتە بەهەشتێکی چاوەڕوانکراو بۆ جیهادیە توندئاژۆکان. خاوەن زیهنییەتێک جڵەوی دەسەڵاتی تورکیای لە دەستە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاسانکاری بۆ پەڕینەوەی ئەم کەسانە دەکات بۆ نێو داعش. بەڵگەی زۆر بەدەستەوەن. دەسەڵاتدارانی ئاکپارتی و لایەنگرانی ئەم دەسەڵاتە، بە ئاشکرا پشتیوانی چەتە مرۆڤکوژەکان دەکەن کە بەناوی ئیسلامەوە کۆمەڵکوژیی دەکەن. جیهادییەکان هەر ئەوە نییە کە تورکیا بۆ پەڕینەوە بەکاردێنن بۆ نێو داعش، بەڵکو چالاکیی جۆراوجۆریش ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی وڵات بخەنە ناو گێژەڵووکەی پشێوی و ئاشووبی گەورە.

**رووداو: تۆ دەرچووی کۆلێژی شەریعەت بوویت و ماوەیەک خاوەن بیرێکی ڕادیکاڵی ئیسلامی بوویت، هیچ پەیوەندیت لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان ماوە؟**

**ئایباستی:** بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیم بەلایەنە ئیسلامییەکانەوە نییە. لە تەمەنی منداڵییەوە شەیدای فێربوون و وەرگرتنی زانیاریی بووم لەبارەی ئاینەکەمەوە کە ئیسلامە. پێموابوو بەردەوام ستەم لەم ئاینە دەکرێت و پێویستە هەموو شتێک بکرێت بۆ سەرخستنی، بەڵام کاتێک بینیم کەسانێک بەناوی ئیسلامەوە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، تەرمی سووتاو دەفرۆشن، جەستە لەبەرامبەر پارە ڕادەستی کەسوکارەکانیان دەکەنەوە، جەرگی مرۆڤ دەردەهێنن و دەیخۆن، چەک و تەقەمەنی دەدەنە دەست منداڵان و بەرەو گۆڕەپانی شەڕ دەیانگوازنەوە و بەهۆی بیروبۆچوونە قێزەونەکانیانەوە کەسانی بێتاوان دەبنە قوربانی، خۆم هاتەوە یاد کە ئەگەر بەردەوام بوومایە منیش دەبوومە قوربانی، بۆیە لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە هەوڵم دا چیرۆکی ئەو گەنجە بگێڕمەوە کە چۆن کەوتە دەستیانەوە و چارەنووسی چۆن بوو، بۆ ئەوەی خەڵک هۆشیار بکەمەوە باوەڕ بەم کەسانە نەکەن.

**رووداو: دەگوترێت پۆلیس وای بۆچووبوون کە ئێوە گرووپی توندڕەوی داعشن، بۆیە هەڵیانکوتایە سەرتان و دەستگیریان کردن؟**

**ئایباستی:** بەڵێ، سەرەتا پۆلیس دوو لە ئەکتەرەکانیان دەستگیرکرد، پاشان هەڵیانکوتایە سەر ستافەکەمان و گوتیان کە ئێمە سەر بەگرووپی توندڕەوی داعشین و چالاکییان بۆ دەکەین، بەڵام کاتێک زانییان سەرقاڵی تۆمارکردنی فیلمین، ئازادیان کردین.

**رووداو: وەک دەرهێنەرێک، سیاسەتی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبینن؟**

**ئایباستی:** من هەڵسەنگاندنی بۆ ناکەم، کاری بۆ دەکەم، چونکە من ئەندامێکم لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا. من بەتوندی لە ڕێی سیاسەتکردن لە بۆتەی کۆمۆنیزمەوە دژایەتی سیاسەتی بەعوسمانیکردنی دەوڵەتی تورکیا لەلایەن ئاکپارتییەوە دەکەم و دژایەتی هەموو هەوڵێکیان دەکەم دژ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دژ بەسەپاندنی دەسەڵات و هەژموونیان. ئەگەر داوای هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دۆخەکەش دەکەیت، بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەوان شکستیان هێنا. سەیری دوایین ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ بکە لەبارەی تورکیا کە دەڵێت: "ئاکپارتی تاوانی جەنگی ئەنجامداوە". داواکارم هەموو کەسێک ئەم ڕاپۆرتە بخوێنێتەوە.

**رووداو: پێتانوایە شەڕ لە دژی داعش کۆتایی بێت؟**

**ئایباستی:** داعش پێکهاتەیەکی گرنگ نییە، گەورەترین کێشە ئیمپریالیزمە، چونکە ئەوان چەتەی وەک داعش و هاوشێوەی داعش بەڕێوەدەبەن. لاوازکردن و سستکردنی داعش بەندە بەلاوازکردن و دژایەتیکردنی زیهنییەتی حکومەتی ئاکپارتی کە بەهەموو شێوەیەک ئاسانکارییان بۆ دەکات. هەروەها بۆ لەناوبردنی داعش پێویست بە لەناوبردنی ئەو وڵاتانەیە کە دامەزرێنەری داعشن. مێژوو هەرگیز کەس لەیاد ناکات و دەردەکەوێت کێ لە پشت ئەم هەمووماڵوێرانی و کوشتارە بووە.




جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
Milk
powder


## ڕێژەی ئەمساڵی ژنان بۆ حەج 33%یە



**رووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند "لەو 3656 کەسەی مافی بەجێگەیاندنی فەریزەی حەجییان هەیە، ئەمساڵ کەمترین ژنیان تێدایە کە دەگاتە 33%. بچووکترین ئافرەتیش تەمەنی 26 ساڵە کە لەگەڵ باوکی حەج دەکات". ناوبراو گوتیشی "دابەزینی ڕێژەکە یەکێکیان پەیوەندی بە سعودیەوە هەیە کە ناهێڵێت ئافرەتی خوار 50 ساڵی بەبێ مەحرەم حەج بکات، دووەمیش قەیرانی داراییە و ئێستا تەنیا پیاوەکە دەڕوات".

# خاڵ و برا دەستدرێژیی دەکەنە سەری



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکووک**

ژنێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵ بەهۆی ئەوەی پێشتر لەلایەن خاڵی و برایەکییەوە دەستبازیی لەگەڵ کراوە، ژیانی لەگەڵ مێردەکەی کەوتووەتە مەترسییەوە و داوای رێنمایی لە چالاکوانێکی ژنان دەکات.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی کاروباری ژنان و منداڵ و خێزان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵە لەو پۆستەدایە، هەندێ کەیسی سەرسوڕهێنەری دەربارەی کێشەکانی ژنان لە کەرکووک لەبەردەستدایە کە هەندێکیانی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد. ئەو گوتی کە بۆ هەندێک لەو کەیسانە توانیویانە چارەسەر بدۆزنەوە و هەندێکیشیان بە جیابوونەوە کۆتاییان هاتووە.

جوان دۆسیەی یەکێک لەو ژنانەی باسکرد و گوتی "ژنێکی تەمەن 25 ساڵ سەردانی کردین، ئەو ژنە لە تەمەنی منداڵی تاوەکو تەمەنی 14 ساڵان لەلایەن کەسە نزیکەکانی خۆیەوە، واتە خاڵێکی و برایەکی دەستبازیی لەگەڵ کراوە، بەو هۆیەشەوە هەستی بەرامبەر بە سێکس گۆڕاوە".

بە گوتەی جوان، ئەو ژنە لەماڵی نەنکی (دایکی دایکی) ژیاوە، ماوەی چەند ساڵێک لەلایەن خاڵی و برایەکی خۆی بۆ بەتاڵکردنەوەی حەزە سێکسییەکانیان دەستبازییان لەگەڵ کردووە، ئەویش نەیوێراوە باسی بکات، چونکە ترساوە لەوەی کەس باوەڕی پێنەکات، بەڵام پاش مردنی خاڵی لەو کێشەیە رزگاری بووە.

جوان گوتی "ئەو رەفتارەی خاڵ و برای ژنەکە وایان لەو ژنە کردووە رقی لە پیاو ببێتەوە، هەر بۆیە حەزی سێکسی بەرامبەر مێردەکەی زۆر لاواز بووە. ئەو هاتبووە لای ئێمە داوای رێنمایی دەکرد، دوای ئەوەی هەندێک رێنماییمان کرد، ئێستا بارودۆخی باشترە".

### باوکی ویستی دەستدرێژیی بکاتە سەر

یەکێکی دیکە لە دۆسیەکان کە لەلای جوانە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشی لێ ئاگادار کراوەتەوە، دۆسیەی کچێکی ئاوارەی شاری کەرکووکە. جوان گوتی "کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ لەرێگەی چەند کەسێکەوە هانای بۆ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بردبوو، گوتبووی کە باوکی هەوڵی داوە دەستدرێژیی بکاتە سەر. دوای بەدواداچوون و قسەکردن لەگەڵ دایکی، دەرکەوت قسەی کچەکە راستە، بەڵام هۆکارەکەی ئەوە بووە کە باوکی نەخۆشیی دەروونی هەیە و پێشتریش هەوڵی دەستدرێژی بۆ سەر دراوسێ و خزمەکانیشی داوە".

بە گوتەی جوان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو کچە، هەوڵ دەدەن بیدەن بە شوو، بەڵام جوان رەخنەی لەو بڕیارە گرت و گوتی "کارێکی هەڵەیە کچێک دوای ئەو حاڵەتە بڕیاری هاوسەرگیریی بۆ بدرێت، بەڵکو دەبێت چارەسەری نەخۆشییەکەی باوکی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کارانە دووبارە نەکاتەوە".

### دوو کچەکەیان وەرناگرنەوە

یەکێکی دیکە لەو کەیسانەی کە بەلای جوان حەسەنەوە بە ئازارە، کەیسی دوو کچی خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵە کە چەند جارێک لەماڵەوە هاتوونەتە دەرەوە و دواجار خێزانەکەشیان ئامادە نەبوون وەریانبگرنەوە تا دواتر رەوانەی شەڵتەرێکی ژنانیان کردوون لە سلێمانی.

ئەو دوو کچە گەورەکەیان تەمەنی 17 ساڵە و بچووکەکەشیان تەمەنی 10 ساڵانە، وازیان لە خوێندن هێناوە. کەسێک جوانەی لە دۆسیەی ئەو دوو کچە ئاگادار کردووەتەوە. جوانە گوتی "ئەو کەسە ئاگاداری کردمەوە کە ئەو کچانە لەسەر شەقامەکانی کەرکووک بوون و ئەویش بردبوونی بۆ ماڵی خۆی. جوان گوتی "کە سەردانم کردن بینیم ئەشکەنجە درابوون و کچە گەورەکە دەیگوت لەلایەن برایەکمەوە ئەشکەنجە دراوم".

جوان دواتر سەردانی کەسوکاریانی کردووە و بۆی دەرکەوتووە باوکیان پەککەوتەیە و دایکیشیان تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و پاشان مردووە، بۆیە نەیتوانیوە بە باشی ئیدارەی کچە گەورەکەیان بکات تا نەهێڵێت بڕواتە دەرەوە و بەو هۆیەوە کچە بچووکەکەشیان لەگەڵ خوشکەکەی رۆیشتووە.

جوانە گوتی "دوو کچەکەمان بردنەوە ماڵی باوکی، لەوێ براکەیان نکۆڵیی لەوە نەکرد کە ئەشکەنجەی داون، ئەویش بۆ ئەوە بووە کە نەچنە دەرەوە".

جارێکی دیکە ئەو دوو کچە لە ماڵی باوکیان هەڵدێن و گەورەکەیان پەیوەندی بە جوانەوە دەکاتەوە. پاشان ماڵێک لە کەرکووک ئەرکی بەخێوکردنیان دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەوێش دانەنیشتوون. جوانە گوتی "کچە گەورەکەیان دەیگوت بۆیە لەو ماڵە رامانکرد چونکە بە زنجیر دەمانبەستنەوە و دەرگامان لێ دادەخەن، بەڵام خێزانەکە رەتیانکردەوە کە بەستبێتیانەوە و گوتیان دەرگایان لەسەر داخستوون بۆ ئەوەی نەڕۆنە دەرەوە".

بە گوتەی جوان، دوای هاتنە دەرەوەی دووەمجاری ئەو دوو کچە و بۆ پاراستنیان، نزیکەی هەشت مانگ لە بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی کەرکووک دایاننناون، دواتر رەوانەی شەڵتەرێک کراون لە سلێمانی. جوانە گوتی "بەداخەوە نەمانتوانی کێشەی ئەو دوو کچە لەنێو خێزانەکەیان چارەسەر بکەین، ئەوەندەی لێی تێگەیشتین، هۆکاری پەرتەوازەبوونیان پەروەردەی نادروست بوو".

# لە خەمساردیی پۆلیس و دادگادا دەبێتە قوربانی



**هەمزە بیتوێنی**
**رووداو- راپەڕین**

ژنێک بێسەروشوێن دەبێت، رێکخراوەکانی ژنان دەڵێن کوژراوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان دەڵێن هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئەو ژنە کوژرابێ. سەرەڕای ئەوەش پۆلیس بە تۆمەتی کوژرانی ژنەکە 4 کەس دەستگیر دەکات و فەرمانی گرتنیشی بۆ پێنج کەسی دیکە دەرکردووە.

دیارنەمانی ئەو ژنە پێدەچێ پەیوەندی بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت کە نزیکەی نۆ مانگ لەمەوبەر لە گوندی کلاوسووورانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە لە نێوان دوو خێزاندا روویداوە.

کوڕێک بە ناوی (س) دەچێتە ماڵی ژنێک بەناوی (بێگەرد.ح) تەمەن 29 ساڵ، دوای ئەوەی لەلایەن خاوەن ماڵەکەوە پێکەوە دەبینرێن، کێشەکە دەگەیەنرێتە پۆلیس و دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی هەردووکیان دەدات. بەڵام دواتر هەردووکیان ئازاد دەکرێن و دادوەر بەڵێننامە بە نۆ لە کەسە نزیکەکانی ژنەکە پڕدەکاتەوە کە دەبێت ژیانی ئەو ژنە پارێزراو بێت.

عەبدوڵڵا حوسێن بابا رەسوڵ، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە راپەڕین بە (رووداو)ی گوت، ژنەکە و گەنجەکە بەپێی ماددە 377 لە یاسای سزادانی عێراقی بە تۆمەتی ناپاکی هاوژینی دەستگیرکران، بەڵام رۆژی 2015/9/7 سکاڵاکار کە مێردی ژنەکە بوو، داواکەی کشاندەوە. پێش ئازادبوونیان دادوەر بەپێی ماددەی 428 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەیەکی دیکەی بۆ کردنەوە بە تۆمەتی بەزاندنی سنووری ماڵ، دواتر ئازادی کردن لەسەر بنەمای وەرگرتنی بەڵێننامە لە نۆ کەس لە کەسە نزیکەکانی ژنەکە کە هیچ توندوتیژی و دەستدرێژیەک بۆ سەر ژیانی بێگەرد نەکەن.

بێگەرد و مێردەکەی دەگەڕێنەوە لای یەکدی و ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێدەکەنەوە، تا ئەو رۆژەی بڕیار دەدەن ناوچەکە جێبهێڵن. رائید عەبدوڵڵا دەڵێت "زانیاریمان بۆ هات کە ماڵیان گواستووەتەوە بۆ هەولێر، بۆیە بە نووسراو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیمان ئاگادار کردەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە گوایە بێگەرد کوژراوە".

دوای ئەو هەواڵە، جارێکی دیکە دۆسیەی بێگەرد لە پۆلیسی چوارقوڕنە زیندوو دەکرێتەوە. دادوەر بەپێی مادە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی نۆ کەسی داوە. رائید عەبدوڵڵا دەڵێت "لەو نۆ کەسە تا ئێستا تەنیا چواریان دەستگیرکراون، ئەوانیش بە کەفالەت ئازادکراون".

هەرچەندە هەواڵی کوژرانی بێگەرد بە فراوانی لەنێو پۆلیس و رێکخراوەکانی ژنان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بڵاوبووەتەوە و دۆسیەشی بۆ کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کوژرانەکەی بە بەڵگەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

موقەدەمی مافیەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر دەڵێت ئەوانیش هەواڵی کوژرانی ئەو ژنەیان پێگەیشتووە، بەڵام پێشتر کەس ئاگاداری نەکردوونەتەوە کە ژنێکی هەڕەشەلێکراو هاتووەتە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان.


سەبارەت بە ئەگەری کوژرانی ژنەکەش، موقەدەم ژیلەمۆ گوتی "تەنیا هەواڵدەر هەیە دەڵێت کوژراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی وێنەیی، دەنگ و ڤیدیۆ و نووسراو نییە کە بڵێت ئەو ژنە کوژراوە".

هەروەها موقەدەمی پۆلیس عەبدوڵڵا عومەر حەمەد، بەڕێوەبەری جوڵانەوە و تاوان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان گوتی "لە دوای دروستبونی کێشە کۆمەڵایەتییەکەی رانیە، ئەو ژنە بە کەفالەت ئازاد کرا، بەڵام نەدەبوو بە کەفالەت ئازاد بکرێ. هەر کەسێک خۆی داوا بکات ئازاد بکرێت پۆلیس و دادگا لارییان نییە لە ئازادکردنی. بەڵێننامە لە کەسێک وەردەگیرێت و پەڕاوەکە دادەخرێت، تاوەکو ماوەیەک پۆلیس چاودێریی کەیسەکە دەکات بۆ سەلامەتیی ژیانی کەسەکە، کاتێکیش دڵنیابوون لە سەلامەتی، لەژێر چاودێریی ئێمە دەردەچێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کەسوکاری (س) گومان دەکات کە ئەو ژنە کوژرابێ و دەڵێت "ئێمە چەندینجار داوامان کردووە سوڵح بکەن، بەڵام ئەوان رەتیدەکەنەوە، تەنانەت دوایینجار گوتیان ئێمە کچەکەی خۆمان کوشت و ئێوەش کوڕەکەتان بکوژن".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئێمە گومانمان هەبوو کە ئەو ژنە دەکوژرێ، هەر بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردەوە، ئێستاش ژیانی کوڕەکەی ئێمە لە مەترسیدایە، هیواداریـن حکومەت کارێک بکات و کوژراوەکان نەبن بە دوو".

رووناک فەرەج، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان ئاگاداری ئەو چیرۆکەیە و دەڵێت نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر پەیوەندیی پێوەکراوە کە ژنێکی هەڕەشەلێکراو لە سنووری رانیەوە گواستراوەتەوە بۆ هەولێر، هەر بۆیە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانی لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە مەترسی لەسەر ژیانی بێگەرد هەیە، بەڵام ئێستا هەواڵی پێگەیشتووە کە بێگەرد کوژراوە.



## لە سلێمانی 69 هەزار هاوسەرگیری کراوە

**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی خێزان کە 15/5ی هەموو ساڵێکە، ئاماری هاوسەرگیری لە ماوەی پێنج ساڵدا لە پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە کە لە دادگای سلێمانی وەرگیراوە لە ماووەی نێوان ساڵی 2010 تاوەکو 2014دا 69 هەزار و 101 هاوسەرگیری کراوە. زۆرترین هاوسەرگیریش لەساڵی 2012بووە کە 17 هەزار و 20 گرێبەستی هاوسەرگیری بووە.، هەر بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا 18 هەزار و 67 حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## یاسا نەفام ناپارێزێ

ئافرەتێکی خاوەنکار و خوێندەوار، بەڵام بەهۆی نەزانین و نەشارەزایی لە یاسا و باوەڕکردنی بە کەسی بەرامبەر، فێڵی لێکرا.

ئەو ئافرەتە گێڕایەوە کە لە کۆمپانیایەک کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی گواستنەوەی بۆ لقێکی کۆمپانیاکە پێویستی بە هۆیەکانی گواستنەوە بووە، بۆیە ویستوویەتی ئۆتۆمبێلێک بکڕێت، کاتێک ئەو بابەتەی لەگەڵ هاوکارەکانی باس کردووە، یەکێک لە کارمەندەکانی کۆمپانیاکە دەڵێت من ئۆتۆمبێلەکەی خۆم بە قیست دەفرۆشم، هەردوولا ڕێکدەکەون، بەڵام بەبێ ئەوەی نووسراوێک یان گرێبەستێک یان شایەتێک لە نێوانیاندا هەبێت. دوای دوو مانگ فرۆشیار کڕیارەکە تەنگاو دەکات کە پارەی ئۆتۆمبێلەکەی بداتێ، هەرچەندە ئافرەتەکە پێیگوتووە من ناتوانم ئەو پارەیە بدەم و ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە، بەڵام کارمەندەکە ڕازی نەبووە و هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر پارەی ئۆتۆمبێلەکەی نەداتێ، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات.

کەسێک کە کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکات، دەکەوێتە نێوانمان و پێشنیاز بۆ ئافرەتەکە دەکات کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەکڕێت، یان لە جیاتی ئەوە پارەی دەداتێ و مانگانە پارەکەی بە قیست بداتەوە. ئافرەتەکە دەڵێت لەبەر ئەوەی زۆر پێویستی بە ئۆتۆمبێل بووە، پێشنیازی یەکەمی قبوڵ کردووە. بەڵام کەسەکە پێیگوتووە بەو مەرجەی تۆ بریکارنامەیەک بۆ پارێزەرەکەم لەسەر خانووەکەت بکەی بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێک لە کۆمپانیاکان بە قیست بکڕم، پارەکەت دەدەمێ. ئافرەتەکە بریکارنامەکەی بۆ دەکات بەناوی فرۆشتن، بەڵام لە نێوان خۆیاندا ڕێکدەکەون کە فرۆشتنەکە تەنیا لەسەر کاغەز بێت.

دوای ئەوەی ئافرەتەکە چوار پێنج قیستێک دەداتەوە، ڕۆژێکیان کەسێک لە دەرگای ماڵەکەی دەدات و تووشی شۆکی دەکات کاتێک پێیدەڵێت ئەو خانووەم کڕیوە و مۆڵەتی دوو مانگت هەیە دەبێ چۆڵی بکەی. ئافرەتەکە پەیوەندی بەو کەسەوە دەکات کە پارەکەی لێوەرگرتووە، ئەویش پێیدەڵێت من چەند ئۆتۆمبێلێکم لەو پێشانگایە هێناوە، نەمتوانی پارەکەیان بدەمەوە، چونکە ئۆتۆمبێلەکانم بە نرخێکی گران بە قیست هێناوە، لەدەرەوە بە نرخێکی هەرزانتر بە کاش فرۆشتوومن، بەهۆی ئەوەوە قەرزێکی زۆری کۆمپانیاکەم لەسەر کەڵەکە بووە و نەمتوانی قەرزەکە بدەمەوە، بریکارنامەی خانووەکەی تۆ لەلای ئەوان بوو، بۆیە ئەوانیش لە جیاتی قەرزەکەی من خانووەکەی تۆیان فرۆشت. بەڵام ئێستاش هیچ نەبووە، خانووەکەی تۆ دەفرۆشین و پارەکەی تۆی لێدەردەکەین، ئەمجارەیان من مانگانە پارەکەت بە قیست دەدەمەوە.

کاتێک ئافرەتەکە ڕەوانەی دادگا کرا، بڕیار درا کەوا تۆمەتبار بانگ بکرێت. لەکاتی ئامادەبوونی تۆمەتبار کاتێ پرسیاری ئەوەی لێکرا کە ڕاستە پێیگوتووە بریکارنامە بۆ پارێزەرەکەی بەناوی فرۆشتن بکات؟ ئەو گوتی بەڵێ ڕاستە، بەڵام من بەتەمای فرۆشتنی نەبووم، کاتێک ئۆتۆمبێلم بە بریکارنامەکە ڕاکێشا پارەم نەبوو بیدەمەوە، بۆیە کۆمپانیاکە خانووەکەی فرۆشت، ئێستاش یاسا چی بڵێت من ئامادەم. دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی ئەو کەسە بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە قۆڵبڕین. تۆمەتبارەکە بە سێ مانگ بەندکردن سزا درا، بە ئافرەتەکەش ڕاگەیەنرا کە بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەی دەتوانێ لە دادگای شارستانی داوایەک بنووسێ.

لە دۆسیەی ئەو ئافرەتەوە بۆمان دەرکەوێت کە نەشارەزایی لە مامەڵە و یاساکانی کڕین و فرۆشتن، یان ڕاوێژنەکردن بە کەسانی شارەزا لەو بوارە، چ کارەساتێکی بەدوادادێت. بە کورتییەکەی ئەو ئافرەتە بە نەزانی خۆی تێکەوتووە، لە خۆڕایی نەگوتراوە، یاسا کەسانی نەفام ناپارێزێ (القانون لایحمی المغفلین).

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

لە گەرمیان..

# 13 ژن دێنێت و یەکێکیان دەفرۆشێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- گەرمیان**

پیاوێک لە سنووری گەرمیان سەرەڕای ئەوەی 13 ژنی هێناوە، یەکێکیانی بە شەش ملیۆن دینار بە کەسێکی خەڵکی دهۆک فرۆشتووە. منداڵەکانی ئەو ژنەش بە تۆمەتی پێشێلکردنی مافیان، سکاڵایان لە دژی تۆمار کردووە.

نووسینگەی گەرمیانی مافی مرۆڤ ماوەی نزیکەی 16 ساڵە کراوەتەوە. لەو ماوەیەدا چەندین کەس سکاڵایان لەو نووسینگەیە تۆمار کردووە بەهۆی ئەوەی مافیان پێشێل کراوە.

خەبات ڕەشید، بەڕێوەبەری نووسینگەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان بە سێ ڕێگە چاودێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ دەکەن، یەکێکیان ئەو کەسانەی سکاڵا تۆمار دەکەن، هەروەها ئەگەر پێشێلکارییەک بەرامبەر مافی مرۆڤ لە میدیاکانەوە بڵاوبکرێتەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەن، پاشانیش حاڵەتی پێشێلکاری بەهۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

بەپێی ئاماری ئەو نووسینگەیە کە دراوەتە (رووداو)، ئەمساڵ 30 کەس سکاڵایان تۆمار کردووە کە 15یان لەڕێی بەندیخانەوە بۆیان هاتووە. ساڵی ڕابردووش نزیکەی 60 سکاڵا لەلای ئەوان تۆمار کراوە.



### 13 ژنی هێناوە و یەکێکیانی فرۆشتووە

خەبات باسی ناوەڕۆکی هەندێک لە سکاڵاکانی کرد کە یەکێکیان سکاڵای سێ منداڵ بووە لە ساڵی ڕابردوودا. ئەو منداڵانە بە تۆمەتی پێشێلکردنی مافیان لەلایەن باوکیانەوە سکاڵایان تۆمار کردووە. خەبات گوتی "ئەو پیاوە تەمەنی نزیکەی 55 ساڵە و تائێستا 13 ژنی هێناوە کە دوایینیان ژنێکی عەرەب بووە. لەو 13 ژنەش 20 منداڵی هەیە، لە هەندێکیشیان جیانەبووەتەوە. بەڵام بە گوتەی ئەو منداڵانە، دایکیانی بە نزیکەی شەش ملیۆن دینار بە کەسێکی خەڵکی دهۆک فرۆشتووە".

بەگوتەی خەبات، ئەو پیاوە پاسەوانی یەکێک لە بیرە نەوتەکانی سنووری کەرکووکە و سکاڵای منداڵەکانیشی لەسەر ئەوە بووە کە زۆرجار لە شوێنی خۆی پاسەوانیی پێکردوون "منداڵەکان دەیانگوت هەندێک شەو بەبێ نان و پێداویستی لە بیرە نەوتەکان جێیهێشتووین و هەندێجاریش ئاژەڵی پێ بەخێوکردووین".

دوای تۆمارکردنی ئەو سکاڵایە لەلایەن منداڵەکانییەوە، نووسینگەی مافی مرۆڤ لەڕێگەی داواکاری گشتیی گەرمیانەوە سکاڵای لە دژی ئەو پیاوە تۆمار کردووە. خەبات ڕەشید گوتی "پیاوەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەستگیرکرا، بەڵام دوو کەس بوونە کەفیلی و ئازاد کرا، لەو سێ ڕۆژەدا لەبەرئەوەی لە خولێک بووم لە دەرەوەی گەرمیان، نەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام جارێ ڕۆژی دادگایی ماوە و بەدواداچوون بۆ کەیسەکەی دەکەین".

### لەگەڵ خۆشەویستەکەی، مێردی خۆی خنکاند

یەکێکی دیکە لەو چیرۆکانەی کە ئەو نووسینگەیە بەدواداچوونیان بۆ کردووە، چیرۆکی ژنێکە لەگەڵ گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەیەکی سەر بە گەرمیان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر دوکانیان بەرامبەر یەکدی بووە و بەو هۆیەوە یەکدییان ناسیوە و پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروستبووە، دواجار پەیوەندییەکەیان بە خنکاندنی مێردی ژنەکە کۆتایی هاتووە و سزا دراون.

خەبات گوتی "ئەو ژنە و گەنجەکە لە گرتن و گواستنەوەی گەرمیان داوایان کرد سەردانیان بکەین، ژنەکە دەیگوت لەگەڵ مێردەکەم ئاسوودە نەبووم و داوای جیابوونەوەم دەکرد، بەڵام دەستبەردارم نەدەبوو، سکاڵام لای ڕێکخراوەکانی ژنانیش کرد، بەڵام هیچیان بۆ نەکردم و هەموو کاتێکیش کە دەتۆرام، خێزانەکەم بە زۆر دەیانناردمەوە، بەو شێوەیە نزیکەی 12 ساڵ کێشەمان هەبوو".

بە گوتەی خەبات، نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر کێشەکەیان گەیشووەتە بنبەست و ژنەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەی پلانیان بۆ کوشتنی مێردەکەی داناوە "بەقسەی خۆیان شەوێک پیاوەکەیان بە پەنجەرەوە بەستووەتەوە و هەوڵیان داوە ناچاری بکەن بۆ ئەوەی تەڵاقی بدات، بەڵام پیاوەکە نەچووەتە ژێر باری ئەو داوایە، بۆیە هەر ئەو شەوە خنکاندوویانە. دوای دەستگیرکردنیان دانیان بە تاوانەکەدا نا و سزای هەتا هەتایییان بەسەردا درا".

ئەو بەرپرسەی مافی مرۆڤ کە لە بەندیخانە هەردووکیانی بینیوە، گوتی "لە بەندیخانەش لە خۆشەویستییان بەردەوام بوون و گوتبوویان دەبێت لە دوو هۆڵی بەرامبەر یەکدی بن، ژنەکە دەیگوت ئاواتم هاتووەتەدی، لەبەرئەوەی هیچ کەس و لایەنێک نەیتوانی کێشەی مێردەکەم بۆ چارەسەر بکات، ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت دوای سزادانیان هاوسەرگیرییان کرد".

# باوەڕیان بە بڕیاری دادگا نەکرد و کوشتیان

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- چەمچەماڵ**

پیاوێکی دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵ بە بەرچاوی باوکییەوە بە 11 فیشەک کوژرا. کەسوکاری قوربانییەکە خزمێکی خۆیان بە کوشتنی تۆمەتبار دەکەن، لەسەر ڕووداوەکەش فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێک دەرچووە، بەڵام تائێستا دەستگیر نەکراون.

ئەم ڕووداوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/5/9 لە ناوچەی بانی مەقانی سنووری شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕوویدا و قوربانیەکەش هاووڵاتییەکی تەمەن 37 ساڵ بوو بەنێوی عەدنان خالید.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ڕووداوی کوشتنەکە پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقیش فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێک دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "دەگوترێت پێشتر عەدنان کەسێکی کوشتووە، بەڵام دوای تۆمارکردنی سکاڵا لەسەری، دادگا وەکو بێتاوان بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرکردووە".

دووەم ڕۆژی پرسەکەی عەدنان جەمەی دەهات لەو کەسانەی بۆ سەرەخۆشی هاتبوون.

کازم عوبێد ئامۆزای عەدنان بە (رووداو)ی گوت، ڕۆژی ڕووداوەکە عەدنان سەردانی باوکی کردووە لە بەرزاییەکانی بانی مەقان کە لەوێ سەرقاڵی کشتوکاڵ بووە، لەناکاو کەسێکیان بە جلی ڕەشەوە بینیوە کە چووەتە سەریان. کازم گوتی "عەدنان گوتبووی کوڕەکەی نەعمان هات بۆمان، ئەو کەسە سەرەتا تەقەی لە باوکی کردووە، بەڵام بەری نەکەوتووە. عەدنان هەوڵی داوە ڕابکات، بەڵام بکوژەکە نزیکەی 11 فیشەکی پێوە ناوە و هەڵاتووە".

بە گوتەی کازم، ساڵی 2006 کوڕێکی خێزانی بکوژەکە کە خزمی خۆیشیانن، بەنێوی پشکۆ کوژراوە. ئەو کات پەنجەی تۆمەتیان بۆ عەدنان درێژ کردووە. کازم گوتی "عەدنان پێیگوتن ئامادەم بۆ هەر لێپرسینەوەیەک، ئەوە بوو لەسەر سکاڵای ئەوان، عەدنان و برایەکی لە شاری کەرکووک بۆ ماوەی هەشت مانگ دەستگیرکران، بەڵام دادوەر لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەک بە چوار دانیشتن کۆتایی بە کێشەکە هێنا و عەدنان و براکەی ئازادکران".



وەکو کازم باسی کرد، دوای ئازادبوونی عەدنان، مامێکی پشکۆ بە باوکی عەدنانی گوتووە "چەندێک کوڕەکەتان دەستگیرکراوە و چەندێکیش پاکانەتان کردووە، بەڵام ئێمە خۆت یان عەدنان لە تۆڵەی پشکۆ دەکوژین". هەر بە گوتەی ئامۆزاکەی "ئەو خێزانە خۆیان دەزانن کێ کوڕەکەیانی کوشتووە، بەڵام ناوێرن بەرامبەر ماڵی بکوژەکە قسە بکەن، تەنانەت عەدنان لەم چەند ساڵەشدا بێ هیچ ترسێک هاتوچۆی دەکرد، چونکە لە خۆی دڵنیا بوو".

عومەر محەممەد ئامۆزایەکی دیکەی عەدنانە و بە گوتەی خۆی لەنێو دانیشتنێکی چارەسەری ئەو کێشەیەدا بووە و گوتی "خێزانی پشکۆ دەیانگوت لە کوشتنی کوڕەکەیان گومانیان لە چەند کەسێکە کە یەکێکیان عەدنان بوو، ئێمەش سەردانمان کردن و عەدنانیشمان لەگەڵ خۆمان برد، لەوێ پێیگوتن دواییـنجار کوڕەکەیانی لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا لە نێو بازاڕی چەمچەماڵ بینیوە، تەنانەت بە کوڕەکەیانی گوتووە دەڕۆم بۆ سلێمانی لەگەڵمدا نایەیت؟ ئەویش گوتوویەتی نەخێر فەرمانی دەستگیرکردنم هەیە".


بەڵام نەعمان ڕەحیم، باوکی پشکۆ بەجۆرێکی دیکە باسی کوشتنی کوڕەکەی کرد و بە (رووداو)ی گوت "لە 2006دا کوڕەکەم لەگەڵ سێ کەسی دیکە کە یەکێکیان عەدنانە، چوونەتە دۆڵێکی خوار ناحیەی قەرەهەنجیر و نووسراومان هەیە یەکێک لە شایەتەکان لە دادگای تاوانەکانی کەرکووک گوتوویەتی عەدنان پشکۆی کوشت، دواتر یەکێکی دیکە دیسان فیشەکی پێوە ناوە، بەڵام نازانین بۆچی کوشتوویانە".

نەعمان بێئاگایی خۆیانی لە کوشتنی عەدنان دەربڕی و گوتی "کێشەمان لەگەڵ عەدنان نەبووە، ئاگاشمان لە کوشتنی نییە، چونکە ئەگەر مەبەستمان کوشتنی بووایە 10 ساڵە هاتوچۆی گوندەکەمان دەکات دەمانکوشتەوە". سەبارەت بە خۆشاردنەوەی کوڕەکەشی کە تۆمەتبارکراوە بە کوشتنی عەدنان، نەعمان گوتی "فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێکمان دەرچووە، بەڵام نازانم کوڕەکەم لە کوێیە".

عەدنان لە دادگا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبووە کە کوڕەکەی ئەوانی کوشتبێت و لەلایەن دادوەرەوە ئازادکراوە. نەعمان گوتی "شایەت هەیە کە عەدنان کوڕەکەی منی کوشتووە، بەڵام لە دادگای تاوانی کەرکووک بە واسیتە هێنایانە دەرەوە. کاتێک دادوەر ئازادی کرد، ئێمە هیچمان بۆ نەمایەوە".

## (ڕووداو) دەقەکەی بڵاودەکاتەوە

# سایکس- پیکۆ... ڕێککەوتننامەیەکی پیر




ڕێبوار قاسم و چۆمان تەقیەدین
ڕووداو- هەولێر

100 ساڵی تەواو لەمەوبەر، دروست لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا (1916/5/16)، بەریتانیا و فەرەنسا بە ڕەزامەندیی رووسیای قەیسەری، لەسەر پرۆژەیەک ڕێککەوتن کە ناوی لێنرا "ڕێککەوتنی ئاسیای بچووک"، دواتر ئەم ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنی "سایکس-پیکۆ" ناوبانگی دەرکرد کە لە ناوی هەردوو دیپلۆماتکار و سیاسەتکاری بەریتانی "مارک سایکس" و "فرانسوا جۆرج-پیکۆ" وەرگیرابوو، لە کاتێکدا ئەوان داڕێژەری سەرەکیی ڕێککەوتننامەکە بوون.

ناوەڕۆکی سایکس-پیکۆ کە لە شاری سان پیتەرسبورگ واژۆ کرا، لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت:

**یەکەم:** رووسیای قەیسەری ئیستەنبوڵی پایەتختی عوسمانی و چەند میلێک لە ناوەوە لەسەر هەردوو ڕۆخی گەرووی بۆسفۆر و بەشێکی زۆری باکووری کوردستان کە بریتی بوون لە ویلایەتەکانی (قارس، بەدلیس و وان و ئەرزڕووم) لەگەڵ تەواوی خاکی ئەرمەنستانی بەرکەوت.

**دووەم:** بەریتانیا ناوەڕاست و خوارووی عێراقی ئێستا، هەردوو سنجاقی سلێمانی و کەرکووک لە ویلایەتی مووسڵ، خۆرهەڵاتی ئوردن، هەردوو بەندەری حەیفاو عەککای لە ئیسرائیل (فەلەستین) بەرکەوت.

**سێیەم:** فەرەنسا تەواوی سووریا و لوبنان، ناوچەی کیلیکیا (ئەدەنە) لە تورکیا، هەرسێ سنجاقی هەولێر، دهۆک و مووسڵ لە ویلایەتی مووسڵ، ویلایەتی ماردین، ئورفا و گازی عەنتاب و تەواوی خۆرهەڵاتی کوردستانی بەرکەوت.

**چوارەم:** ناوچەیەکی نێودەوڵەتی لە ئیسرائیل (فەلەستین) واتە ئورشەلیم (قودس) و دەوروبەری دروستکرا کە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە بەڕێوە دەبردرا.

ئامانجە ستراتیژییەکەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بریتی بوو لەوەی ڕێگە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەناوەوە (واتە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیی غەیرە تورکدا) هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمەش بە تایبەتی ئامانجی بەریتانیا بوو.

لە پرۆتۆکۆڵی ئەو کۆبوونەوەیەی بیرۆکەی ڕێککەوتنەکەی لێوە هاتووە، دەردەکەوێت مارک سایکس بە متمانەیەکی تەواوەوە باسی لەو هێڵە سنوورییە کردووە کە دەبووایە لەگەڵ فەرەنسییەکان لەسەری ڕێکبکەون. لەو کۆبوونەوەیەدا ئارسەر بالفۆر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بەریتانیا لە سایکسی پرسیوە "حەز دەکەیت چ جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ فەرەنسییەکان بکەی؟" سایکس لە وەڵامی بالفۆردا گوتوویەتی "حەز دەکەم هێڵێک لە خاڵی (e) لە عەککا بۆ (k) لە کەرکووک بکێشم." وەکو دەگێڕنەوە سایکس زۆر حەزی لە کێشانی هێڵ بووە.

بەر لە هەموو شتێک، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە نەخشەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی ڕاستەوخۆی سایکس-پیکۆ نییە، بەڵکو ئەو ڕێککەوتننامەیە تەنیا بناغەی ئەو نەخشەیەیە کە دواتر بەهۆی ڕێککەوتننامەکانی سیڤەر و لۆزان دیاری دەکرێت. دووەم شت کە هەر پەیوەندی بەوەی پێشترەوە هەیە، ئەوەیە فەرەنسا و بەریتانیا بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەت یان دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ کورد، عەرەب یانیش تورک لە ناوچەکەدا نەکردبووەوە، لە کاتێکدا هەر وەکوو لە ڕێککەوتننامەکەدا دیارە، هەر دەسەڵات یانیش کۆنفیدراسیۆنێکی عەرەبیش لە ناوچەی شین یان سووردا دامەزرابایە، دەبووایە لەژێر چاودێریی بەریتانیا و فەرەنسادا کار بکات. بەدەر لەمانە، شکستپێهێنانی عوسمانییەکان و دواتر گرتنی ئیستانبوڵ (کە رووسیا چاوی لەسەر بووە) دەکرا بۆ کۆتایی بە مەترسی هاوپەیمانێتی سیانە بهێنێت کە لە هەر سێ وڵاتی ئەڵمانیا، نەمسا و مەجەر پێکدەهات.

نهێنیبوونی ڕێککەوتننامەی ئاسیای بچووک تەنیا بۆ شاردنەوەی نیازەکان لە دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانیی سیانە نەبووە، بەڵکو دەبووایە کۆمەڵێک ڕاستیش لە حوسێن بن عەلی، شەریفی مەککە بشاردرێتەوە، لەبەر ئەوەی هێنری مەکهۆن، کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە میسر، پێشتر کۆمەڵێک بەڵێنی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی بە سعودیە دابوو، سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە تەنیا ئەو ناوچانەی نەدەگرتەوە کە بەرژەوەندیی فەرەنسای تێدا بوو، لەبەرامبەریشدا دەبووایە بن عەلی بە هاندانی عەرەبەکان لەدژی عوسمانییەکان یارمەتی بەریتانیا بدات. بۆ ئەم مەبەستەش لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی 1915 هەتا کۆتایی مانگی یەکەمی 1916 نامە گۆڕینەوە لە نێوان شەریفی مەککە و مەکهۆندا هەبووە.

بەڵام وەکوو لە سایکس-پیکۆدا دەردەکەوێت، بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بەشێک لەو ناوچانەی بەریتانیا بەڵێنی بە بن عەلی دابوو، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا دابەش بکرێ.



فرانسوا جۆرج-پیکۆ



مارک سایکس

خاڵێکی دیکە کە عەرەبەکان و بەتایبەت بن عەلیی دڵگران کرد، ڕاگەیاندنەکەی ئارسەر بالفۆر، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ جووەکان لە فەڵەستین. بالفۆر ڕایگەیاند "زایۆنیزم ڕاست بێت یان هەڵە، چاک بێت یان خراپ، ڕەگوڕیشەی لە نەریتێکی دوور و درێژ و لە پێویستییەکان و لە هیواکانی داهاتوودایە، ئەمەش زۆر لە ئارەزوو و دەمارگیریی 700 هەزار عەرەبی دانیشتووی وڵاتی دێرین (واتە فەلەستین) گرنگترە".

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی بۆلشەڤیک لە رووسیا، رووسەکان چیدی داوای ئەو پشکەیان نەکرد کە بڕیاربوو لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دەستیان بکەوێت، هەر بۆیە لە 23ی نۆڤەمبەری 1917دا کۆپییەک لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆیان لە ڕۆژنامەکانی ئیزڤێستیا و پراڤدا-دا بڵاوکردەوە، سێ ڕۆژ دواتر کۆپییەکی لە ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانیشدا بڵاوبووەوە. ئاشکرابوونی ناوەڕۆکی سایکس-پیکۆ نەک هەر عەرەبەکان بەڵکو جووەکانیشی نیگەران کرد، لەبەر ئەوەی سێ هەفتە پێشتر ڕاگەیێندراوی بالفۆر بڵاوکرابووەوە.

ئەگەرچی سایکس-پیکۆ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی لە دامەزرانی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام زۆربەی شرۆڤەکاران پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی ئێستای عێراق، سووریا، کورد و فەلەستین و ئیسرائیل بۆ ئەم ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە کە بەگوێرەی زۆربەی شرۆڤەکاران ڕێککەوتنێکی ئیمپیریالیستی هەڕەمەکییە و تێیدا تەنیا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە پێش و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ڕەچاوکراوە، نەک خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە و ئەو کێشانەی کە بەم هۆیەوە لە ساڵانی دواتردا سەریان هەڵدا.

لە ساڵی 1915دا سایکس حکومەتی ئەوکاتی بەریتانیا دڵنیا دەکاتەوە کە "لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کورد لایەنگری عەرەبە". کێشەی لە مێژینەی کورد و عەرەب لە سووریا و عێراق دەریدەخات کە مارک سایکس، هەرچەندە لە کێشانی هێڵدا لەسەر نەخشەکان شارەزا بووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەنجامەکانی ئەو هێڵکێشانە بۆ ناوچەکە و بۆ نەزمی جیهانی ببینێت، بۆ نموونە نەیتوانیوە پێشبینی سەرهەڵدانی بیرۆکەی پان-عەرەبیزم، پان-تورکیزم بکات لە ناوچەکەدا و لەپاڵ ئەواندا لە عێراق، سووریا و تورکیاش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد سەرهەڵبدات، ئەمە جگە لەوەی بە هیچ شێوەیەک پێشبینی شۆڕشی بۆلشەڤی نەکرابوو کە نەک بووە هۆی ئەوەی رووسیا ڕەزامەندی خۆی لە ڕێککەوتنەکە بکێشێتەوە، بەڵکو دواتر بۆلشەڤیکەکان بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکەکان کۆمەڵێک ڕێککەوتنیشیان لەگەڵ مۆر کردن کە بەشێکی بۆ ئەوە بوو دەسەڵاتی تورکیا کێشە بۆ پرۆسەی بە-سۆڤیەتیکردن لە قەوقاز دروست نەکات.

هەربۆیە سەیر نییە کە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتنەکانی دواتر بەهۆی خولیای شانشینە عەرەبییەکان و لە پەنجاکاندا بەهۆی دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر و لە نەوەتەکانیشدا بەهۆی دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری سەدام حوسێنەوە هەڕەشەی لەسەر بووە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا لاوازبوونی حکومەتەکانی ناوچەکە و بێتواناییان لە پاراستنی ئاسایش و کەڵەکەبوونی کێشە نێوخۆییەکان (کە بەشێکیان زادەی سایکس-پیکۆ و ڕێککەوتنە هاوشێوەکانین)، جارێکی دیکە هەڕەشەیان لە هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی ناوچەکە کرد. ئەم نەخشەیە هەم بە بەهێزبوونی زلهێزەکانی ناوچەکە و هەمیش بە لاوازبوونیان مەترسیی لەسەر بووە.

لە دەستپێکردنی قەیرانی سووریا و سەرهەڵدانی داعشەوە جارێکی دیکە مەترسی لەسەر سنووورە "هەڕەمەکییە"کەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبووەوە، لە کاتێکدا بەشێک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریایان پێکەوە بەستبووەوە.

پرسیارێک کە دوای سەت ساڵ دەبێ بکرێت، ئەوەیە کە ئایا ڕێکخراوێکی وەکوو داعش دەتوانێت سایکس-پیکۆ و سیڤەر و لۆزان وەکوو بیرۆکە هەڵبوەشێنێتەوە، یان تەنیا لەناو ئەو سنوورەی کە دانراوە، کۆمەڵێک دەستکاریی لاوەکی دەکات و لە بنەڕەتدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت؟ بە مانایەکی دی، ئایا دەستکاریکردنی کۆمەڵێک سنوور- بۆ نموونە سووریا و عێراق- دەتوانێت گەرەنتی کۆتاییهێنان بەو بیرۆکەیە بدات کە سایکس-پیکۆی لەسەر دامەزراوە و تێیدا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو کاتیان، کۆمەڵێک بنەمای بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی سنوورەکان پشتگوێخراوە و لەوێشەوە ئەو هەموو کارەساتە ڕوویداوە؟

سایکس-پیکۆ جیهانبینییە، بەر لەوەی داڕشتنێکی هەڕەمەکی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، کۆتاییهێنان بە سایکس-پیکۆ و ڕێککەوتننامە هاوشێوەکانی ئەگەر لە دەستکاریکردنی ئەو جیهانبینییە چەقبەستوو و تاکڕەهەندەوە دەستپێنەکات، ئەوە ناکرێت گەرەنتی ئەوە بکرێت قۆناغی دوای نەخشەکەی سایکس-پیکۆ لە قۆناغەکەی پێشتر باشتر بێت، لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی لە کۆتاییهێنان بە سایکس-پیکۆ دانانی کۆتاییەکی بنەڕەتییە بۆ هەموو ئەو کارەساتانەی ماوەی سەت ساڵە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- بەتایبەتیش کورد- بەدەستیەوە دەناڵێنن.

## دەقی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ (1916-5-16):

### بەندی یەکەم:

فەرەنسا و بەریتانیای مەزن ئامادەن، لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکێکی عەرەبدا دان بە سەربەخۆیی هەر دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ یانیش کۆنفیدراسیۆنی وڵاتە عەرەبییەکاندا بنێن، ئەمەش لە هەردوو ناوچەی (A ناوخۆی سووریا) و (B ناوخۆی عێراق)دا کە لە نەخشە هاوپێچکراوەکەدا دیاریکراون. لە ناوچەی (A) دا فەرەنسا و لە ناوچەی (B) دا بەریتانیا مافی لەپێشبوونیان لە چالاکی و دەستپێشخەرییە بازرگانییەکان و قەرزە ناوخۆییەکاندا دەبێت. لە ناوچەی (A)دا فەرەنسا و لە ناوچەی (B) دا بەریتانیا لەسەر داواکاریی دەوڵەتی عەرەبی یان کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتە عەرەبییەکان ڕاوێژکار و یانیش کارمەندە بیانییەکان پێشکەش دەکات.

### بەندی دووەم:

لە ناوچەی شین (واتە بەشی سووریا) و لە ناوچەی سوور (واتە بەشی عێراق لە بەغداوە هەتا کەنداوی عەرەبی) بەریتانیا ڕێگەی پێدەدرێت، بە ئارەزووی خۆی و هەر جۆرێک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت یان کۆنفیدراسیۆنە عەرەبییەکە بە گونجاوی دەزانێت، دەسەڵات یانیش چاودێرییەکی ڕاستەوخۆ یانیش ناڕاستەوخۆ دابمەزرێنێ.

### بەندی سێیەم:

لە ناوچەی قاوەیی (واتە ئیسرائیل- فەڵەستین) ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی دادەمەزرێنرێت، سەبارەت بەشێوەی ئیدارەکەش، دوای ڕاوێژ لەگەڵ رووسیا و دواتریش ڕاوێژ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دی و نوێنەرانی شەریفی مەککە، بڕیار دەدرێت.

### بەندی چوارەم:

بەریتانیا ئەمانەی لای خوارەوە بەدەست دەهێنێ:
ا- بەندەرەکانی حەیفا و عەککا.
ب- بڕێکی دیاریکراوی ئاوی دیجلە و فورات لەناوچەی Aبۆ ناوچەی B ی بۆ دەستەبەر دەکرێ. حکومەتی خاوەنشکۆش (واتە بەریتانیا) لەلایەن خۆیەوە بەڵێن دەدات کە بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی فەرەنسا ناچێتە هیچ دانوستاندنێکەوە کە بۆ دەستبەرداربوون لە قوبرس بە وڵاتێکی سێیەم ڕێکخرابێت.

### بەندی پێنجەم:

ئەلێکساندرێتا بەندەرێکی ئازاد بێت بۆ بازرگانیی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، هیچ مامەڵەیەکی جیاوازیش لە باجەکانی بەندەر ناکەوێتە سەر بەریتانیا، هەروەها هیچ ئاسانکاریەکی تایبەت بۆ کەشتیوانی و کەلوپەلەکانی بەریتانیا ڕەتناکرێتەوە. هەروەها دەبێت ڕێگە بدرێت کەلوپەلەکانی بەریتانیا لە ڕێگەی ئەلێکساندرێتا و بە هێڵی ئاسنین لە ڕێگەی ناوچەی شینەوە ئازادانە بگوازرێنەوە، جا چ ئەم کەلوپەلانە لە ناوچەی سوور یان ناوچەی A یان ناوچەی Bیەوە بێن یان بەرەو ئەو ناوچانە بگوازرێنەوە. لەو ناوچانەی ئاماژەیان پێکرا، لە هیچ هێڵێکی ئاسنی و لە هیچ بەندەرێک هەڵاواردنێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کەلوپەل یان بارە کەشتییەکانی بەریتانیا ناکرێت.

بەندەری حەیفا بەندەرێکی ئازاد دەبێت بۆ بازرگانیکردنی فەرەنسا، واتە ناوچەی دەسەڵات و پاراستنی فەرەنسا دەبێت. لەوێش لە مامەڵەکردن و ئاسانکارییەکاندا هیچ هەڵاواردنێک لەدژی بارە کەشتییەکان و کەلوپەلەکانی فەرەنسا ناکرێت. کەلوپەلە فەرەنسییەکان ئازادانە لە ڕێگەی حەیفا و لە ڕێگەی هێڵی ئاسنینی بەریتانییەوە بە نێو ناوچە قاوەییەکاندا دەگوازرێنەوە. جا چ ئەم کەلوپەلانە لە ناوچەی شینەوە، ناوچەی A یان ناوچەی Bیەوە بێن یان بەرەو ئەو ناوچانە بگوازرێنەوە. لەو ناوچانەی ئاماژەیان پێکرا، لە هیچ هێڵێکی ئاسنینی و بەندەرێک هەڵاواردنێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کەلوپەل و بارە کەشتییە فەرەنسییەکان ناکرێت.

### بەندی شەشەم:

هەتا هێڵی ئاسنی نێوان بەغدا و حەلەب تەواو نەکرێت، هێڵی شەمەندەفەری بەغدا لەناوچەی (A) بەرەو ئەودیوی مووسڵ لە باشوور درێژ ناکرێتەوە، هەروەها لە ناوچەی (B)ش هەتا ئەودیوی سامەڕا لە باکوور درێژ ناکرێتەوە، هەڵبەت ئەو کاتیش ئەمە تەنیا بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتەکە دەکرێت.

### بەندی حەوتەم:

بەریتانیای مەزن مافی ئەوەی هەیە ڕێیەکی ئاسنی دروست و ئیدارە بکات کە حەیفا بە ناوچەی (B)یەوە دەبەستێتەوە و بەریتانیا تاکە خاوەنی ئەو هێڵە دەبێت. هەروەها بەریتانیا مافێکی هەمیشەیی خۆیەتی هەموو کاتێک لە ڕێگەی ئەم هێڵەوە سوپا بگوازێتەوە.

هەردوو حکومەت دەبێت ئەوە بزانن کە ئەو هێڵە بۆ ئەوەیە ئاسانکاری بکرێت بۆ پێکەوەبەستنەوەی بەغدا بە حەیفا لە ڕێگەی هێڵی ئاسنەوە. جودا لەمە هەردوو حکومەتەکە دەبێت ئەوەش بزانن کە ئەگەر کێشەی ئەندازیاری یان تێچوونی بەردەوامیدان بە هێڵەکە لە ناوچەی قاوەیی وایکرد پرۆژەکە کردەیی نەبێت، ئەوە پێویستە حکومەتی فەرەنسا ئامادەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە ڕەنگە ئەم هێڵە بەرلەوەی بگاتە ناوچەی (B) بە "بەریورە-ئوم قەیس-مەلەقی-ئیدار-غەستا-مەغایەر"داتێپەڕێت.

### بەندی هەشتەم:

لە هەموو ناوچەکانی شین و سووری سەر نەخشەکە و هەروەها لە ناوچەکانی (A) و (B) سیستەمی باجی گومرگی تورکیا بۆ ماوەی بیست ساڵ بەردەوام دەبێت، واتە هیچ ڕسومێک ناخرێتە سەر باجەکان و ڕێسای نرخاندن لەباجەکان بەهەمانشێوە هەڵناگەڕێتەوە، مەگەر ئەوەی کە هەردوو دەسەڵاتەکە لەسەری ڕێککەوتبن.

بەڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەت، نابێ گومرگی ناوخۆیی لە نێوان ناوچە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە دابنرێت، سەپاندنی هەر باجێکی گومرگی لەسەر کەلوپەلە نێردراوەکانی ناوخۆ لە بەندەر دەبێت و دەدرێت بە بەشی کارگێڕیی ئەو ناوچەیە کە کەلوپەلەکانی بۆ دەنێردرێت.

### بەندی نۆیەم:

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، حکومەتی فەرەنسی بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەختە هیچکات هیچ دانوستاندنێک ناکات بۆ دەستبەرداربوون لە مافەکانی خۆی و هیچ مافێکی لەناوچەی شین ناداتە دەسەڵاتێکی سێیەم، هەڵبەت ئەم دەسەڵاتە دەوڵەت یان کۆنفیدراسیۆنی وڵاتە عەرەبییەکان ناگرێتەوە. لەلایەن خۆیەوە، حکومەتی خاوەن شکۆش لە ناوچەی سوور بەرامبەر حکومەتی فەرەنسا پابەندی هەمان بەڵێن دەبێت.

### بەندی دەیەم:

هەردوو حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا، بە سیفەتی پارێزەری دەوڵەتە عەرەبییەکان، نە خۆیان هیچ ناوچەیەک لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دەستدەخەن و نە ڕێگە بەهیچ دەسەڵاتێکی سێیەمیش دەدەن ئەمەی دەستبکەوێت.

هەروەها ڕێگە بەهیچ دەسەڵاتێکی سێیەم نادرێت بنکەی دەریایی لە کەناری ڕۆژهەڵات و دوورگەکانی دەریای سوور دابنێت. بەڵام ئەمە ڕێگر نابێت لەوەی لە سنوورەکانی عەدەن کۆمەڵێک هەموارکردن لەم بڕیارەدا بکرێت، لەبەر ئەوەی دەشێت لە ئاکامی هێرشەکانی ئەمدواییەی تورکیا ئەم هەموارکردنە پێویست بێت.

### بەندی یانزدەیەم:


دانوستاندن لەگەڵ عەرەبەکان سەبارەت بە سنوورەکانی دەوڵەت یان کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەهەمان ڕێگەی پێشوو و بە ناوی هەردوو حکومەت بەردەوام دەبێت.

### بەندی دوانزدەیەم:

فەرەنسا و بەریتانیا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بیر لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بکەنەوە بۆ چاودێریکردنی ناردنی چەک بۆ ناوچە عەرەبییەکان.

# پەیماننامەی سایکس- پیکۆ.. دوای 100 ساڵ

ئاکۆ قادر




لە کۆتایی سەدەی 18 و سەرەتاکانی سەدەی 19، ئەورووپییەکان لەڕێگەی سیاسی و سیخوڕ و گەڕیدەو توێژەرەکانیانەوە بەچڕی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بڵاوبوونەوە. ئەو سەردەمە سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و هەڵسانەوەی ئەورووپا بوو، بەپێچەوانەوە سەردەمی داڕووخان و لەبەریەکهەڵوەشانی ناوەکیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەرگەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو مەغریبی عەرەبی درێژ ببووەوە، ئەورووپییەکان بەم سەردان و گەڕان و تێبینیکردنانەیان بە ئاسانی دەیانبینی یەکێک لە دوژمنە دێرینەکانیان کە تا ماوەیەک پێش ئەوە هەڕەشە بوو بۆ سەر ئەورووپا و تەنانەت خەریک بوو ڤیەننا داگیر بکات، لە ناوەوە لەبەریەک هەڵدەوەشێ. لەو ڕۆژانەوە ئەورووپییەکان خەیاڵیان کەوتە سەر قۆستنەوەی ئەو بارودۆخە. ئەمە بەردەوام بوو تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی 20. ئەورووپییەکان لە ماوەی ئەو سەدەیەدا لەڕێی باڵیۆزخانەکانیانەوە، هەروەها لەڕێی دەستپێکردنی هەڵمەتی کۆلۆنیالی بۆ ناوچەکانی ئەفریقا، هیندستان و ناوچەکانی باشووری دەریای ناوەڕاست، نزیک ببوونەوە لەوەی ئابلۆقەی عوسمانییەکان بدەن، بەڵام بیانوویان بۆ پەلکێشانی سەربازی بۆ نێو دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، تا لە ساڵی 1914 جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان ئەڵمانیاو بەرەی هاوپەیمانی ئەورووپا سەریهەڵدا. نیوەی جەنگ تەواو نەبووبوو کە تورکەکان خۆیان خزاندە شەڕەکەوە و بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانەکان دژ بە بەریتانیا و فەرەنسا و دوژمنە تەقلیدییەکەی عوسمانی کە رووسیای قەیسەری بوو، پێش ئەوەی عوسمانییەکان ببنە بەشێک لە جەنگەکە، فەرەنساو بەریتانیا بە جیا بیریان لە داگیرکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان کردبووەوە. ئەوان دەیانزانی ژێر خاکی هەرێمە جیاوازەکانی بندەستی عوسمانی نەوتێکی زۆری تێدایە، بەشی ئەوە دەکات ئەورووپا لە کێشەی خەڵووز کە سووتەمەنیی تەقلیدی پیشەسازیی وڵاتەکانیان بوو، ڕزگار بکات. عوسمانییەکان چوونە نێو شەڕەکەوە، فەرەنسا و بەریتانیا کەوتنە ڕاوێژ لەسەر ئەوەی چی بکەن؟ لە بەریتانیا (مارک سایکس) و لە فەرەنسا (فرانسوا جۆرج پیکۆ) کەوتنە گفتوگۆ، نەخشەیەکیان کێشا بۆ ئەو ناوچانەی دەبوو داگیری بکەن، دواتر ڕووسیایان بانگهێشت کرد بۆ ناو پلانەکە، سازانۆف، نوێنەری ڕووس بەشدار بوو، نەخشەکە ناونرا (سایکس- پیکۆ- سازانۆف)، لە سەرەتاکانی ساڵی 1917دا پلانەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەریتانیا لەڕێی کەنداوی عەرەبی و هێنانی هێزێکی بێ شومارەوە هاتە نێو ویلایەتی بەسرە و لەوێوە بەرەو ویلایەتی بەغدا هەڵکشا. ڕووسیا لە ڕێگەی ئێرانەوە هێزی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جوڵاند، فەرەنساش پەلی کێشا بۆ شام (باشووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی عوسمانی). لە ژێریشەوە بەریتانیا هانی شەریفی مەککەی دابوو عەرەبەکان بۆ ڕاپەڕین ئامادە بکات. هەرچەندە ڕووسیا بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی و ڕووخانی قەیسەر لە پلانەکە کشایەوە، بەڵام پلانەکەی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر ڕێڕەوی خۆی بەردەوام بوو.

گەلانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کۆمەڵێک گەل و ئاینی جیاواز پێکدەهات. تورک، عەرەب، کورد، تورکمان، ئەرمەن و هتد. هەروەها ئاینەکانی ئیسلام بە شیعە و سوننە، عەلەوی، درووز، کاکەیی، مەسیحی بە کاسۆلیک و ئەرسەدۆکس، جوو، ئێزدی و..هتد. واتە ناوچەی عوسمانی موزایکێکی دەوڵەمەند بوو لە نەتەوە و ئاینی جیاواز کە بە تێکەڵی بە سەرجەم ناوچەکاندا بڵاوبووبوونەوە، بەڵام خاکی دێرینی هەریەکەیان لای زۆرینەی مێژوونووس و گەڕیدە و سیاسی و سیخوڕەکان ئاشکرا بوو. لە پلانی نهێنیی بەریتانیا و فەرەنسادا دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی بۆ عەرەبەکان بە سەرکردایەتی شەریف حوسێن دانرابوو، ئەمەش بە ناوبراو گوترابوو. دەوڵەتە عەرەبییەکە لە کەنداوی عەرەبییەوە درێژ دەبووەوە تاوەکو ویلایەتەکانی بەسرە، بەغدا، شام و فەڵەستینیشی دەگرتەوە، بەڵام ئەوەی بە عەرەبەکان نەگوترابوو، پلانی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئاینی نەتەوەیی بوو بۆ جوو. هەروەها کورتکردنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکە بۆ کەنداو و دابڕینی شام و بەسرە و بەغدا لەو دەوڵەتە. لەو نێوانەدا ئەوەی لە خەیاڵی کۆلۆنیالەکاندا نەبوو دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو بۆ کورد کە هەم بە ژمارە زۆر بوون و هەم خاکەکەیان لای هەموو کەس ناسراو بوو.

## کاردانەوەی کورد چی بوو؟

زۆربەی خەڵکی کوردستان، سەرۆک خێڵەکانی کورد، خوێندەوار، ئەفسەر و سیاسییەکانی کورد هاتنی ئینگلیزیان پێ خۆش بوو، ئەوان لە مێژبوو چەوساندنەوەیان بەدەستی عوسمانییەکان ئەزموون کردبوو. هاتنی ئینگلیزیان وەک مژدەی ڕزگاربوون دەبینی، هەرچەندە بەشێک لە خێڵەکان و خەڵکی کوردستان بە گوتاری ئاینی خەڵەتێنرابوون کە گوایە ئینگلیز و ئەورووپییەکان بۆ لێدان لە ئیسلام هاتوون و پێویستە جیهاد لە دژیان بکرێ، بەڵام زۆرینە ڕای پێچەوانەیان هەبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی سەرۆک نێلسن، سەرۆکی ئەمریکا پەیامە چواردە خاڵییەکەی بڵاوکردەوە کە داوای ڕزگاری و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرد بۆ نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. کوردە خوێندەوارەکان و سەرۆک خێڵە خوێندەوارەکانی کورد ئەو پەیامەی سەرۆکی ئەمریکایان وەک مژدەی حاشاهەڵنەگری ئازادی دەبینی، بۆیە شۆڕش لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەستی پێکرد و داوای دەوڵەتی کرد، بەریتانییەکان ئەمەیان بە هەل زانی، هانی خەڵک و خێڵەکانی کوردستانیان دا بۆ ڕاپەڕین، دەسەڵاتی مەدەنی ناوچەکانیان دا بە سەرۆک خێڵەکان، سلێمانی تەسلیمی شێخ مەحموود کرا، ڕواندز تەسلیمی شێخ تەهای شەمزینی کرا. هەروەها هەڵەبجە بۆ عادلە خانم و کۆیە بۆ حەوێزی و خێڵەکانی دیکەی کۆیە. بەڵام داواکاریی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد دەستی دەستی پێدەکرا، هەر سەرکردەیەک بیویستایە لەوە زیاتر بڕوات کە تەنیا حوکمی ناوچەکەی خۆی بکات، سەرکوت دەکرا. شێخ مەحموود حوکمی سلێمانی نەدەویست و هەوڵی دا پەل بکێشێ بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە سەرکوت کرا. حوکمی بەریتانی بەسەر بەغدا و بەسرەو مووسڵەوە درێژەی کێشا و لە شامیش، هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

## کێشەی ویلایەتی مووسڵی زۆرینە کورد:

لە ساڵانی سەرەتای بیستەکاندا پلانی دروستکردنی هەردوو دەوڵەتی عەرەبیی سووریا و عێراق لەلایەن فەرەنساو بەریتانیاوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام عێراق تەنیا لە ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکدەهات. بەریتانیا هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسڵیش ببێتە بەشێک لەو دەوڵەتە، بەڵام تورکەکان لە کۆمەڵەی گەلان شکایەتیان کرد و گوتیان مووسڵ دوای کۆتایی جەنگ داگیر کراوە، هەروەها خەڵکەکەی کە زۆرینەی تورکمان و کوردن، دەیانەوێت لەگەڵ تورکیا بمێننەوە. لەو نێوانەدا بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵکەکەی ویلایەتی مووسڵ کە کورد بوون و نزیکەی 75%ی ویلایەتەکەیان پێکدەهێنا، لەبیر کرا. کۆمەڵەی گەلان سێ نوێنەری وەک نێردەی خۆی نارد بۆ ویلایەتی مووسڵ بۆ ئەوەی ڕای زۆرینەی خەڵکەکەی بزانن، لە ڕاپۆرتەکەدا دووپاتکرایەوە کە زۆرینەی ویلایەتەکە لە کورد پێکدێن، بە تایبەتی ناوچەی کوردستانی نێو ویلایەتەکە لەڕووی کولتووری و جوگرافی و دابەشبوونی خێڵەکانیەوە بە ئاشکرا تۆمار کراوە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی مووسڵەوە خاکی کورد دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە حەمرین لە باشوور. هەروەها ڕووباری دیجلەش بە ئاشکرا ناوچەی عەرەب و کورد دیاری دەکات، بەڵام دواجار لە ساڵی 1926دا ویلایەتی مووسڵ خرایە سەر دەوڵەتی عێراق و دووەم خیانەت لە کورد کرا. دوای ئەوەی لە ساڵی 1923 دا پەیماننامەی لۆزان لە جێی سیڤەر دانرا کە ئەمەی دواییان مافەکانی کورد و وەرگرتنی هەڵوێستی کوردی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکانی کوردستانی باکوور و ویلایەتی مووسڵ لەخۆگرتبوو، هەروەها دەوڵەت لە تورکیا لە ئایینیەوە گۆڕا و دەوڵەتەکە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بوو بە کۆماری تورکیا. بەمشێوەیە کورد لە هەرسێ دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیا و سووریا و عێراقدا خرانە ژێر ڕەحم و بەخشندەیی سێ دەوڵەتی نەتەوەیی سەردەستی عەرەب و تورکەوە.

## ئەزموونی 100 ساڵ لە سایکس- پیکۆ:

لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆدا دەوڵەتانی کۆلۆنیال ژمارەیەک دەوڵەتی نەتەوەییان دروستکرد، لەوانە: عێراق، سووریا، لوبنان، ئوردن، میسر، سوودان، ئیسرائیل و هتد. دەوڵەتانی کۆلۆنیالی بەریتانیا و فەرەنسا لە ماوەی چەند دەیەیەکدا بە ئاستی جیاواز هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو دەوڵەتانەوە پاراست و لە عێراق خەڵکانێکیان لە کەمینەی سوننە کردە دەسەڵاتدار بەسەر زۆرینەی شیعە و کوردەوە، لە سووریاش پاش زنجیرەیەک لە کودەتای سەربازی، کەمینەیەکی عەلەوی بوونە دەسەڵاتدار بەسەر زۆرینەی سوننە و کوردەوە. زۆرینەی دەوڵەتە دروستکراوەکانی سایکس- پیکۆ فەرمانڕەوای ستەمکار و نادیموکراتیان لە ماوەی ئەو سەت ساڵەدا بەخۆوە بینی، نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتانەدا هەموو جۆرە ئازار و چەوساندنەوەیەکیان بەسەردا سەپێنرا، هیچ یەکێک لەو دەوڵەتانە بۆ ساتێک ئەزموونێکی دیموکراتی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانیان بەخۆوە نەبینی، بەڵکو هەمیشە دەسەڵاتەکانیان لە جەنگ و حاڵەتی پەلاماردادا بووە بۆ سەر نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان. هەروەها بۆ سەر ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافە مەدەنی و دیموکراتیەکان، لە هیچ یەکێک لەو دەوڵەتانەدا دیموکراسی جێگیر نەبوو، لە عێراق کورد و شیعە لە ژێر ستەمدا بوون، لە سووریا کورد و سوننە لەژێر ستەمدا بوون، لە هەردوو وڵاتەکەشدا ئەوەی لە دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی جیاواز بووبێت لەژێر هەڕەشەدا بووە، بۆیە هەرگیز ئەم دەوڵەتانە ئارامییان بەخۆوە نەبینی، هەرچەندە زۆر دەوڵەتی دیموکراتی هەیە لە دونیادا وەک سویسرا، ئەمریکا و سەنگافورە کە پێکهاتەیان لە عێراق و سووریا دەچێت و خەڵکەکانیان هەست بە هاونیشتیمانێتی دەکەن، چونکە فەرمانڕەواییەکی چاکیان هەیە کە جیاوازیی ناکات لە نێوان پێکهاتەکاندا لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، بەڵام لە عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە، لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایی چاک لەئارادا نەبووە و فەرمانڕەواکان هەمیشە وەلائیان تەنیا بۆ گرووپێکی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیی بووە و هەوڵیان داوە ئەوانی دیکە لە دەسەڵات دووربخەنەوە، هەرگیز هەستی هاونیشتیمانێتی لە نێوان گەلەکانیدا پەیدا نەبووە، بەتایبەتی لە عێراق و پاشان لە سووریا. ئێستا وەک چاودێرانی نێودەوڵەتی ئاماژەی بۆ دەکەن، سووریا و عێراق بە پراکتیکی هەڵوەشاونەتەوە، گەلەکانی ناویان زیاتر ئینتیما و سۆزیان بۆ نەتەوەو جوگرافیا و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە، هیچ هەستێکیان بۆ ئەو دەوڵەتانە نییە کە بێ خواستی ئەوان لەپاش ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ دروستکراون. ئەوان بەو باوەڕە گەیشتوون کە جارێکی دیکە ئاسان نییە ئەو پێکهاتانە پێکەوە بژین و سنوورەکانی جاران بپارێزرێن و دەسەڵاتی ناوەندی بگەڕێنرێتەوە دۆخی جارانی. لە عێراق کورد ڕازی نییە جارێکی دیکە دەسەڵاتی بەغدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. شیعە لە دوای 2003 ڕازی نییە دەسەڵاتی سوننەی بەسەردا بسەپێنرێتەوە، سوننەی عێراق ڕازی نییە کە لە دەسەڵات خراوە، دەسەڵاتی شیعەشی بەسەردا بسەپێنرێت. لە سووریا عەلەوییەکان لە تۆڵەی سوننەکان دەترسێن و بە توندی چارەنووسی خۆیان بە ئەسەدەوە گرێداوە. سوننەش دەیەوێت کۆتایی بە حوکمی کەمینەیەک بهێنێت، کوردیش لە سووریا دەیەوێت ئەو غەدرەی لە سایکس- پیکۆوە لە سووریادا لێیکراوە، قەرەبوو بکاتەوە و خۆی فەرمانڕەوای خۆی بێت. ئەم بارودۆخە وای کردووە ژمارەیەک قەوارەی جیاوازی دەسەڵاتداریێتی لە هەرێمە جیاوازەکانی عێراق و سووریادا دروست ببن و دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی نەمێنێ و شێوەو ڕوخساری دەوڵەت وەک جاران نەمێنێ. ئێستا لە عێراقدا سێ قەوارەی جیاواز هەن:

هەرێمی کوردستان کە دانپێدانراوە و بەڵام بەشێکی خاکەکەی هێشتا لەڕووی یاساییەوە ناکۆکیی لەسەرە. دەوڵەتی ناوەندیی عێراق کە شیعە تێیدا باڵادەستە و میراتگری تازەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقە.

دەسەڵاتی (داعش) کە لەلایەن جیهانەوە ڕەتکراوەتەوە، بەشێک لە ناوچە سوننەنشینەکانی داگیرکردووە.

لە سووریاش دیمەنەکە نزیکە لەوە، دەوڵەتەکە دابەش بووە بەسەر هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەشار ئەسەد، هەرێمی کورد و هەرێمی داعش و هەرێمی ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو و هەرێمی ئیسلامیی توندڕەوی وەک جەبهەتولنوسرە و هتد، بەمشێوەیە دەبینین لەناو قەوارەی دوو دەوڵەتی دروستکراوی پەیمانی سایکس- پیکۆدا چەندین سنوور و قەڵەمڕەوی سیاسی و فەرمانڕەوایی هاتوونەتە ئاراوە.

## دوای ئەم ئاژاوەیە چی ڕوودەدات؟

دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی 1991، یەکەمین پەرچەکرداری ڕەوای میللەتێک بوو کە لە سایکس - پیکۆدا فەرامۆش کرابوو، بەڵام سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و دواتر دروستبوونی ئاژاوەی گەورە لەنێوان وڵاتانی عەرەبیداو پاشان شەڕی ناوخۆی سووریا، هەروەها سەرهەڵدانی داعش، دەریانخست کە ناکرێت جارێکی دیکە تەماشای ئەو سنوورانە بکرێت وەک شتێکی پیرۆز و گرنگ بۆ ئاسایشی جیهانی، هەرچەندە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و ڕووسیا وا پیشان دەدەن کە مانەوەی ئەو سنوورانە لە قازانجی ئاسایشی جیهانی بێت و بە ئاشکرا دژی داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ئەو سنوورانەن، بەڵام ئەوەی بە ئاشکرا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە دیارە، ئەوەیە کە ئەو دەوڵەت و سنوورە دەستکردانەی پاش سایکس- پیکۆ هۆکاری سەرەکیی بەشێکی زۆری قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئێستاکەش بووەتە سەرچاوەی قەیرانێک بۆ هەموو جیهان.

## کورد دەبێت چی بکات؟

کورد وەک یەکێک لە قوربانییە گەورەکانی ئەو پەیماننامەیە، ئێستا لەسەر ئاستی دەرەکی لە دۆخێکی باشدایە، بەشێکی زۆری میدیای جیهانی هاوسۆزن لەگەڵ کورد، بەو پێیەی پێشانی جیهانی داوە کە لەبەرەی پێشەوەی شەڕی تیرۆردایە، هەروەها بنەماکانی دەوڵەتێکی دانپێدانەنراوی لە واقیعدا دامەزراندووە، وەک کەریم سەجادبۆر شرۆڤەکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دامەزراوەی کارنیگی گوتی: "سەرم سوڕدەمێنێ ئەگەر لە ئێستاوە تاوەکو بیست ساڵی دیکە دەوڵەتێک بەناوی کوردستانەوە دانەمەزرێت، چونکە وەک ئەمری واقیع ئەو دەوڵەتە هەیە". ئێستا زۆر کەس لە جیهاندا هاوڕای ئەو شرۆڤەکارەن، بەڵام یەکێک لە مەترسییە ناوەکییەکان یەک هەڵوێست نەبوونی کوردە لەم کاتە هەستیارەدا، کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا کاتێک دەوڵەتەکان دامەزران، هەمان بارودۆخی ناوەکیی ئێستای هەبوو، ئەوکاتیش یەکگرتوویی ناوخۆییان پیشانی دەرەوە نەدا، ناوخۆی کوردستان ئێستاش وەک ساڵانی بیستەکان بەسەر گوتاری جیاوازدا پەرت بووە. ئەوەی لەم ڕووەوە گرنگە بکرێت هێز و لایەنە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە کۆببنەوە و گوتاری کوردی لە بەرامبەر دەرەوەدا یەکبخەن، یەک گوتار و داواکاریی نیشتیمانی پیشانی جیهان بدەن.

فریاکەوتن هاواری لێ هەستاوە

# "زۆربەی ئەوانەی سەردانمان دەکەن پێویستیان بە فریاکەوتن نییە"

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

"ئێواران لە ماڵەوە هیچ ئیش و کاریان نییە.. خەڵکی ئێمە لە بێ ئیشیدا نەخۆشییان بیر دەکەوێتەوە، بەشێکیان بۆ پیاسە و کات بەسەربردن دێن.." ئەمە سکاڵای هەندێ لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنە کاتێک پرسیاری ئەوەیان لێدەکەی کە بۆچی لەدوای 7ی ئێوارەوە نەخۆشخانەکەیان قەرەباڵغ دەبێت؟

نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن سکاڵایانە لەدەست ئەوەی خەڵکێکی زۆر بێ ئەوەی پێویستیان بە فریاکەوتن هەبێ، سەردانیان دەکەن و بەوەش قەرەباڵخی و لۆدێکی زۆر لەسەر ئەو نەخۆشخانانە دروست دەکەن.



## ئامارەکان چی دەڵێن؟

ئاماری ڕۆژێکی تەواوی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناویمان لە سلێمانی وەرگرت. ئەم بەشەی فریاکەوتن هیچ پەیوەندییەکی بە توندوتیژی، شەڕ، تەقینەوە، زەبر و کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە نییە و تەنیا نەخۆشە هەناوییەکان وەردەگرێ. مەبەستمان لەوە بوو ئەو ئەگەرەش دووربخەینەوە کە دەگوترێ ئێواران ڕێگە قەرەباڵخە و کارەساتی ئۆتۆمبێل و شەڕ و تووڕەبوون و لێدان زۆرە، بۆیە زۆرترین کەس دەچنە فریاکەوتن.

ئاماری ڕۆژی شەممە، 7ی ئایاری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی سلێمانی دەریدەخات تەنیا لەو بەشەی فریاکەوتن و لە 24 کاژێردا 660 کەس وەکوو نەخۆش سەردانیان کردووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە 300 کەس لەوانە (کە دەکاتە نزیکەی نیوەیان) تەنیا لە پێنج کاژێری ئێوارە (7ی ئێوارە بۆ پێش 12ی شەو) سەردانیان کردووە.

لە کاژێر 12ی نیوەڕۆ تاوەکو سێی پاشنیوەڕۆ تەنیا 20 کەس چوونەتە ئەو نەخۆشخانەیە. ئەوەش بەلای پزیشکەکانەوە سەرسوڕهێنەرە "نەخۆشی کتوپڕی و فریاکەوتن کات نازانێ و خۆبەخۆ ڕوودەدات و دەبوو هەموو کاتەکانی ڕۆژ نزیکەی یەکسان بن". ئەوە گوتەی د.زانیار نووری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەیە.

بۆ تێگەیشتن لەو جیاوازییە زۆرە لە ژمارەی سەردانیکەراندا، (ڕووداو) پرسیاری ئاراستەی پزیشکەکان کرد و 24 کەسیان وەڵامیان گەڕاندەوە کە لە وەڵامی 15 کەسیاندا هۆکارە سەرەکییەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە لەو کاتەدا خەڵک سەرقاڵ نین و هیچ کارێکی ئەوتۆ ڕێگەیان لێناگرێ سەرێک لە نەخۆشخانە بدەن، واتە لەبەر ئەوەیە کە خەڵک کاتیان هەیە نەک ئەوەی کە نەخۆش کەوتبن.

د.کۆیان زاهیر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان، هۆکارەکەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر پیاوان ئیش دەکەن و خانمانیش بۆ کاری دەرەوەی ماڵ پشت بە پیاو دەبەستن، بۆیە ئێواران کە پیاو دەگەڕێتەوە ماڵ، خانمان سکاڵاکانیان لە دەست تەندروستییان دەستپێدەکەن و لەبەر ئەوەی شەوانیش تەنیا فریاکەوتنەکان هەن، پیاوان خێرا دەیانبەنە ئەوێ، بێئەوەی نەخۆشییەکە حاڵەتی کتوپڕ یان مەترسیدار بێت".

لە کوردستاندا شتێک نییە بەناوی پزیشکی خێزان کە خێزانەکان هەموو کات بتوانن پەنای بۆ ببەن و بیر لە فریاکەوتن نەکەنەوە. ئەو بنکە و مەڵبەندە تەندروستییانەش کە لە هەندێک گەڕەک هەن، تارادەیەک پشتگوێخراون و هاووڵاتیان متمانەیەکی ئەوتۆیان پێیان نییە.

بەبڕوای دکتۆر کۆیان، بەشێک لە هۆکارەکە خودی پزشکەکانن "پزیشک لە کوردستان کاتی پێویست نادەنە نەخۆش تا بە وردی حاڵەتەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە و ترسیان بڕەوێننەوە و بۆیان دەربخەن کە حاڵەتەکەیان مەترسیدار نییە، بۆیە سەیر نییە هەندێک کەس ڕۆژەکەی سەردانی کلینیکیان کردبێ و شەوەکەش ڕووبکەنە فریاکەوتن".

پزیشکەکانی دیکەش جگە لەو هۆکارانەی دکتۆر کۆیان باسی کردن، دەڵێن هۆکارەکە ئەوەیە حاڵەتەکان ساردن و خەڵکی تەنیا بۆ کاتێکی بێ ئیشی دەگەڕێن، گونجاوترین کاتیش ئێوارانە "خەڵکی ئێمە کارو کەسابەت ناکەنە قوربانیی تەندروستی" ئەوە لێدوانی دکتۆر محەممەد نیزامە.

هەندێکی دیکەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئێواران زۆرترین خواردن و خواردنەوە دەخورێ و ئەوەش باری تەندروستی تێکدەدات، لەکاتێکدا بەپێی ڕێنمایی زانستی دەبێ ئێواران ژەمە سووکەکەی ڕۆژ بێ.

## پسپۆڕانی سیستم چی دەڵێن؟

پزیشکێکی پسپۆڕی سیستمی تەندروستی، وای دەبینێ کە هەر خەڵکی گوناهبار نین لەم دیاردەیەدا، بەڵکو پزیشکەکان و وەزارەتی تەندروستیش ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکەن.

د.سەروەر عارف، پسپۆڕی سیستمی تەندروستی دەڵێت "لە کوردستان نەخۆش فێرنەکراوە کە کاتی سەردان بۆ حاڵەتی سارد تەنیا بە ڕۆژ دەبێت، نەک بە شەو. بەپێچەوانەوە بەردەوام چ لایەنی حکومی چ ئەهلی کار لەسەر ئەوە دەکەن کە نەخۆش هەموو کات ببینرێت لەکاتێکدا ئەمە هەڵەیە. لەبەر ئەوە کردنەوەی مەڵبەندی 24 کاژێریی حکومی یان کلینیکی پسپۆڕی شەوان یان شەوانە ڕۆژی، هەمووی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە کولتوورە هەڵەیەی کە نەخۆش هەموو کاتێک بۆی هەیە سەردانی پزیشک یان نەخۆشخانە بکات ئەگەر حاڵەتەکەی ساردیش بێت".

هەروەها دەڵێت "هیچ ڕێگرییەک یان پارەیەک ناکەوێتە سەر نەخۆش ئەگەر بەبێ هۆکار سەردان بکات یان بۆ حاڵەتی ناپێویست. ئێوارانیش کاتێکی باشە، چونکە هەم بە شێوەیەکی گشتی ئەرکێکیان نییە و هەم شوێنی دیکەش نییە بۆی بچن".

## ئێوارە کاتە گونجاوەکە نییە

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناویی سلێمانی دەڵێ، ئەوەی سەیرە هەندێک کەس کە زۆر پێویستە بەیانی یان نیوەڕۆ بێنە فریاکەوتن دەیخەنە ئێوارە، هەندێکیش پێویستە چاوەڕێ بکەن تا سبەینێ و لە مەڵبەندێکی ڕاوێژکاری گەنگەشەی حاڵەتەکەیان بکرێ کە مەترسیدار نییە، کەچی شەو دێن.

دکتۆر زانیار دەڵێت "لە هەموو دونیادا کاتی کارکردنی ڕۆژ زۆرترین چارەسەر لەبەردەستە و پزیشکی پسپۆڕییە جیاوازەکان لە نەخۆشخانەن و باشترین خزمەت پێشکەش دەکرێ، بەڵام شەوان تەنیا بۆ حاڵەتە ناچارییەکانە".

بەگوتەی دکتۆر زانیار، حاڵەتەکانی وەک پەتا و قورگ ئێشە و هاوشێوەکانیان حاڵەتی کتوپڕ نین و هاتنیان بۆ فریاکەوتن تەنیا گرفتیان بۆ دروست دەکات "ئێمە لە فریاکەوتن دەرمانی پێویستی ئەو حاڵەتە ساردانەمان نییە و پێیاندەڵێین بەیانی بڕۆن بۆ بەشە ڕاوێژکارییەکان، بەڵام فشارێکی زۆرمان لەسەر دروست دەکەن و وادەکەن بەوانەش ڕانەگەین کە حاڵەتیان مەترسیدارە".

## چارەسەر چییە؟

پسپۆڕان دەڵێن چارەسەرەکە دەبێ لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە سەرەتاییەکانەوە بێت. د.عەبدولفەتاح هەورامی پسپۆڕی پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای سکوڵی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی دەڵێ "دەبێ سیستمێک لەسەر ئاستی بنکە تەندروستییەکانی گەڕەکەکانەوە پێڕەو بکرێ بۆ پاڵفتەکردنی حاڵەتەکان، بەجۆرێک دەبێ سەرەتا خەڵکی سەردانی ئەوانە بکەن و بەبێ نووسراوی ڕەوانەکردن لەلایەن ئەوانەوە، نەچنە فریاکەوتن".

وەک ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی گوتی، نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنیش پێویستیان بەوەیە بەشی پێشوازییەکانیان فراوان بکرێن و ئەوانەی چارەیەکی سادە و خێرای وەک دوورینەوەی برین یان گەچتێکردنی سادەیان دەوێ، هەر لە جێگەدا چارەسەر بکرێن و نەنێردرێنە نێو باڵەخانەی فریاکەوتنەکان کە شوێنی حاڵەتە مەترسیدارەکانە.

# ئایا قوماتکردنی منداڵان زیانی هەیە؟



ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

قوماتکردن ڕێگەیەکی کلاسیکییە کە تێیدا لە مل بەرەوخواری مەلۆتکە توند بە پەڕۆ دەپێچرێ. مەبەست لەمە ئەوەیە منداڵەکە هەستێکی دڵنیایی لەلا دروستببێت و خەوێکی قووڵ بکات. پێداچوونەوەیەک بە توێژینەوەکانی پێشوویش لەوەی کۆڵیوەتەوە کە ئاخۆ پێڕەوکردنی ئەم ڕێگایە نابێتە هۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ مردنی کتوپڕی منداڵ؟

توێژینەوەکە دەریخستووە ئەگەر منداڵی قوماتکراو لەسەر سک یان لەسەرلا بخەوێندرێت، ئەوە ئەگەری مردنی کتوپڕی زیاد دەکات.

توێژەرەکان لە زانکۆی بریستۆڵی بەریتانیاوە سەرنجیان لەسەر منداڵانی ئەمریکا، بەریتانیا و ئوسترالیاوە بووە. داتاکان لە 283 بابەتی زانستی وەرگیراون کە لە 20 ساڵی ڕابردوودا ئامادە کراون.

د.ئانا پیس، نووسەری سەرەکیی توێژینەوەکە، دەڵێ توانیویانە پەیوەندی ببیننەوە لەنێوان مردنی کتوپڕ و منداڵی قوماتکراو کاتێک لەسەر سک یان لەسەرلا خەوێندرابێ.

## مردنی کتوپڕی کۆرپە چییە؟

نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا دەڵێ مردنی کتوپڕی منداڵی خوار تەمەنی یەک ساڵانە بێئەوەی هۆکارەکەی زانراو بێت و هیچ نەخۆشییەکی هەبێ.

ئەم جۆرە سەیرەی مردن، هۆکاری یەکەمی مردنی کۆرپەی خوار تەمەنی یەک ساڵییە لە ئەمریکا، بەجۆرێک ساڵی 2014 و لە سەرتاسەری ئەمریکا 1500 منداڵ بەمجۆرە مردوون.

ئەکادیمیای پزیشکانی منداڵان لە ئەمریکا ڕێنمایی باوان دەکات کە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ئەمجۆرە مردنە، منداڵان لەسەر پشت پاڵبخرێن بۆ نووستن.

ساڵی 2011 ئەو ئەکادیمیایە هەندێک ڕێنمایی دیکەشی زیاد کرد بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ئەو جۆرە مردنە، لەوانە: خەواندنی منداڵ لەسەر ڕووکارێکی توند نەک نەرم و شل، شیرپێدانی سروشتی، نووستن لە هەمان ژوور لەگەڵ کۆرپە، بەڵام هەمان سەرجێگای نووستن نا، بەکارهێنانی مەمکەمژە، کوتانی منداڵ، دوورخستنەوەی کۆرپە لە دووکەڵی جگەرە.

تیمەکەی د.ئانا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەگەر منداڵی قوماتکراو لەسەرلا پاڵبخرێ بۆ نووستن، ئەوە ئەگەری مردنی کتوپڕی دوو هێندە زیاد دەکات. ئەو منداڵانەشی کە قوماتکراون و لەسەر سک پاڵخراون، دیسان ئەگەری مردنی کتوپڕیان زیادی کردووە.

هەروەک ئەو منداڵانەش کە هەندێک گەورەبوون و توانای جووڵە و خۆهەڵگێڕانەوەیان پەیدا کردووە (تەمەنی 4-6 مانگی)، ئەگەر قومات بکرێن، ئەوە ئەگەری زۆرە خۆیان بخەنە سەر سک و تووشی مەترسیی ئەو جۆرە مردنە ببن.

# راستکردنەوەی ددان چییە؟

د.ڕێبین عەلی محەممەدئەمین

لە کوردستان کاتێک باس لە زانستی ڕاستکردنەوەی ددان دەکرێت، وا تێدەگەین مەبەست تەنیا ڕاستکردنەوەی ددانەکانە، بەڵام لەڕاستیدا مانایەکی فراوانتری هەیە، زانستی ڕاستکردنەوەی ددان کە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێ orthodontics بەشێکە لە زانستەکانی پزیشکیی دەم و ددان کە ئامانج لێی ڕێکخستنی هاوسەنگیی نێوان تەواوی بەشەکانی دەم و چاوە (بە ددانەکانیشەوە). ئاشکرایە نارێکیی نێوان ماسولکە، ددان و ئێسکەکانی دەموچاو کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر جوانی، هەناسەدان، خواردن، قسەکردن. نارێکیی ددانەکان، هۆکارێکی گرنگە بۆ کلۆربوونی ددان و هەوکردنی پووک، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆرجار وا دەکات گۆشەگیر بیت، چونکە خاوەن زەردەخەنەیەکی جوان نیت.

لە دەم و دداندا دوو جۆر نارێکی هەیە: یەکەم: گرفتی نارێکیی ددانەکان کە دەکرێ لە هەر تەمەنێکدا ڕێکبخرێتەوە. دووەم: گرفتی نارێکیی شەویلگەکان کە زۆر ئاڵۆزترە و وا باشترە لە تەمەنی منداڵیدا چارەسەر بکرێ. دواخستنی ئەم گرفتە، نارێکییەکە زۆرتر دەکات. لە تەمەنی گەورەییدا، هەندێکجار جگە لە ڕاستکردنەوەی بە شێوازی تەلی جێگیر، پێویست بە نەشتەرگەریش دەبێ.

## باشترین کات بۆ راستکردنەوەی ددانەکان:

لە کاتی گەشەکردندا، دەکرێ سوود لە گۆڕینی شێوازی گەشەکردن وەربگیرێت بۆ ڕێکخستنەوەی نارێکیی دەم و چاو و ددانەکان. بۆیە تەمەنی منداڵی زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاستکردنەوە و پێویستی بە کاتی کەمتریشە. باشترین کات بۆ پرۆسەی ڕاستکردنەوە، ئەو کاتەیە کە ددانی هەمیشەیی پێشەوە دەربکەون. لە زۆر حاڵەتدا منداڵ شەویلاگێکی لە پێش یان لە دوای شەویلاگەکەی دیکەیە. ئەم حاڵەتانە دەبێ گرنگییان پێبدرێت و زوو ڕێکبخرێنەوە. باشترین تەمەن بۆ ڕێکخستنەوەی پێش و پاشی شەویلاگەکان تەمەنی 10 12- ساڵییە، بۆیە زۆر گرنگە لەو تەمەنە و زووتریش، باوک و دایک منداڵەکەیان ببەنە لای پزیشکی ددان بۆ پشکنین، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم حاڵەتە زوو چاک نەکرێتەوە، خراپتر دەبێ و لە تەمەنی گەورەتردا لەوانەیە جگە لە ڕاستکردنەوەی ددانەکان، پێویستی بە نەشتەرگەریش ببێت.

## پێشگرتن لە نارێکیی ددان:

1- گرنگیدان بە ددانی شیری: بێ ئاگایی لە ددانەکانی شیری، دەبێتە هۆی کلۆربوون و دەبێ زووتر لە کاتی خۆی بکێشرێ، ئەمەش کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی ددانی هەمیشەیی کە زۆربەی کاتەکان بە خواری دەردەکەون.

2- سەردانی پزیشکی تایبەتمەندی ڕاستکردنەوەی ددان لە کاتی خۆی: وا باشترە لە کاتی دەرکەوتنی یەکەم ددانی هەمیشەیی و بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی پزیشک بکرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر گرفتێکت هەبوو بە زووترین کات چارەسەر بکرێت.

3- پێشگرتن لە خووی هەڵە لەلایەن منداڵەوە: وەکو مژینی پەنجە و لێو، جوینی نینۆک، بردنە پێشەوەی زمان کە پاڵەپەستۆ لەسەر ددانەکانی پێشەوە دروست دەکات.

***پزیشکی پسپۆڕی ڕاستکردنەوەی ددان**



# ئیجە دەکرێتە شانۆ




**میوا سەڵاح / ڕووداو- هەولێر**

مۆنۆدرامای شەوێک لە دۆزەخدا لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان لە هەولێر و شانۆی سات بەڕێوە دەچێت، کە تێیدا باس لە کارەساتەکانی نێو دەریای ئیجە دەکات.

محەممەد تاهیر، ئەکتەری شانۆگەرییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم شانۆگەرییە باس لە خێزانێکی کورد دەکات کە دەکەونە نێو دەریای ئیجە و ژن و منداڵەکان دەخنکێن و تەنیا پیاوێک دەمێنێتەوە کە دەکەوێتە دوورگەیەک، ئەمە چیرۆکی ئەو دۆزەخەیە کە لە دەریای ئیجەدا ڕووبەڕووی کۆچبەرانی کورد دەبێتەوە". شانۆگەرییەکە لە نووسین و دەرهێنانی سەدیق حوسێنە و سێ ڕۆژ لە هەولێر نمایش دەکرێت.

# ئەمریکا شەڕ و ئاشتی خەڵات دەکات




**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانی شەڕ و ئاشتیی فەرهاد بەزەلە، هونەرمەندی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فێستیڤاڵێکی بەناوبانگی ئەمریکیدا خەڵاتی باشترین ڤیدیۆکلیپی وەرگرت.

فەرهاد بەزەلە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆر خۆشحاڵ و سەربڵندم بە وەرگرتنی ئەم خەڵاتە جیهانییە، لە ڕێی ئێوەشەوە پێشکەشی هەموو هەوادارانمی دەکەم".

بەزەلە گوتیشی "ئەم خەڵاتەم لە فێستیڤاڵی (LAIFFA independent film festival Awards in Los Angeles، CA in January 2016) لە ویلایەتی لۆس ئەنجلس لە ئەمریکا وەرگرتووە، دیارە کلیپەکەم بووەتە جێی سەرنجی میدیاکاران و هونەرمەندانی جیهانی و بەو هۆیەشەوە خەڵاتیان کردم".

# ڕامبۆ دەبێتە پێشمەرگە




**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەحمەد ڕامبۆ، پاڵەوانی لەشجوانی ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمێکی کوردیدا دەبینێ کە چیرۆکەکەی باسی پێشمەرگە دەکات.

فیلمی سڵاو پێشمەرگە لە دەرهێنانی حەسەن عەلی و سیناریۆی سەعید مەحموودە و کۆمپانیای گۆڵدن سپۆرت بەرهەمی هێناوە.

فیلمی سڵاو پێشمەرگە، ئێستا لە کۆتایی قۆناغی مۆنتاژدایە، ئەم فیلمە داستانی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەگێڕێتەوە کە پارێزگاری لە خانمە ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی دەکەن لەوکاتەی بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش هاتووەتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان.

فیلمەکە لە پاڵەوانێتی، ئەحمەد ڕامبۆ پاڵەوانی لەشجوانی، خانمە ئەکتەری ئەڵمانی لیۆنی زیومرە، هەروەها چەندین ئەکتەری ناوخۆی کوردستان وەک عەبدولی حەمە جوان، عادل عەبدولڕەحمان، کاوە قادر، نیگار عوسمان و زۆری دیکە بەشدارییان تێدا کردووە.

# سۆران ئیبراهیم بۆ شوێنی ئالاّ دەگەڕێت



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری گەنج سۆران ئیبراهیم، کار بۆ نوێترین فیلمی سینەمایی بەناوی شوێنێک بۆ ئالاّ دەکات.

سۆران لەبارەی ئەو فیلمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە پشتگیریی بەهمەنی قوبادی سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی فیلمەکەم کە ناوەڕۆکەکەی باس لە هێرشی داعش بۆ کوردستان و ئازایەتیی پێشمەرگە دەکات.

وا بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵدا دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە بکرێ و تا کۆتایی ئەمساڵ تەواو بکرێ.

سۆران ئیبراهیم خاوەنی چوار کورتە فیلمە، بەشداریی زیاتر لە 50 فێستیڤاڵی جیهانیی کردووە و 13 خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. ساڵی 2014 خەڵاتی سوارچاکی زێڕینی بەدەستهێنا لە خولی 56مین ساڵی ماڵتا فیلم. هەر لەساڵی 2014دا بە گەنجی ساڵی کوردستان لە بواری سینەمادا هەڵبژێردرا.

# کلاسیکۆ خەڵات دەکرێت




**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی کلاسیکۆی دەرهێنەری گەنج، هەڵکەوت مستەفا لە ڕاپرسییەکی ئەلیکترۆنیدا لەنێو هەموو قوتابخانەکانی نەرویج، خەڵاتی لاوی ساڵی وەرگرت.

هەڵکەوت مستەفا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی فیلمی کلاسیکۆ لە نەرویج نیشاندرا، لە ڕاپرسییەکی ئەلکترۆنیدا کە ساڵانە لەنێو قوتابیانی نەرویج دەکرێت، فیلمەکەم وەک باشترین فیلم دەستنیشکراو خەڵاتی لاوی ساڵی وەرگرت".

فیلمی کلاسیکۆ لە بەرهەمهێنانی نەرویج و ئیمارات و کوردستانە، تێچووەکەی نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار بووە و لە چەندین فێستیڤاڵی جیهانی نمایش کرا و بڕیارە لە فێستیڤاڵی فیلمی کانیش نمایش بکرێت.

# شیلان عوسمان کۆچ دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

ژنە هونەرمەند شیلان عوسمان کار لەسەر سێ بەرهەم دەکات کە ئاوازی دوویان لەلایەن موزیسیان بورهان موفتیزادەوە دانراون.

جەنگین جەمال، موزیسیان و هاوژینی شیلان عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەرهەمێکیان بەنێوی کۆچ لە تێکستی ڕێبواری دەلاک و میلۆدی بورهان موفتیزادە و دابەشکردنی ڕاستی کوردییە و گوتی "ئەو بەرهەمە موزیکەکەی تەواو بووە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا گۆرانییەکە ئامادە بێت و کلیپیشی بۆ بکەین".

گوتیشی کە بەرهەمێکی دیکەی شیلان لە تێکستی ئەحمەد محەممەد و میلۆدی موفتیزادەیە. بەرهەمێکی دیکەشی بەنێوی دڵی زارم تێکستی شاهۆی شاعیر و ئاوازی هونەرمەند عەدنان کەریمە، بەڵام تائێستا یەکلایی نەبوونەتەوە لەوەی چ موزیسیانێک کاری دابەشکردنی موزیکی ئەم دوو بەرهەمە بکات.





# میوانەکەی (ڕووداو) تایبەتە

**ڕووداو- هەولێر**

یەکەمین ترەیلەری فیلمی "مێوانێکی تایبەت" لە دەرهێنانی کەی بەهار لە ڕێگای تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە بڵاودەبێتەوە کە بە زمانی ئینگلیزییە و لە بەریتانیا وێنەگیراوە.

ئەکتەری بە ناوبانگی بەریتانی، ئەنیتا دۆبسۆن و هاوژینەکەی بەشدارییان لەو فیلمەدا کردووە و زۆربەی کارمەندانی پشت کامێراش بیانین.

کەی بەهار دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کورتە فیلمی مێوانێکی تایبەت، ماوەکەی 19 خولەکە و بە زمانی ئینگلیزییە، لە بەریتانیا وێنەکاری و پۆست پرۆدەکشنی بۆ کراوە. کارەکانی بە سەرپەرشتی کۆمپانیای جۆکە فیلمس و فوتپرینت فیلمس جێبەجێکراوە".


کەی بەهار گوتیشی" چیرۆکی فیلمەکە سەبارەت بە منداڵێکی پەنابەری کوردە بە ناوی ئاکۆ. منداڵەکە نارازیە لەوەی دایکی بۆ دوو کاژێر لە ماڵی دراوسێکەیان جێیدێڵێت کە ژن و پیاوێکی ئینگلیزی بە تەمەنن، ئەوانیش کێشەی خێزانیی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەمەش کاردانەوەی خراپی لەسەر ئاکۆ دەبێت".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ




هەر هەنگاوێک بنێی بۆ باشکردنی باری دارایی سەرکەتوو دەبیت. ئەوەندە سەرقاڵی بیرکردنەوە مەبە کە ببێتە هۆی پەکخستنی کارێکی گرنگ. ڕاڕا مەبە، سوودی هەندێک کار لەسەرەتای دەستپێکردنەوە دەرناکەوێت.

## گا



لەو کاتەوەی کارەکانت بە ڕاوێژ ئەنجام دەدەی هەست بە گەشبینیی زیاتر دەکەیت. بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ئێستا سوود لە پەیوەندییە زۆرەکانی ڕابردوو وەردەگری.

## دووانە



هۆکاری هەموو گرفت و دڵتەنگییەکانت مەگەڕێنەرەوە بۆ نەبوونی بەخت، سەبر بگرە کاتی خۆشی و بەختەوەری بەڕێوەیە. باشترین پلان هەڵبژێرە بۆ جێبەجێکردن، چونکە دەتوانی ئەنجامی بدەیت.

## قرژاڵ




هەوڵ و کۆششی ئەمڕۆ ئومێدی زۆری بۆ داهاتووت دروست کردووە، لە هەوڵەکانت بەردەوام بە و کات یارمەتیدەرت دەبێت. بە گرنگییەوە لە تەندروستیت بڕوانە و فەرامۆشی مەکە. دەتوانی هەنگاوی گەورە بنێی.

## شێر



لەبەردەم ئاستەنگەکاندا مەوەستە، خێرا هەوڵی چارەسەر بدە و ڕەنگە هەتا کاتی بەسەردا بڕوات چارەسەری قورستر ببێت. لە سۆزداریدا دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ کەسێک دروست بکەیتەوە کە لێی دابڕاویت.

## فەریک



لەم هەفتەیەدا دەتوانی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ باشکردنی کارەکەت بکەیت. لێکدانەوەیەکی باش بۆ بیرۆکەکانت بکەیت، بڕیارەکانت دەگۆڕیت. زەردەخەنەکانت زۆر کاری ئاسان کردووە و ئێستاش هەر بەهێزە.

## تەرازوو



دەربارەی ئەنجامدانی کارێک هەواڵێکی نوێ دەبیستی کە سەرنجت ڕادەکێشێ و هەوڵ دەدەیت بەختی خۆتی تێدا تاقی بکەیتەوە. ئەم هەفتەیە هەست بە گرنگیی ئەو شتانە دەکەیت کە لە ژیاندا هاوکاریت دەکەن.

## دووپشک



توانای دەربڕینت بەهێز دەبێت و دەتوانی بە گفتوگۆی هێمن بەرامبەرەکەت قایل بکەی. گەشبین بە بۆ ئەوەی بتوانی گرفتی ئێستا تێپەڕێنی و دەتوانی پشت بە هاوڕێ و کەسە دڵسۆزەکانت ببەستی.

## کەوان



هەست دەکەیت هەموو کارەکانت بوونەتە ڕۆتین و دووبارە بوونەوە، بەڵام خەمی لێ مەخۆ، ئەم بەڕێکردنی کاتە خێری تێدایە، هەوڵ بدە لە گرفتی کتوپڕ خۆت بە دوور بگریت و کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت.

## گیسک



بۆ ئەوەی کاتت بەهەدەر نەچێت، موجامەلەی بەرامبەرەکەت مەکە، ڕاستەوخۆ بڵێ بەڵێ یان نەخێر، چونکە هێشتنەوەی بابەتەکان بە هەڵواسراوی هەردوولا دەخاتە ڕاڕایی و پاشان بێ متمانەیی دروست دەکات.

## سەتڵ



کەسەکانی چواردەورت تەنیا پێویستیان بە ئامۆژگاری نییە، بەڵکو هەندێک کات پێویستیان بەوەیە گوێیان لێ بگریت و هاوکاریشیان بکەیت. ئەو پلانە ئەنجام بدە کە مانگی ڕابردوو هەندێکیت تەواو کردووە.

## نەهەنگ



گرنگی زیاتر بە تەندروستیت بدە، سۆزداری پڕە لە گەشبینی، بەڵام پلانێکی باش دابنێ بۆئەوەی گەشبینیەکەت بەهەدەر نەڕوات. پەیوەندی و دیدارت زۆر دەبێت و گفتوگۆی باشی لێدەکەوێتەوە.

# (وەلی)یەکی جیاواز



کامەران سوبحان

جیاواز لە هەموو شاعیرانی دیکەی کورد، ژیان و مردن و بەرهەمە شیعرییەکانی نادیارن و تەنانەت گومان لە شیعرەکانی دەکرێت. لە ساغکردنەوەی هەندێ لە شیعرەکانیدا جیاوازیی زۆر دەبینرێت، باس لەوە دەکرێت کە مادام ئەو شیعرانە دەماودەم خەڵکی ئەو سەردەمە گێڕاویانەتەوە و پاشتر نووسراونەتەوە، ڕەنگە بەشێک لەو شیعرانە هی خۆی نەبن و هی شاعیر و کەسانی دیکەی هاوچەرخی ئەو بن و بەناوی ئەوەوە تۆمار کرابن. مادام شاعیرێک بەو شێوەیە بێت، ناکرێت بە تەنیا ئەو وێنەیە بخوێنینەوە کە تا ئێستا لەسەر شیعر و ژیانی لەلای ئێمە دروست بووە. ئەمە لە کاتێکدا ئەم شاعیرە زۆر بە قووڵی گوزارشتی لە ناخ و ئازار و تەنیاییەکانی خۆی کردووە. زۆر دەمێکە شیعرەکانی دەخوێنمەوە و زۆر هەوڵیشم دا، وەک هەندێ لە نووسینەکانی دیکەم لەسەر کەسایەتییە جیاوازەکانی تری کورد، وەک دەقێکی خەیاڵی مامەڵە لەگەڵ ئەو گریمانەیە بکەم و وێنەیەکی جیاوازی (وەلی دێوانە)ی شاعیر بکێشم، وێنەیەک عاشق نەبێت و وێنەیەک شەیدای (شەم) نەبێت. هەرچیم وێنا کرد و هەرچیم نووسی، نەیتوانی باوەڕ بە خۆم بهێنێ کە بتوانم وێنەیەکی خەیاڵیی (وەلی دێوانە) بکێشم لە دەرەوەی ئەو وێنەیەی شەم بۆی دروست کردووە، ئیدی خوێنەر چۆن باوەڕ بەو گریمانە و نووسینە دێنێت کە لای نووسەرەکە خۆی جێی باوەڕ نەبێت؟

نووسین لەسەر ئەم شاعیرە، جۆرێک دڵەڕاوکێت لا دروست دەکات، ئەم حاڵەتە وات لێدەکات بە وریاییەوە پەنا بەریتە بەر نووسین لەسەر ئەو لایەنەی کە دەتەوێت لەسەری بنووسیت، ئەگەر (وەلی دێوانە) ئەو شاعیرە بێت کە شەیدا و دێوانەی (شەم) بووە، یان بە پێچەوانەشەوە ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی باس دەکرێن، هیچ لە گەورەیی و جیاوازیی دونیای شیعرەکانی ناگۆڕن لە چاو شاعیرانی دیکەدا، بۆیە لە کۆتاییدا هەرچی بنووسیت و چۆن بنووسیت هەر دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەو (وەلی)ییەی کە ناخی بەهۆی (شەم)ەوە هەلا هەلا بووە، ئەمە دەبێتە بابەتی سەرەکی و جگە لەم بابەتە مەحاڵە نووسەر بتوانێت ڕەهەندێکی زیندووتر لە شیعر و ژیانی ئەم شاعیرە بدۆزێتەوە، چونکە ئەو ناخ و دەروونی بە شێوەیەک وێران بووە، هەمیشە برینە قووڵەکانی ناخی و دونیا ڕەشبین و تاریکەکانی چارەنووسی خۆی بە شیعر دەربڕیوە، نەک بە قسە:

**هەر من ناشادم**
**گشت عالەم شادن، هەر من ناشادم**
**هەر من نە یاوان وەلای حەق دادم**
**هەر من نا موراد قاپی موورادم**

## کێلی گۆڕەکەی، خەیاڵم دەبات

دەبێت سوپاسی بەردتاش و کێل هەڵبەستەکەی بکەین، لەو دەشتایی شارەزوورە و لەو گۆڕستانەی سەید سادقەوە، پێش زیاتر لە یەک سەدە، نەیهێشت گۆڕ و گڵکۆی وەلی دێوانە وەک (نالی)ییەکەی خۆیان ون بێت. زۆر جار کە بە ڕێگا سەرەکییەکەی (سەید سادق)دا دەڕۆم، سەیری لاپاڵی ئەو شاخە بەرزەی ناو شار دەکەم، لەناو دیمەنی ئەو گۆڕستانە گەورەیەدا تەنیا کێلی گۆڕە بێ نازەکەی (وەلی دێوانە) جێی سەرنجدانە و خەیاڵم بۆ لای خۆی دەبات و یادەوەریم دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەم و ساتەی (وەلی) مردووە و مەراسیمی ناشتنەکەیان بەڕێوە بردووە. لەو ساتانەدا بیر لەو گۆڕ هەڵبەست و بەردتاشەی کێلی سەر گۆڕەکەی (وەلی دێوانە) دەکەمەوە کە تا ئێستاش نازانرێت کێیە و چ کارە بووە؟ بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو نەبووایە (وەلی)ش وەک مستەفا بەگی کوردی و مەلا خدری نالی و حاجی قادری کۆیی و چەندان شاعیری دیکە ون دەبوو. سوپاس بۆ ئەو کەسانەی بەبیری مەزنی خۆیان نەیانهێشت (وەلی دێوانە) گڵکۆکەی ون بێت. هەموو ئەو ساتانەی سەیری دیمەنی ئەو گۆڕستانە دەکەم و لە گۆڕەکەی وەلی دێوانە ورد دەبمەوە، دەیان پرسیار و گومان و شتی سەیرم بۆ دروست دەبێت، لەوانە: ئەمە گۆڕی (وەلی)یە، ئەی گۆڕی (شەم) لە کوێیە؟ تۆ بڵێی ئەو گۆڕە کۆنانە و کێلە ڕزیوانەی تەنیشتی، یەکێکیان گۆڕی (شەم) نەبێت؟ بۆ نا؟ ئەوان لە دونیادا پێکەوە نەبوون، ناکرێت لە گۆڕدا لە تەنیشت یەکەوە بن؟ ئەی ئەوە نییە خۆی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت: وادەی من و تۆ کەوتە قیامەت؟

بیرکردنەوەکان زۆرن و هەموویان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچن کە وێنەیەکی دیکەی (وەلی) بکێشن، با تا ئێرە بەس بێت و کەمێک بەبێ دەنگی لەو ژیانە پڕ لە نهێنی و تاریکەی ئەم شاعیرە ڕابمێنین. بۆ نا، چونکە هەندێجار ئەوەی لەسەر (وەلی دێوانە) و شیعرەکانی پێی گەیشتووم، ئەوە نییە کە دەینووسم، ئەوەیە لە ناخمدایە و ناتوانم بینووسم!

## گفتوگۆ لەگەڵ بەرد

ئەی بەرد بۆ نادوێیت؟ ئەی بەرد تاکەی بێ دەنگ و بێ باکی لەو خەمە قووڵەی ناخی من؟ ئەی بەرد سووری بێ دەنگی و خامۆشیت لە ئاست مندا کەی تەواو دەبێ؟ من لەم دەشتە خامۆشەدا، وەک کڵپەی ئاگرێک لە بەردەم تۆدا کڕنووش دەبەم و پرسیاری (شەم)ەکەی خۆمت لێ دەکەم، تۆ هەر بێ دەنگی؟ تۆ وەڵامم بدەیتەوە یان بێ دەنگی هەڵبژێریت، من لە ناڵە و کڵپە و بێ دەنگییە ناشادەکەی تۆ دەگەم، تۆش عاشقی وەک من، لە بری ئەوەی وەک من دێوانەی شیعر بیت و بەردەوام ناڵەی ناخت دەرخەیت، بێ دەنگی و هێمنی لەم هەوارە خامۆشەدا هەڵدەبژێریت. تا کەی بێ دەنگی ئەی بەردی بێ باک؟

ئەمە دیمەنی چۆڵەوانییەکی کاکی بەکاکییە و وەلی بە ڕوخسارێکی شێواو و بە دڵێکی پڕ لە غەمەوە، گفتوگۆی یەک لایەنە لەگەڵ بەرد دەکات. ئەو بەردانەی ئاگری ئاگردانەکان وەک دنیابینینی (وەلی) ڕەش هەڵیگەڕاندوون. وەلی دەچێت بۆ هەواری چۆڵ و خاڵیی خێزان و بنەماڵەی (جاف)ەکان، لە دوای گەشتی گەرمیان و کوێستانیان، دادەنیشێت بەدیار بەردی ئاگردانەکانیانەوە و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات.

هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی وەلی بە شیعر شێت و شەیدای عاشقەکەی نەبووە، مەگەر لە ئەفسانە و داستانە کۆنەکاندا ئەم شێوە عەشقە ببینیت. لە چەند پەڕەگرافێکی شیعرەکەدا، وەلی دێوانە بەم شێوەیە ڕوودەکاتە (بەرد) و لەگەڵی دەدوێ:

**بەردی هەواران**
**بەردی ڕەشی سووتاوی هەواران**
**داماوی خەمگینی پاشماوەی یاران**
**هەی وەکو من هاوبەشی دەرد و پەژارە**
**تۆ بەردی کوێ و هی کام هەواری**
**لە تاو کێ ڕەنگت خەمبارە و**
**سووتاوی عەشقی کام نەوهاڵی؟**
**کەوا بێدەنگ و بەدڕەنگ و مات و**
**دڵتەنگی**
**تۆ لەداخی کێ سووتاوی**
**پاشماوەی هەواری کام هۆزی؟**
**ڕاست بڵێ: داخی دووریی کێت لە دڵدایە**
**لە دووریی کێ بەرگت ڕەشە؟**
**************

**ئازارەکەی (وەلی) بەردیش دێنێتە گۆ، وەڵامی وەلی دێوانە دەداتەوە و دەڵێت:**

**بەخت ڕەشی ستەمکێشی خەم**
**پەروانەی پەشێوی دوورکەوتنەوەی شەم**
**مەگەر نازانی و کوێراییت داهاتووە**
**کە ئەم جێیە شوێنی گوزەرگای خێڵە**
**نیشتمان و لەوەڕگای خێڵی جافە**
**جێگەی ژیان و جموجوڵی ناوک**
**بۆنخۆشەکانە**
**هەوارگەی ڕەوێڵی خێڵی مورادییە**
**جێگەی شەوق و زەوقی کۆمەڵی**
**دڵشادەکانە**
**من هەواری شەمی شای پەروانەکان و**
**خانی خاڵخاسەکانی ڕەشماڵەکانم**

******

## چۆن شیعرەکانی دەخوێنرێنەوە؟

تا ئێستا ساتی مردن و ژیان و قۆناغی شیعر نووسینی وەلی دێوانە دیار نییە، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژیابێت. چونکە ڕەنجوری شاعیر، شیوەنێکی شیعریی بۆ مردنەکەی نووسیوە کە ئاماژەیە بۆئەوەی لەو سەردەمەدا بووبێت، ئەمە جگە لە شیعرە بەناوبانگەکەی (وەلی دێوانە) بۆ کەیخوسرەو بەگی جاف، سەرۆکی ئێلی جاف کە باس لەوە دەکرێت کەیخوسرەو بەگ و وەلی لەو سەردەمەدا ژیابن:

یا بە گەنج و ماڵ، یان بە زۆری خۆی
بیری پەروانەی دڵ بریندادی شاد
وەک حاتەمی تەی هیمەتی بکردایە
شەمی بگەیاندایە بە من و منی بگەیاندایە
بە شەم.

(وەلی دێوانە) بە شێوەزاری (هەورامی) شیعری نووسیوە، بۆیە زۆرجار لە گۆڕینی ئەو شیعرانەدا بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی و ناوچەی سلێمانی، بەشێکی زۆری ئیستاتیکای زمان و جوانیی گوزارشتکردنی شیعرەکان ون بوون.

(پیرەمێرد)ی شاعیر بەشێکی زۆری شیعر و دیوانەکەی گۆڕیوە بۆ سەر شێوەزاری سلێمانی و لە ڕۆژنامەکانی (ژین) و (ژیان)دا بڵاوی کردوونەتەوە. ئەم وەرگێڕانەی پیرەمێرد ڕەخنەی لەسەرە کە زۆر لە مانا و دێڕ و وێنەی شیعریی شیعرەکانی (وەلی دێوانە)ی دەستکاری کردووە، بەڵام ئەگەر ئەو وەرگێڕانە نەبووایە، کەمتر لەم ناوچەیە و لە شێوەزاری سلێمانی و ئەدەبیاتی باباندا، دەناسرا و پێشوازیی لێ دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک شیعری کراون بە گۆرانی کە ناوبانگی وەلی دێوانەیان لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە. هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان، چەند شیعرێکی ئەوی کردووە بە گۆرانی کە هێندەی دیکە جوانی و عیشقی مەزنی وەلی دێوانەی دەرخستووە.

مەحموود پاشای جاف و هەندێ لە بەگزادەکانی جاف، ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە پاراستنی شیعرەکانی وەلی دێوانە، بەتایبەتیش لە نووسینەوە و پاراستنی لە کەشکۆڵە دەستنووسەکاندا.

خەسرەو جاف، دیوانی وەلی دێوانەی وەک خۆی و بە هەمان شێوەزار و بە هەندێ شیکاریی تایبەت و نەخشەسازییەکی خەیاڵی بۆ ڕوخساری (وەلی و شەم) و دیمەنە شیعرییەکان چاپ کرد. ئەم دیوانەی خەسرەو جاف، یەکێکە لە گرنگترین دیوانەکانی ئەو شاعیرە کە من بۆ خۆم پێموایە دنیای وەلی دێوانەی زیاتر تێدا دەبینرێت لەڕووی وێنەی شیعری و کەشی سۆفیانەی ئەو شێوە تایبەتەی کە ئەم شاعیرە شیعری پێ نووسیوە.

مەحموود خاکی لەساڵی 1970 دا دیوانەکەی وەلی دێوانەی چاپ کرد، پاش ئەویش عوسمان هەورامی لە ساڵی 1976 ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەکانی وەلی دێوانەی کۆکردووەتەوە و چاپی کردووە. زۆر زانیاری لەسەر ژیان و بەرهەم و شیعرەکانی بۆ خوێنەران خستووەتەڕوو.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی یەکەمی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) بەشێک لەم کتێبەی بەنای (گەشتێ لەگەڵ وەلی دێوانە) کۆمەڵێک لایەن و بەرهەمی شیعری و شێوازی شیعریی وەلی دێوانە شی دەکاتەوە، بەتایبەتیش لەسەر بەراوردکردنی وەلی دێوانەی شەم و قەیس و مەجنونی لەیلا و باسکردنی ژیان و شیعری وەلی دێوانە لەناو خێڵەکانی جاف و زمانی شیعریی لە قوتابخانەی شیعریی (گۆران) و ئەو شێوەزارەی پێی دەڵێن هەورامی.

ئەم هەوڵانەی لێ دەرچێت، کەمترین قسە و کەمترین خوێندنەوە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ وەلی دێوانە کراوە، ئەمەش لایەنێکی فەرامۆش و غەدرلێکرای شیعری ئەم شاعیرە کوردەیە.

## وەلی و شەم.. ئەفسانە و ڕاستی

ژیانی وەلی دێوانە، ئەفسانە بێت یان ڕاستی، ئێستا دەقێکی مەزنی ئەدەبیاتی کوردییە، هەر کات ناوی دەبرێت، ئاماژە بەوە دەکرێت کە وەلی کوڕی کوێخا محەممەدی تیرەی کەماڵی لە هۆزی جافەکانە و بە (وەلی دێوانە) ناسراوە. باوکی پیاوێکی خانەدان و موڵکدار بووە. لە دەشتی شاکەل و شێروانە هاتووەتە دنیاوە و لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە. هۆنراوەکانی بە شێوەزاری هەورامی بوونە و پشتاوپشت بیستراون.

هۆنراوەکانی بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەکانی (ژیان) و (ژین)دا بڵاوکراونەتەوە، پیرەمێردی شاعیر گرنگییەکی زۆری بە هۆنراوەکانی داوە و وەریگێڕاونەتە سەر شێوەزاری سۆرانی.

لە تەمەنی منداڵییەوە باوکی وەلی حەزی کردووە کوڕەکەی فێری خوێندن و نووسین ببێت، هەر بۆیە لە شاری سلێمانی دەیخاتە بەر خوێندن و لەسەر دەستی مامۆستاکەی، مەلا یوسف فێری خوێندن و نووسین و قورئان بووە. خوێندەواریی وەلی دێوانە و ناوبانگی مامۆستاکەی گەیشتووەتە هۆزەکانی دیکە. کوێخا قادر شێروان کە یەکێک بووە لە سەرۆک خێڵەکانی تیرەی کەماڵی و کچێکی هەبووە بە ناوی (شەم)، داوای لەو مامۆستایە کردووە کچەکەی ئەمیش فێری خوێندن بکات و بەوجۆرە پێکەوە لەگەڵ وەلی دێوانە خوێندوویانە. وەلی شەیدای شەم دەبێ و پەیمانی خۆشەویستی دەبەستن. دەچن بۆ خوازبێنی شەم و بەڵام بڕیاریان داوە تا لە کوێستان دەگەڕێنەوە بەدەستگیرانی بمێننەوە. لە کاتی کۆچی هاوینەی جاف بەرەو کوێستان، ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی شاعیر و بنەماڵەی خۆشەویستەکەی ڕوودەدات. بەهۆی ئەو ناکۆکییەوە، ئەو دوو دڵدارە بە یەک نەگەیشتن و لەیەکتری دابڕان و یەکتریان نەدییەوە.

## ژیانی (شەم)یش وا دەگێڕنەوە:

هەندێ سەرچاوە دەڵێن ناوی (شەمسە)یە، کچی کوێخا (قادر)ە کە کوێخای هۆزێکی سەر بە تیرەی (کەماڵی) بووە. باوکی (شەم) کچەکەی لە منداڵییەوە ناردە لای مەلا یوسف مامۆستای (وەلی)، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بوون و لەو ڕێگەیەوە یەکتریان ناسی و ئەڤین و خۆشەویستی گەشەی کرد لە نێوانیاندا. (مەلا یوسف) هەستی پێکردن و باوکی (وەلی) ئاگادار کردەوە لەم پەیوەندییە. باوکی وەلی گوتی: مەلا ئەمە ئاواتی منە و دەچین داخوازیی (شەمسە)ی بۆ دەکەین.

داخوازیی شەمسەی بۆ دەکرێ و باوکی کچەکە دەڵێت: کوێخا محەممەد با ساڵێک بە دەستگیرانی بیهێڵنەوە تا لە کوێستان دەگەڕێینەوە، بەڵام بەهۆی گرفتی ئەو دوو بنەماڵەیەوە ئەو هاوسەرگیرییە سەرناگرێ و بۆ هەتا هەتایە وەلی و شەم لە یەکتر دادەبڕێن. بەهۆی کێشەی ئەو دوو بنەماڵەیەوە وەلی دێوانە تەنانەت ناتوانێ لە دووریشەوە (شەمسە) ببینێ.

وەلی دێوانە بۆ ئەو حاڵەی خۆی دەڵێ:


پەری ڕەشماڵان، پەری ڕەشماڵان
دەلیل بچۆ لای پەری ڕەشماڵان
لای (شەم)ی بەزمی شادی پەروانان
پێش ڕەوەی پۆلی دیدە قەترانان.


یان دەڵێت:

**سەر هەر لە سەودای عەشق بازییە**
**دڵ هەر نیشانەی تیر ئەندازییە**

بەڵام:

**پێم بە داوەوە شەتەک دراوە**
**دڵم پڕ ئێشە جەرگم بڕاوە**













گۆڕی وەلی دێوانە



# مردنی نووسەر و پەراوێزێکی پێویست



ئەنوەر عەباسی

مردنی نووسەر بە زمانێکی سادە ئەگەر لە تێڕوانینی "بارت"دا ئاماژەیەک بووبێت بە ئاوەڵاکردنی دەستی خوێنەر بۆ شەخسیکردنەوەی تێگەیشتن و کراوەیی مانای دەق و داماڵینی تاک شرۆڤەیی لە نووسراو و لە گشتێتیی خۆیدا جیاکردنەوەی نووسەر لە نووسراو، کەواتە دەبێ بڵێین کە ئەمڕۆکە لە پانتایی وێژە و کۆمەڵگای وێژەوانانی کوردستاندا ئەم چەمکە تەنیا یەک مانای لەخۆ گرتووە، ئەویش بێدەنگی لێکردنی نووسەرە لە بەرانبەر پرسیار و ڕەخنەگەلێک کە ئاراستەی نووسراوەکەی دەکرێت. ئەگەر مردنی نووسەر وەکوو پێوەرێک بۆ هەڵسوکەوتی نووسەر لەگەڵ دەق و خوێنەر و لە مانای تایبەتیدا لەگەڵ ڕەخنەگر بە بنەما بگرین، ئەمە نەک هەڵە نییە، بەڵکوو زۆریش بەجێیە، بەڵام لێرەدا یەک پرسیار دێتە ئاراوە: کاتێک کە نووسەر دەیەوێ گۆڕانکارییەکی بەرچاو و بنەمایی یان داهێنانێک (لانیکەم لە ڕوانگەی خۆیەوە) لە نووسیندا بەدی بهێنێ و هیوایەکی ئەوتۆیش بە توانا و لێهاتوویی و تەنانەت بوونی ڕەخنەگری زیندوو و چالاک و چاوتیژ نییە کە کارەکەی بناسرێت و وەکوو شتێکی نامۆ و نەشاز نەبینرێت، دەبێ چی بکات؟ بە واتایەکی دیکە ئایا نووسەر مەحکومە بەوەی چاوەڕێی کەسێک بێت کە ڕۆژێک بێت و ئەو و کارەکەی بدۆزێتەوە و گرینگیی کارەکەی دەربخات؟ یان ئەوەی کە دەستەوەستان دابنیشێت ڕەخنەگران بە ڕەخنەگرتن یان بێدەنگی لێکردن، کارەکەی بخنکێنن؟ بە تایبەت کە هێندەک کات بەرچاوتەنگی و دوگمابوونی کۆمەڵگای وێژەیی دەبێتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم داهێنانی نوێدا.

ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەک مەبەستەکە ڕوونتر بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش بە داخەوە ناتوانین لە وێژەی کوردیدا نموونە بهێنینەوە، چونکە بە هۆکارگەلی جیاواز لە وێژەی کوردیدا باسی ڕەخنەی ئەدەبیات بە گشتی و باسگەلی لەم چەشنە بە تایبەتی تەریک کەوتوون و هێنانەوەی نموونەیەک ڕنگە هێندەک ئەستەم بێت. کەواتە نموونەیەک لە وێژەی فارس دەهێنمەوە: ڕۆژێک کە "نیما یوشیج" دەستی دایە نوێکردنەوەی شیعری فارسی، سونەتی هەزار ساڵەی شیعری کلاسیکی فارسی کە هەموو وەکوو ئایەتی مونزەل سەیریان دەکرد، لە تەشقی ئاسمانەوە داگرت و گەڵاڵەیەکی نوێی دارشت کە دوایی لە ئێران ناوی بوو بە "شێعری نیمایی"، هەموو پێیان وابوو کە نیما و شێعرەکانی لە بن زەرپی گورزی ڕەخنەگرانی بێبەزەیی و بەرچاوتەنگی ئەو سەردەمدا بەرگە ناگرن و دادەڕمێن. بەڕاستیش دەبوو وابێت، بەڵام تەنیا شتێک کە یان باشترە بڵێین یەکێک لە گرینگترین ئەو فاکتەرانەی نەیانهێشت ئەمە ڕووبدات، ئەوە بوو کە نیما پێشتر خۆی تەیار کردبوو. نیما بنەما فکرییەکانی ئەو کارەی کە دەیویست بیکات، بە وردی دارشتبوو، ڕەخنەگری مێشک وشک نە بە هاشوهوش و نە بە بێدەنگی لێکردن نەیانتوانی دەنگی ئەو کپ بکەن و ئەو توانی گرینگترین گۆڕانکارییەک کە لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا ڕوویداوە، بە ئەنجام بگەیەنێت و ڕێگا بۆ کەسانی دوای خۆی خۆش بکات. گرنگیی ئەو کارەی نیما لە ئاستێکدا بوو کە ئێستاکە دەکرێ بە شێوەیەک ئەدەبیاتی فارسی بۆ دوو بەشی پێش نیما و دوای نیما دابەش بکەین.

وای دابنێین، نیما بڕوای بەو خوێندنەوە لە ئایدیای مەرگی نووسەر هەبووایە کە نووسەر نابێ باسی نووسراوەکەی بکات! زۆرێک لە وێژەوانانی ئەمڕۆی ئێران (لەوانە دەتوانم بە مێهرداد فەلاح ئاماژە بکەم کە بە تازەیی لە هەڤپەیڤینێکدا ئاماژەیەکی کورتی بەو باسە کردووە) پێیانوایە ئەگەر وابایە، هەر ئەو دەم دەنگی نیما کپ کرابوو، ڕەنگە ئەدەبی فارسی ساڵەها لەو بوارەدا وەدوابکەوتایە و تەنانەت هەر لە جێی خۆی قەتیس بمایە (هەڵبەت من پێموانییە قەتیس بمایە، چونکە ئەم نوێبوونەوەیە ڕەوتێکی جیهانیی گشتگیر بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەموو وڵاتانی گرتەوە و کوردستانیش لەوە بێبەش نەبوو). ئەمە لە بارەی شاملوپیشەوە هەر ڕاستە. ئەویش هەر بەو شێوەیە بە تیۆریزە کردنی بنەماکانی شێوازی داهێنراوی خۆی ڕێگەی لە لەبارچوونی هەوڵە شێعرییەکانی خۆی گرت.

لەلایەکی دیکەوە ئایدیای مردنی نووسەر "مردنی ڕەخنەگریشی لێدەکەوێتەوە. کاتێک کە بارت بە جێگای Author لە وشەی (چەمکی) Scripteur کەڵک وەردەگرێ و پێوەندی نووسەر لەگەڵ دەسەڵات واتە "ئاوتۆر" لەگەڵ "ئاوتۆریتە" دەبچڕێ و بە جێگای ئاوتۆر واتە نووسەر، "سکریپتۆر" واتە "**بنووس***" دێنێتە بەرباس، کردەی نووسین لە نووسەر و دەسەڵاتی نووسەر دادەبڕێت و ئەمە لە خۆیدا ڕەخنەگر (وەکوو دەسەڵاتی ڕەهەندگیرکردنی واتا و شیکاری) لە مانا بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە ئەمجار خوێنەر جێگای ڕەخنەگر دەگرێتەوە.

لێرەدایە کە ئێمە وەکوو کەسانێک، کە مەودایەکی زەمانی- جوگرافیمان لەگەڵ بارت و ئایدیاکەی هەیە، تووشی جۆرێک لە خراپ تێگەیشتن بووین. ئەو شتەی کە لە مردنی نووسەردا بەرباسە ڕێگرتن لە شرۆڤە و لێکدانەوەی دیکتاتۆرانەیە. واتە بڕیارە ئایدیای مردنی نووسەر ڕێگە لە دیکتاتۆریەتی شیکاری (interpretive tyranny) بگرێت. بەو واتایە کە دەق بە ژمارەی بەردەنگەکانی خۆی خاوەن مانا و هەڵگری شرۆڤە و شیکاری و تەفسیرە و نووسەر (ڕەخنەگریش) نابێ هەوڵی ئەوە بدات کە ئەم بەرینایەتییە بەرتەسک بکاتەوە. هەڵەکەی ئێمە لێرەدایە کە بە ناوی ئایدیای مەرگی نووسەرەوە، ڕێگا لە نووسەر (یان بنووس) بگرین بنەماکانی کارەکەی خۆی تیۆریزە بکات، یان ئەوەی کە ئەم بنەما دارشتنە بە لاوازیی نووسەر بزانین. ئەم ئاکارە کاتێک کێشەساز دەبێت کە لەو کۆمەڵگا بێ ڕەخنەگرەدا کاتێک ڕەخنەگرێک بۆ ناساندن و شیکردنەوەی بنەمایی بابەتێک دەست بە کار دەبێت، خێرا بابەتی مەرگی نووسەر بێتەوە بەر باس.

بەهەرحاڵ ئەگەر شێعر (بە گشتی هونەر) وەکوو جەوهەر چاو لێبکەین، هاتنە بەر باسی عەرەزیاتی لەو چەشنە چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە خراپ تێگەیشتن لە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەرگیراو و وەرگێڕدراو تووشی هەڵەمان نەکەن و ڕێگا لە گەشەی بواری هونەر نەگرن.

***بنووس: ئەم وشەیەم لە بەرانبەر وشەی Scripteur داناوە کە ڕۆڵان بارت لە وتاری مردنی نووسەردا بەکاری هێناوە و هەمان مانای نووسەر دەدات، بەڵام نووسەرێک کە وەکوو تایپیستێک تەنیا وشەکان تایپ دەکات و پێش نووسین و دوای تەواوبوونی نووسین درێژە بە ژیانی خۆی نادات و هیچ شتێک لەسەر خوێنەر فەرز ناکات.**

# تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا



حەمەسەعید حەسەن

(5)

لە سەردەمی عەباسییەکاندا کە لە 132ی کۆچییەوە تا 656ی کۆچیی خایاند، گەلێک دەڤەر و هەرێم لەو خەلافەتە جوێ بوونەوە، گرنگترینیان ئەندەلوس و باکووری ئەفریکا بوون کە یەکەمیان لەبن دەستی ئومەوییەکان و دووەمیان لەبن دەستی فاتمییەکاندا بوو. ئەو سەروەختە تیرۆر لەوپەڕی هەڵکشانیدا بوو کە هەم لەلایەن عەباسییەکانەوە پێڕەو دەکرا و هەم لەلایەن نەیارانیانەوە. خەلافەت کە لەڕێی بکوژانی کرێگرتەوە، هەم بە ژار نەیارانی دەکوشت و هەم بە پەلاماری چەکدارانە، بۆیە هانای بۆ تیرۆر دەبرد، چونکە بە گونجاوی نەدەزانی بە ئاشکرا ئەو نەیارانەی بکوژێت کە پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئایینییان هەبوو. ئۆپۆزیسیۆنیش چەندی توانیبا، زەبری پلانی ورد بۆ داڕێژراوی لە فەرمانڕەوایانی پلە یەک و یاریدەدەرانیان دەوەشاند.

دەسەڵات لە سەردەمی (موسای ئەلهادی) دا کە برای هاروون ئەلڕەشید بوو، بۆ تیرۆرکردنی ئیدریسی کوڕی عەبدوڵڵا کە لە نەوەی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی بوو، (سولەیمان) ناوێکی ڕاسپاردبوو کە سەر بە هەمان ئایینزای قوربانییەکە بوو. ڕقی دەسەڵات لە ئیدریس زادەی ئەوە بوو، لە یاخیبوونێکی بەرفراواندا بەشداریی کردبوو. ئیدریس متمانەی بە کابرای کرێگرتە کردبوو، لە خۆی نزیک خستبووەوە، جارێکیان کە هەستی بە ئازاری ددانی کردبوو، کابرای بکوژ سیواکێکی ژاراوی پێ دابوو، پێی گوتبوو بەیانی هەر کە لە خەو ڕابوویت، ددانەکانتی پێ خاوێن بکەوە، خۆیشی هەر شەو هەڵاتبوو.

کە مەئموون، ئەمینی برای کوشت، ناردی بە دوای عەلی ڕەزای کوڕی موسای کازمدا و کردی بە جێنشینی خۆی، ئەمەیش بەو مانایە دەهات کە ئیدی خەلافەت لەبن دەستی بنەماڵەی عەباسییەکان دەردەچێت و دەکەوێتە بن دەستی (ئەهلی بەیت) کە دەچنەوە سەر پەیامهێن. ئەم کارەی مەئموون لە بەغدا، یاخیبوونی عەباسییەکانی بە دوادا هات، مەئموون لەسەر کار لابرا و ئیبراهیمی مامی جێی گرتەوە. ئەو سەروەختە مەئموون لە خوراسان دەبێت و کوودەتاکە لە بەغدا ڕوودەدات، وەزیرەکەیشی: فەزڵی کوڕی سەهل، کە لەگەڵیدا دەبێت، هەواڵی یاخیبوونەکەی ژنەفتووە و لێی دەشارێتەوە. مەئموون کە لە زاری عەلی ڕەزاوە هەواڵەکە دەبیستێت، هەندێک لە پیاوەکانی ڕادەسپێرێت، دەچن وەزیر لە گەرماودا دەکوژن. دواتر مەئموون هەموو بکوژەکان کە خۆی ئیشەکەی پێ کردبوون، دەگرێت، سەریان دەبڕێت و سەرەکانیان بۆ حەسەنی کوڕی سەهلی برای وەزیری تیرۆرکراو، کە نوێنەی خۆی دەبێت لە واسیت، دەنێرێت.

ڕابوونی عەبباسییەکان لە بەغدا بە پلەی یەکەم لە دژی وەزیرەکە دەبێت کە داخێکی زۆری بە دڵی خەڵکی پایتەختدا کردبوو، بۆیە خەلیفە ناردی بیکوژن، تا خەڵکی بەغدا هێور ببنەوە و پلانەکەیشی سەری گرت. مەئموون کە پڕ بە مانای وشەکە فەرمانڕەوایەکی ستەمکاربوو، کە خەلیفەیەکی مەعاویە ڕەوتاربوو، دەیزانی بۆ ئەوەی ببیت بە خەلیفە، ئاسابییە برای خۆت بکوژیت و بۆ ئەوەی لە خەلافەتیشدا بمێنیتەوە، سەیر نییە، سڵ لە کوشتنی نزیکترین هاوکارەکانی خۆت نەکەیەوە.

مەئموون لە (سەرخەس) وەزیرەکەی خۆی کوشت، لە ڕێی بەرەو بەغدا، لە تووس، لای گلکۆکەی (ڕەشید)ی باوکی، چەند ڕۆژێک لای دا. لە تووس لە ناکاو جێنشینە شیعەکەی کۆچی دوایی کرد. دەڵێن گوایە، چونکە زۆر حەزی لە ترێ بووە، ترێی ژاراویی دەرخوارد درا، هەرچەندە ئیبن ئەسیر، چیرۆکی ترێی ژاراوی ڕەت دەکاتەوە. ئەگەری ئەوەیش هەیە، شەربەتی هەناری ژاراویی دەرخوارد درابێت، وەک یەعقووبی باسی کردووە. چیرۆکی کوشتنی عەلی ڕەزا لە شیعری عەرەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەبوو فیراسی حەمدانی دواتر، ئاخر لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە، گوتوویەتی: (بەیعەتیان پێ کرد و کوشتیان.) کە عەلی ڕەزا دەمرێت، مەئموون مژدەی مردنەکەی بە عەبباسییەکان دەدات و پێیان دەڵێت: گەڕامەوە بۆ لای پۆشینی پۆشاکی ڕەش کە ڕەمزی عەباسییەکانە و وازم لە پۆشینی جلی سەوز هێنا کە ڕەمزی عەلەوییەکانە. کە مەئموون هەم وەزیرەکەی خۆی کوشت و هەم جێنشینە شیعەکەیشی، ئیدی (فیتنە)کەی بەغدا دامرکایەوە.

موتەوەککیل (822 — 861ز) بە کۆمەکی دەستوپێوەندەکەی خۆی کە تورک بوون و لەلایەن مونتەسیری کوڕییەوە هان درابوون، کوژرا. کوشتنەکەی کارێکی ئاسان بوو، پاسەوانەکانی کۆشک، لەناکاو هەڵیانکوتایە سەری و کوشتیان. کوڕ بۆیە ئەو غەدرەی لە باب کرد، چونکە باوک نیازی وابوو، مونتەسیر نا، کوڕە بچووکەکەی وەک جێنشینی خۆی دیاری بکات. کوشتنی موتەوەککیل کە دوا خەلیفەی بەهێزی عەبباسی بوو، ڕێی بۆ هەژموونی تورک خۆش کرد.

ئەبوو سەعیدی جەننابی کە دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی قەرمەتییەکان بوو لە خۆرهەڵاتی دوورگەی عەرەب، لە گەرماودا لە 301ی کۆچی، بە دەستی خزمەتکارەکەی کوژرا کە ئەگەری ئەوە هەیە، عەباسییەکان کە دوژمنانی سەرەکیی قەرمەتییەکان بوون، لەدوای تیرۆرەکەوە بووبن. گەرماو شوێنێکی لەبارە بۆ تیرۆر، ئاخر قوربانی بە تەنیایە، زۆری پێ دەچێت و زوو زوویش خۆی دەشوات. عەلی کوڕی فەزڵی خەنفەری، حوکمڕانێکی دیکەی قەرمەتی بوو، دەستی بەسەر یەمەندا گرتبوو، ئەسعەدی کوڕی باوکی یەعفەر کە والیی سەنعاء دەبێت، دەست لەگەڵ عەبباسییەکاندا تێکەڵ دەکات و بە کۆمەکی خەلیفە موقتەدیر، (عەلەوی)یەکی بۆ دەنێرێت، ژارخواردووی دەکات، ئیدی لە یەمەن، کۆتایی بە حوکمی قەرمەتییەکان دێت.

زومرود خاتوون، ژنی ئەلب ئەرسەلان (1029 — 1072ز)ی سوڵتانی سەلجووقی دەبێت، کە مێردەکەی بە دەستی یوسفی خەوارزمی دەکوژرێت، کوڕە گەورەکەی جێی دەگرێتەوە. دایکی شێوازی فەرمانڕەوایی کوڕە گەورەکەی بە دڵ نابێت، بە هێشوویەک ترێی ژاراوی دەیکوژێت و کوڕە ناوەنجییەکەی دەبێت بە سوڵتان. دایک شێوازی حوکمی کوڕی ناوەنجییش پەسەند ناکات، ئەویش تیرۆر دەکات و کوڕە بچووکەکەی دەبێت بە سوڵتان، ئیدی تەواوی دەسەڵات لە دەستی زومرود خاتووندا کۆدەبێتەوە.

13ی ئایاری 2016
هەولێر

(*) هادي العلوي، ألإغتيال السياسي في ألإسلام، دار المدى، الطبعة السابعة 2012 بغداد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net


# ڕێککەوتن تا تێکەوتن

حیزبی کوردی، لەسەر کێشی بنێشتی کوردی، تا شل نەبێ فریای خۆی ناکەوێ. ئاخر بنێشتی کوردی، کە شل دەبێ، گەلامێوی لەگەڵ دەخورێ. حیزبی کوردییش پاش تێکەوتن، دەکەوێتە ڕێکەوتن.

ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕانی لە هەناوی یەکێتی دەرپەڕاند حەزی گەیشتن بوو بە دەسەڵات، مایەی گاڵتەجارییە، هەمان حەز ئەمڕۆ کۆیانبکاتەوە. حیزبی کوردی زۆرتر لە کلاش دەچێ تا ئۆپۆزیسیۆن، ئاخر ئۆپۆزیسیۆن هەڵوێستە، کلاشیش هەڵگەڕانەوەیە و تەواو. کورد تا ئێستا هەر حیزبی هەڵگەڕاوەی هەبووە نەک ئۆپۆزیسیۆن.

لە ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتیدا، هەردوولا لەسەر پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕێککەوتوون، هەر ئەوەش نا، بەڵکوو هەردوولا باوەڕیان بە شەراکەت هەیە لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، خۆ ئەوەی باوەڕیش ناکا با بچێ لە بەرێز هەڤاڵ ئەبووبەکر بپرسێ. ئەوەشی کە دەڵێن هەردوولا پشتیوانیی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحییەکان دەردەبڕن، ئەوە ڕستەیەکی هیندییە ئەگەر بیکەیت بە کوردی واتای ئەوەیە هەردوولا تەنانەت بە دابەشکردنی ئەم و ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەش تێر نەبوون و بەنیازن میراو و ڕۆنگۆڕی قەزا و ناحییەکانیش بەش بکەن.

خاڵ نا، نوکتەیەکی دیکەی ڕێککەوتنەکە دەڵێ هەردوولا لەسەر چاکسازیی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کارگێڕی و هێنانەکایەی حوکمڕانیی باش و سەروەریی یاسا و دامەزراوەیی کۆکن. خۆی حەق بوو لەسەر ئەو بابەتە بکۆکن نەک کۆک بن، ئاخر مانشێتی جیابوونەوەی گۆڕان تۆمەتبارکردنی یەکێتی بوو بە شەریکەبەشی گەندەڵی و ناسەروەریی یاسا و حوکمی بنەماڵەیی و هتد، ئەوە خێرە ئێستا بە هاوکاریی یەکێتی، ئامانجەکانی گۆڕان بەدی دەهێنن، جا ئەو هەرا و ماڵجیاکردنەوەیەی بۆچی بوو؟ کە هەر بە بازووی یەکێتییەوە دەنازن، ئەم توران و گەڕانەوە نێوباوەشەی بۆچی بوو؟

خۆش ئەوەیە یەکێتی و گۆڕان خۆیان سلێمانییان کرد بە دوو ئیدارە و دوو ڕەنگ و دوو بەرە، کەچی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پاشماوەی دوو ئیدارەیی نەهێڵن، ئەمە ڕێک ئەوە وایە مەلا عەبدوللەتیف بڵێ بە نیازم فرەژنی نەهێڵم.

خۆش ئەوەیە یەکێتی و گۆڕان داوای جێبەجێکردنی ماددەی سەت و چل دەکەن! تۆ لەوە گەڕێ کەم کەس لە تەواوی جیهاندا ئەو ماددەیەی لەبیر ماوە، فەقە جێبەجێکردنەکەی چۆنچۆنییە بێزەحمەو؟ یانی حکوومەتە داڕووخاوەکەی عێراق بێنینەوە کەرکووک و ئەوجا داوای لێبکەین جێبەجێی بکات؟ ئێ یان وایە، یانیش ئەو خوێنەی تا ئێستا پێشمەرگە بۆ ئەو کوردستانەی ئەوەی ئێوە پێیدەڵێن سەت و چل، بە فیڕۆ ڕۆیشتووە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com


# ولاٚتە یەکگرتووەکانی کورد

ئەمڕۆ سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی (سایکس- پیکۆ)دا تێپەڕ دەبێت، ڕێککەوتننامەیەک کە خواستە شاراوەکانی پشت پرۆژەکە (ناسەقامگیری و بەریەککەوتنی گەل و نەتەوەکانی ناوچەکە بوو).

سەد ساڵی ڕابردوو بۆ داڕێژەرانی پرۆژەی داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەی ڕۆژهەڵات کە لە سایکس پیکۆ-دا بڕیاری لێدرابوو، سەدەیەک بوو تەریب بەو ستراتیژەی بۆی دانرابوو، تەواوی ئەو ئامانجانە بەدیهاتن کە زلهێزەکانی ئەوکات خوازیاری بوون.

کۆی ئەو شەڕ و کاولکاریانەی سەدەی ڕابردوو، ئەو کۆمەڵکوژی و تاوانە گەورانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، هەمووی بەرهەمی (سایکس- پیکۆ) بوو. ئەوەی ئێستاش جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، شەڕی داعش و بەریەککەوتنی هێز و تایەفە ئایینی و ئیتنیکییەکان لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا، دەرئەنجام و لێکەوتەی ئەو ناهاوسەنگی و هاوکێشە سیاسیانەیە کە لە ڕێککەوتننامەی (سایکس- پیکۆ) وە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو پێشهات و ڕووداوگەلانەی لە ئایندەشدا دێنە پێش، هەر بەرئەنجامی هەمان پرۆژەن.

ئێستا بەشێک لە گەل و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە کە قوربانیی ئەو ڕێککەوتننامەیەن، خوازیاری ئەوەی کە کۆتایی بە سایکس پیکۆ بێت. لە زۆرێک لە ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی وڵاتە کاریگەرەکان لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات، ئەوە دەبیستین کە (کاتی هەڵوەشاندنەوەی سایکس پیکۆ هاتووە).

هەرچەندە باوەڕی تەواوم بەوەیە کە زلهێزەکانی پشت سایکس پیکۆ بە مەبەست نەخشەی ئەم ناوچەیەیان بەو جۆرە داڕشت تا یەکتر قبوڵنەکردن و هەوڵی سڕینەوە، ناکۆکی و ململانێکان بگەن بەو ئاستەی کە لە ڕووداوەکانی ئەم سەد ساڵەدا بەرجەستە بوون و ئامانجەکانیشیان بەدی هات، بەڵام ئێستا کە ئامادەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ناوچەکە بن، خواستی گەورەتریان هەیە لەو ئامانجانەی سەرەتا نەخشەیان بۆ کێشابوو. ئەویش بەهۆی ئەو مەترسیانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ نێو ڕۆژئاوا گوازراونەتەوە و توندڕەویی ئایینی سەرچاوەکەیەتی. ئێستا کار بۆ دروستکردنی زەمینە و هۆکارگەلێک دەکەن کە ئەو مەترسیانە پەلکێشی سەرچاوەکەی بکاتەوە.

بژارەی پێویستیش بۆ ئەو ئامانجە، دروستکردنی دوو بلۆکی گەورەیە کە ئامادە بکرێن بۆ بەریەککەوتن. لەلایەک خەریکی بەهێزکردنی سوننە و پرچەککردنین، لەلایەکی دیکەشەوە خەریکی خۆشکردنی زەمینەی بەهێزکردنی جەمسەری شیعەن، ئەمە سەرباری ئامادەسازییە فکری و ئایدیۆلۆجییەکانی و چاندنی ڕۆحی توندڕەوی، هێندەی نەماوە بۆ جەنگە گەورەکەی ئیسلام، شەڕی سوننە و شیعە کە دەبێتە موگناتیسی ڕاکێشانەوەی توندڕەویی ئیسلامی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و لێکەوتەکانی شەڕێکی لەو جۆرەش بەسوتماکبوونی بەشێک لە خاک و ئاوەدانی و بچوکبوونەوەی وڵاتانی ئیسلامییە.

بۆیە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی لە ناوچەکەدا هەیە کە گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کردووە بە پێویستییەکی قۆناغەکە، بەڵام مەیلێکی ڕۆژئاواییش هەیە بۆ سەدەیەکی تری ململانێ لەم ناوچەیە کە ئەمەش هێندەی دیکە چاوەڕوانیەکانی گۆڕانکاری بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ڕۆڵ و هاوکێشە و پێگەی هێزەکان دەکاتە ئەمری واقیع.

ئەوەی پەیوەستە بە ڕۆڵ و پێگەی کوردەوە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەو دابەشکاریە بە مەبەستەی سایکس پیکۆ کە پێویستی بەو جۆرەی ناکۆکی و ململانێ هەبوو، ئێمەی کورد یەکێک لە سەرچاوەکانی ناسەقامگیریی ناوچەکە بووین، بەڵام بۆ جۆری ئەو ململانێ و پێویستیانەی بۆ ململانێکانی سەدەی ئایندە پێویستن، کورد کەرەسەیەکی بەهێز نابێت. نە ڕۆحی توندڕەوی و نە گیانی تۆڵە، لە کێڵگەی کۆمەڵگەی کوردیدا ناچێندرێت. بۆیە کورد لە ستراتیجیەتی ململانێکان دەخرێتە دەرەوە، خستنە دەرەوە نەک بە مانای پەراوێزخستن، بەڵکوو دەبێتە سەدەی کورد بەو مانایەی ئیتر وەک کەرەسە و ئامرازی ناسەقامگیری بەکارنابرێت.

ڕێگەی دوورخستنەوەی کورد و لەمپەری بەردەم پەلکێشکردنەوەی بۆ ناو ململانێکان، بوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردیە. واتا شانبەشانی ئەو خواست و ئامانجانەی میللەتەکەمان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، ستراتیجیەتی تازەی جیهانیش قەوارەی کوردی لە ناوچەکەدا فەرز دەکات. بۆیە ئەگەر خۆمان ئامادە بین یان نا، دەوڵەتی کوردی وەک پێویستییەکی قۆناغی تازەی ململانێکانی ڕۆژهەڵات، دروست دەبێت.

ئەوەی پەیوەستە بە خۆمانەوە سنوور و شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتەکەیە، لەبەر ئەوەی خاوەن یەک ستراتیژی نەتەوەیی نین و چەترێکی نەتەوەیی دروست نەبووە کە هەموو هێزە کوردییەکانی پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت، وەک ئەوەی لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی چاوەڕوان دەکرا و نەمانکرد، بۆیە ئەگەری یەک دەوڵەتی کوردی کە هەموو سنووری جوگرافیای هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێتەوە و کوردی هەموو پارچەکان لەخۆ بگرێت، بووەتە مەحاڵ، بەڵام ئەگەری بەهێز ئەوەیە چەند دەوڵەتێک لە ناوچەکەدا بۆ کورد دروست بکرێت.

جا بۆ ئەوەی بە دەردی وڵاتانی عەرەبی نەچین کە تەنیا ناو کۆیکردوونەتەوە و بۆئەوەی ترسی ئەو ناتەبایی و ناکۆکیانەی ناوخۆی کوردی، کوردستان زیاتر لەت لەت نەکات، با لە ئێستاوە بژارەمان (وڵاتە یەکگرتووەکانی کورد) بێت لە بری هەر ناوێکی دیکە. تا لە هەر قۆناغ و لەسەر هەر بستە خاکێک توانرا دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت، لەسەر هیچ پاساو و بیانوویەک پەک نەخرێت و دواتر هەمووی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە یەکگرتووەدا یەک بخرێت.

بەمەش لە ئیشکالیەتی ناوی کوردستان بۆ کام دەوڵەت و کامە پارچەی کوردستان بێت، ڕزگارمان دەبێت و لەو وێنا گشتیەی جیهانی ڕۆژئاوا بۆ (ستانەکانی) ئەم ناوچەیە هەیانە، دەرباز دەبین. هەروەک قەوارەکەش خەسڵەتی ناسینەوەی ئەو ناسنامەیە هەڵدەگرێت کە میللەتێکی زیاتر لە پەنجا ملیۆنین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەن کۆنترین مێژووین لە ناوچەکەدا.



ڕابەر تەڵعەت


# ڕووی شاراوەی قەیران لە هەرێمی کوردستان

ئەزموون، لەسەر ئاستی تاک و گشتیش، هۆکارێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنەوەی چەمکی متمانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا. متمانە وەک چاوەڕوانییەکان بۆ ڕەفتاری بەرامبەر بەتایبەت لە داهاتوودا، لە ئەنجامی ژیانی ڕۆژانەدا، لە پرسێکی تاکەکەسییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەزموونێکی گشتی. فێڵ، درۆکردن، بەڵێنی ناڕاست، بەلاڕێدابردنی ڕاستی و ناڕوونی لە مامەڵەکردن و ڕەفتاردا، ئەگەر زۆر دووبارە بوونەوە، دەبنە ئەزموون، ئەو ئەزموونانە لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان دەشێوێنێ و متمانە لەناو دەبات. لەسەر ئاستی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنیش، متمانەی نێوان خەڵک و دامودەزگاکان لەناو دەبات. سەبارەت بە سیاسەت و سیاسییەکانیش، ئەوە هەرچی بڵێن و بیکەن، لە چاو و گوێی خەڵکیدا وەکوو درۆیەک دەبیسترێ و دەبینرێ.

باسکردنی پرسی متمانە دەتوانێت دیدگایەکی جیاوازتر لەوەی کە تا ئێستا هەیە، بۆ خوێندنەوەی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە ئێمە بکات. چونکە ئەوەی تا ئێستا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بریتییە لە ڕووە ماددی و ئیداری و داراییەکەی قەیران، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم، بریتییە لە ڕووە کۆمەڵایەتی و سیمبولیکەکەی قەیران. ئەوەش دەمانباتە سەر باسکردن لە چەمکێکی گرنگ، کە لە ڕوانگەی زۆربەی توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کلیلی خوێندنەوە و چارەسەرییە بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن، هەروەها فاکتەرێکی بەهێزە بۆ خۆشبەختیی زیاتری تاکەکان و بەرەوپێشبردنی چالاکیی ئابووری و ڕەوشی دیموکراسی لەناو کۆمەڵگادا، ئەویش بریتییە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان تاکەکان و لەنێوان تۆڕ و ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکاندا کە چەندین نۆرمی هاوبەش بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە و دەبێتە هۆی گەشەکردنی متمانە لە نێوانیاندا. تۆڕێکی پەیوەندییە چەندین بەها و پێوەر و چاوەڕوانی لەخۆ دەگرێت و دابەش دەبێت بەسەر هەموو ئەندامان لە چوارچێوەی گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا، تێیدا سزا و پاداشتیش بۆ تاک هەیە، ئەمەش وەک میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەم جۆرە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ناوەڕۆکی ئەم تۆڕبەندییە، بەستراوەتەوە بە ئاستی متمانەوە، واتا هەموو ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەی کە وا لە تاکێک دەکات، بتوانێت لەناو کۆمەڵگادا پەیوەندی دروست بکات، بەشداری لە ژیانی گشتیدا بکات، بواری گەشەکردن و چوونە سەرەوەی هەبێت و چالاک بێت لە فەزای گشتیدا و تەنانەت لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی و کاری دامەزراوەییشدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، لە هەمووشی گرنگتر هەست بە دڵخۆشی و بوونی خۆی بکات و دەرفەتی ئابووری و کار لەبەردەمیدا کراوە بێت، لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئاخۆ کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی بە ڕەسمی و ناڕەسمییەوە، چۆن چۆنی پارێزگاری لەو نۆرمانە دەکەن کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر بونیاد نراوە، لەناویشیاندا متمانە، وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نەنووسراو بەڵام کاریگەر.

لە هەرێمی کوردستاندا، کاتێک گەنجێک، زۆر بە ئاسانی کۆچ دەکات و وڵات بەجێدەهێڵێت، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە نەیتوانیوە سوود لەو شتە وەربگرێت کە پێی دەڵێن سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک لە دەرەوەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە خۆی دەبینێتەوە کە هیچ متمانەیەک لەنێوان ئەو و دامودەزگا و تاکەکانی ناویدا نەماوە، ڕەشبینە بەرامبەر بەوەی کە دەتوانێت دڵخۆش بێت یان کاری دەستبکەوێت. خەڵک ناتوانن ببنە بەشێکی چالاک لە دینامیکی گەشەکردنی ژیانی ئابووری و سیاسیی وڵاتەکەیان، جگە لە بێئومێدی و ناڵەناڵ و گاڵتەکردن بە گوتاری سیاسییەکان و بەرنامەکانی حکومەت، چونکە بە ئەزموونی چەندین بارە، بۆیان دەرکەوتووە هەموو ئەوەی دەیبیستن و دەیبینن، لە تاریکیدا خۆی دەبینێتەوە و ڕاست دەرناچێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی داڕووخاوە، چونکە شتێک نەماوە بەناوی متمانە. هیچ کەس متمانەی بە بەرامبەرەکەی نییە، نە خەڵک بە حکومەت، نە حیزبەکان بە یەکتری، نە لەنێوان دکتۆر و نەخۆش، مامۆستا و فێرخوازدا، نە لەنێوان سەرمایەدار و وڵاتدا. بێ متمانەیی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەناو بردووە، بۆیە ڕۆژانە هەموو ئاراستەکان لەیەکتری دووردەکەونەوە. دیوی شاراوەی قەیرانەکانی هەرێم، لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com


# گورگە درۆزنەکان

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە، هەموو بەڵگە مێژووییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هیچ کات پان تورکیزم لەوان سەردەماندا وەک بزووتنەوەیەکی شوناسخوازانە بوونی نەبووە، ئەمەش ڕێک بە پێچەوانەی بۆچوونی پان تورکیستەکانی سەردەمە. لەڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێ، هەر لە سەرەتاوە عوسمانییەکان بە هیچ کلۆجێک مەبەستیان پان تورکیزم نەبووە، چون پانتایی جوگرافیای بەربڵاوی ئەم ئیمپراتۆرییە و بوونی دەیان نەتەوەی جیاوازی غەیرەتورک لەم جوگرافیایەدا نەیدەتوانی ئەم پلانە وەک ئایدیۆلۆژییەکی هاوبەش وەگەڕبخات، بۆیە عوسمانییەکان لەبری زمان و ئیتنیک لە ئیسلام وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی کەڵک وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی ئەم نەتەوانە لە دەوری یەکتر. دیارە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەولاوە (کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی) بەپێی ئەوەی کە کۆڵەکەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتبوونە لەرزین، حەولێکی نەزۆک بۆ زەقکردنەوەی چەمکی "تورکایەتی" هاتە ئاراوە کە دواجار نەیتوانی بەر بە هەرەسی ئەم ئیمپراتۆرییە کۆنەساڵە بگرێ.

دواتر بیرۆکەی پان تورکیسم بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لێرەولەوێ لەلایەن هەندێ کەسەوە حەولی بۆ درا تا بەشێوەیەکی تیۆریک بناغەی بۆ دابڕێژرێ، بەڵام پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا و نەیتوانی شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ. پان تورکیسم تەنانەت وەک باسێکی تیۆریکیش لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، لەلاپەڕەکانی تاکوتەرای چەند ڕۆژنامە و چەند کتێبێک تێناپەڕێ. ئەوەش کە لە بنەڕەتەوە پان تورکیسم لەلایەن سێ کەسایەتی جوولەکەوە فۆرمۆلیزە کراوە بۆ سازکردنی دووبەرەکی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دواجار لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە، لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە، بەڵام چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکاندا پێمان دەڵێ کە لە بنەڕەتەوە ئیدیعای پان تورکیستەکان سەبارەت بە مێژووی هەزاران ساڵە و زمانی تورکی دوورە لەڕاستی، لێکۆڵەرە مێژووییەکان زۆر جاران بەتەوسەوە ڕوو لە تورکان دەڵێن: ئادی، ئێوە ڕاست دەکەن، هەرچی هەیە و نییە تورکە! مینۆرسکی گوتەنی: "لە هەر شوێنێ گرێکوێرەیەک سەبارەت بە مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کەونارا لەئارادابێ، تورکەکان ڕێک قامک دەخەنە سەر ئەوێ و مێژوونووسە پان تورکیستەکان ئەو گرێکوێرانەیان کردووە بە بەستێنێک بۆ ساختەچێتیی مێژوویی و مەبەستی ئایدیۆلۆژیکی پان تورکیسم".

***

نوسخەی سەقەتی پان تورکیسم لە ئێران کە بە پان ئازەریسم ناسراوە (دەڵێم سەقەت، مەبەستم ئەوەیە کە پلانی پان ئازەریسم لەباری تیۆریکەوە تا ئاستی داماوی، هەژار و لاوازە و بەگشتی لەسەر بنەمای درۆ و ساختەچێتی دامەزراوە) لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، جارناجارێک لە هەندێ بۆنەدا بە تایبەتی سیاسی، سەروپۆتڕاکی خویا دەبێ، لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین بە شێوەیەکی شارەزایانە لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە کاناڵیزە دەکرێ تەنیا و تەنیا بۆ دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لەو ناوچانەی نەتەوەی ئازەری وەک میوان لێی نیشتەجێن. کەوابوو ئەوەی ئێستا لە ئێران وەک پان ئازەریسم خۆی دەردەخا، بەرلەوەی ماهییەتێکی شوناسخوازانە و مافخوازانەی هەبێ، بووەتە داردەستێک لە دەست کۆماری ئیسلامیدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، واتە پان ئازەریسم لەبری ڕۆچوون بە ناخی خۆیدا، لەبری ئاوڕدانەوە لە خۆی، سەلماندنی بوونی خۆی، خەسارناسیی خۆی و خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەی ئازەری، تەنیا حەولی ئەوە دەدا خۆی لەبەرامبەر "ئەوی دیکە"دا پێناسە بکات کە ئەویش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. لەوە سەیرتر و سەرسوڕهێنەرتر پان ئازەریسمی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتە. پان ئازەریسمێک کە کۆی چالاکییەکانی لە یەک دوو ماڵپەڕی لاوازدا خۆدەردەخا و بەڕواڵەت دژبەری کۆماری ئیسلامییە، کەچی ئەوەندە دەمارگرژ و کورتبینە کە ئامادەیە بۆ دژایەتیی بزووتنەوەی کوردی و نەتەوەی کورد دەستەوداوێنی کۆماری ئیسلامی بێت!

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پارلەمانی ئێراندا کار گەیشتە جێگایەک کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بەتکاو ڕەجا هاواری بەرزکردبووەوە بۆ مەلای شیعە مەزەبی دژەکوردی شاری ورمێ کە ئازەرییەکان لەهەمبەر کوردەکان یەکگرتوو بن بۆ ئەوەی کورد نەچێتە پارلەمانی ئێران! ئەم هەڵوێستە لە درێژماوەدا دەتوانێ زۆر مەترسیدار بێ بۆ سەر ئاسایش و ژیانی هێمنانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، هەرچەند ئەمە ناتوانێ گوزارە لە جۆری بیرکردنەوەی سەرجەم نەتەوەی ئازەری بکا، بەڵام دەبێ بە هەند وەرگیرێ. کە سەیری پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیداری خۆجێیی لەم شوێنانەی کوردستان دەکەی کە نەتەوەی ئازەریشی تێدا دەژی، دەردەکەوێ کە دەسەڵات تا چ ڕادەیەک نەتەوەی کوردی خستووەتە پەراوێزەوە. بۆ وێنە ئامارە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە شاری ورمێ 95%ی دەسەڵاتی ئیداریی ئەم شارە بەدەست ئازەرییەکانەوەیە! لوورە لووری گورگەکان لە ماوەی چوار دەیەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێراندا، هەرگیز بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەی ئازەری نەبووە، بەڵکوو لە هاوپەیمانێتییەکی ناپیرۆزدا لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەریکی سەرکوت و هەڵاواردنی کورد، وەک دانیشتووی ڕەسەنی ئەم ناوچانەیە. نەبوونی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک بۆ نەتەوەی ئازەری ڕەنگە گەورەترین هۆکاری سەرهەڵدانی گورگە درۆزنەکان بێ!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ڕێککەوتنەکە دەستکەوتی زۆری بۆ پارتی تێدایە

## 1

ئامانجی سەرەکیی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی، ئەگەر بەدیوێکیدا نیشاندانی هێز بێت بەرامبەر پارتی، ئەوا بە دیوەکەی دیکەیدا وەرەقەیەکی سیاسیی رووتە بۆ دانوستاندن و دابەشکردنەوەی حوکمڕانی لە کوردستاندا. کێ کێ بەکاردێنێ و لێکەوتەکانی لە کورتماوە و درێژماوەدا چی دەبێ، ئەوە دەکەوێتە سەر پابەندیی ئەو دوو هێزە. بەڵام لە سەرەتاوە دیارە کە لایەنی سوودمەند بزووتنەوەی گۆڕانە و هەر بۆیەش بەپەلە ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەیان ئاشکرا کرد و ویستیان لەسەر یەکێتی بیکەنە ماڵ. هەڵبەتە بەشی زۆری یەکێتی کە دەزانن ڕێککەوتنەکە بۆ چییە و لە پێناوی چیدا دەکرێت، تێبینی زۆریان لەسەر ئەو ڕەشنووسە هەبووە کە گۆڕان لەلای خۆیەوە پەسەندی کرد. سەرکردایەتیی یەکێتی ناتوانن ئەو زمانەی گۆڕان قسەی پێ لەگەڵ پارتیدا دەکرد و دەکات، بەکاربێنن. بۆیە لە ورد و درشتی ڕێککەوتنەکەدا حیسابیان بۆ کاردانەوەی پارتی کردووە و خەڵکی دووربەندێشی ناو یەکێتی زۆر برگە و پەرەگرافی وایان لاداوە کە زانیویانە پارتی بە دژایەتیی خۆی حیسابی دەکات.

بەو حاڵەی ئێستاشیەوە (بەپێی ئەو ڕەشنووسەی کە ڕۆژی شەممە، پێش تێبینییەکانی یەکێتی، بڵاوکراوەتەوە)، پارتی دەبێ زۆر بە گەرمی پێشوازی لەو ڕێککەوتنە بکات. چونکە ڕێککەوتنەکە سەرباری ئەوەی لە مەسەلەی سیستەمی حوکمڕانیدا هیچ موفاجەئەیەکی بۆ پارتی تێدا نییە، بەڵام گرنگە کە یەکێتی و گۆڕان پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لە کوردستان دەربڕیوە (ئەوانەی کە دواییش دێنە ناو ئەو ڕێککەوتنە دەبێ باوەڕیان پێی هەبێت) و ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ پارتی و سەرکەوتنی گوتاری بارزانییە و پێویستە پارتی لەو گۆشەیەوە تەماشای بکات. گرنگ نییە کێ ئەو بڕیارە دەدات، چونکە کاتی خۆی لە 1992دا، سەرباری ئەوەی کە مام جەلال و کاک مەسعود هەردووکیان سەرکردەی موتڵەقی کوردستان بوون، بڕیاری جاڕدانی فیدراڵیی کوردستانیان بردە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. بۆیە ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ پارتی و هاوکات، نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی کوردستان، ڕەتکردنەوەی دوو ئیدارەیی و گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان، هەموو ئەو پڕوپاگەندانە ڕەت دەکاتەوە کە چەندین مانگە لە مەکینەی ڕاگەیاندنی پارتییەوە بەرامبەر گۆڕان و یەکێتی بەڕێوەدەچێت.

ئەڵبەتە ئەوە بەو مەعنایەش نییە کە یەکێتی و گۆڕان بتوانن هەرچی خۆیان باوەڕیان پێی هەیە و لە ڕێککەوتنەکەدا نووسیویانە، بەسەر پارتیدا بیسەپێنن، بەڵام بەو وەرەقە سیاسییە، تەلاقی سیاسیی گۆڕان و پارتی چاک دەکرێتەوە و میکانیزمێکی ئابڕوومەندانەیە بۆ هێنانەوەی گۆڕان بۆ ناو کایەی سیاسی.

## دوای ڕێککەوتنەکە چی ڕوودەدات؟

## 2

بێگومان بەو ڕێککەوتنە کوردستان نابێتە شامی شەریف و کێشەی حوکمڕانیش چارەسەر نابێت. بەڵام هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم چەقبەستووییە کۆتایی دێت. لە پشتی پەردەی ئەو ڕێککەوتنەدا، قەت ناکرێ بیر لەوە کرابێتەوە کە بە گەلەکۆمەیەکی لەو چەشنە پارتی لە پرۆسەی سیاسی (لەسەر ئەساسی کەمینە و زۆرینە) وەدەر بنێن. بگرە بەپێداگیری لەسەر ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، داوای هەقی خۆیان لە پارتی دەکەن. دیار نییە کە ئالیەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە چۆنە، بەڵام بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بێت، دەبێ یەکێتی بە زووترین کات لە حکومەت بێتە دەر و حکومەت هەڵبوەشێتەوە. ئینجا بەو دیزاینە تازەیە، گۆڕان و یەکێتی، داواکارییەکانی خۆیان بخەنە سەرمێز. مانەوەی یەکێتی لەناو حکومەتدا مەعنای نامێنێ، چونکە یەکێتی ئیتر تەرەفێکە و داواکارییەکانیشیان لە پارتی دیارە.

ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان بۆ حوکمڕانی هەڵوەشاوەتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختیش بژارەیەکی قورسە. بەڵام ڕێککەوتنی تازە واریدە و بە ئیحتیمالی زۆر یەکێتی و گۆڕان داوای پۆستی سەرۆکی حکومەت دەکەن و پارتیش ناچارە لەپێناوی ئامانجە گەورەکەدا هەندێک قوربانی بە پۆستەکان بدات. چونکە ئەگەرچی دەگوترێ ڕێککەوتنەکە بۆ دیزاینی سیستەمی حوکمڕانییە، بەڵام هەموو بەزم و ڕەزمەکە بۆ پۆستە و سیستەمەکان لە پۆستەکاندا خورد دەکرێنەوە.

هەر بەپێی ئەو دیزاینە، پێناچێ تا کۆتایی ئەو دوو ساڵەی سەرۆکایەتی هەرێم، یەکێتی و گۆڕان چیتر بەلای ئەو مەوزووعەدا بچنەوە، بگرە ئەو موناقەشانە دەبەنە دەرەوەی شەخسی بارزانی و حەواڵەی دەستووری کوردستانی دەکەن و پارتیش بە کەمێک ئەولا و ئەولا بە چارەسەرەکە ڕازی دەبێت.

هەربۆیە ئەو ڕێککەوتنە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ دروستکردنەوەی ئیجماعی سیاسی و پارتی دەبێ زۆر خۆشحاڵ بێت کە لە کۆتاییدا تەرەفی بەرامبەری بەتەواوەتی بەدەرکەوت.

## گەڕانەوە بۆ جەلالی و مەلایی

## 3

**ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی، ئەگەرچی وەک ئاوی حەیات کرایە گەرووی گۆڕانەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە، نە لەناو تێکڕای بنکەی یەکێتی و نە هی گۆڕانیش، بەو ئاسانییە، گەڕانەوە بۆ میتۆدی جەلالی و مەلایی قابیلی قەبووڵ نییە. یەکێتی و گۆڕان لە قەیرانی قووڵی ئیدارە و ناسنامەی سیاسیدا بوون، ڕێککەوتنەکەیان وەڵامی بەشێکی زۆری ناسنامەکەی پێیە و گوایە بەکراوەیی هێشتراوەتەوە بۆ هێزی دیکەش، بەڵام لەڕاستیدا سەقفی ڕێککەوتنەکە جەلالی بوونە و جەلالییەکان ڕێککەوتن. ئەوە چ ڕەنگدانەوەیەکی بەسەر باڵی ریفۆرمدا دەبێت کە ڕاستە بەشداری دانیشتنەکان بوونە، بەڵام پێناچێ هیوایان بە ڕێککەوتنێک هەبێت، پێگەی بنەماڵەکانی (تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا و برایم ئەحمەد) لە سیاسەتدا قایم دەکات؟ ئەی ئەو گەنجانەی پێشتر وایاندەزانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی جەلالی و مەلاییدا سیاسەت دەکات؟**



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# لیمۆکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان

لە مانگی جوونی 2015 وە، پارتی داد و گەشەپێدان و حکومەتەکەی، بە گۆشت و ئێسقانەوە، تێکەڵ بە جەنگێکی سەرتاسەری دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان بووە. گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و ئاسۆی گەیشتن بە چوارچێوەیەک لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و سەقامگیری، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دووردەکەوێتەوە، بەتایبەتی لێرە بەدواوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، دەتوانێت گرەو لەسەر رووبەری ئازادکراوی کوردستانی سووریا بکات، چ وەک هێزی چەکداری، چ وەک جوگرافیایەکی سیاسی.

لە ئامادەنەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی "جددی"دا، لە ئامادەنەبوونی چارەسەرێکی سیاسیانەی قبووڵکراودا لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی داد و گەشەپێدانەوە، لەسەر ئاستی دوور مەودا، تورکیا سەرلەنوێ دەبێتەوە بە گۆمی خوێن و سەرەتاکانی ئەم گۆمەش ئێستا بەڕوونی دەبینرێ. کارەساتی تورکیا لەوەدایە کە ئەکتەرە سیاسییەکانی، بەتایبەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەو پێیەی کە لە دەسەڵاتدایە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لەبری چارەسەرکردنی سیاسی و پاراستنی کۆمەڵگا، ئەم "گۆمی خوێنە" بۆ دەستکەوتی سیاسیی زیاتر بەکاربهێنێ و لەنێو کێڵگەی سیاسیدا، بیکاتە کارتی فشار بەسەر ڕکابەرەکانیەوە و یەک یەک وەک لیمۆ، تا دوا دڵۆپ، بیانگوشێت.

من پێموایە لەنێو هەموو گریمانەکاندا، لاوازترینیان بریتیە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و سەقامگیری لە تورکیادا و بەهێزترینیان بریتیە لە تەقینەوەی گەورە و قەیرانی گەورە کە لە کۆتاییدا تورکیا دەکەنە وڵاتێکی لاواز، پڕزە لەبەر بڕاو، شەکەت، دڕاو، کونتێکراو لە نێو سیستەمی سیاسیی ناوچەکەدا، بەڕادەیەک کە چیدی کاراییەکی بەهێزی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەمێنێ و لە "بکەر" وە ببێتە "کارتێکراو". لە دۆخێکی ئاواشدا، تورکیا ناچار دەبێت سەرلەنوێ بە خەونەکانیدا بچێتەوە و بەشێکی زۆریان لوول بکات و بە ژێرزەمینەکانیان بسپێرێت، هەر لە خەونی بوون بە ئەندامی یەکێتی ئەورووپاوە تا دەگاتە خەونی بوون بە مۆدێل بۆ وڵاتانی خاکی ئیسلام کە من یەکێک بووم لەوانەی چەند ساڵێک پێش ئێستا کارم لەسەر ئەو گریمانەیە کردووە. لە دۆخێکی ئاوادا، تورکیا نەک هەر نابێتە مۆدێل، بەڵکو جێپێی هەمان ئەو مۆدێلە هەڵدەگرێت کە ئێستا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی خاکی ئیسلامدا بەرقەرارە.

لە 24ی نۆڤەمبەری 2015 دا، تورکیای ئەردۆغان فڕۆکەیەکی جەنگیی ڕووسیا دەخاتە خوارەوە. لە 5ی دێسەمبەری 2015 دا، عێراق داوا لە ئەنقەرە دەکات هێزە سەربازییەکانی لە "باکووری عێراق" بکشێنێتەوە و واز لە هەتککردنی سەروەریی عێراق بهێنێت. لە 12ی ژەنیوەری 2016 دا، تەقینەوەیەکی گەورە لە نێو دڵی گەشتیاریی ئیستەنبوڵدا ڕوودەدات و 10 گەشتیاری ئەڵمانی دەکوژێت. دەوڵەت دوژمنێکی نوێ تاوانبار دەکات کە ناوی داعشە. لە ئان و ساتێکدا، تورکیایەکی دڕاو لە ناوەوە، هەست بە دڕانێکی خێرای دەرەکیش دەکات، بەڕادەیەک کە حکومەتە لەرزۆکەکەی بەغداش، شمشێری لێ دەردەهێنێت و داوای چوونە دەرەوە لە "ماڵ"ی خۆی لێدەکات. لەژێر فشاری ئەم ترس و لەرزە دەرەکی و ناوەکیەدا، پارتی داد و گەشەپێدان، بە دەستپێشخەریی خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، پەنا بۆ ئیسرائیل دەباتەوە و سەرلەنوێ باوەشی بۆ دەکاتەوە و لاپەڕەیەکی نوێی هاوپەیمانیی لەگەڵدا دەکاتەوە.

ئایا تورکیا مەحکومێکی هەمیشەییە بە مانەوە لەنێو ئەم قەیرانانەدا؟ بێگومان نەخێر. ئەم قەیرانانە لەنێو مێژوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بیناکراون و دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتین نەک سروشتی. بۆیە لەنێو مێژوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکەدا، دەکرێت کۆتاییان بێت. گرفتەکە لەوەدایە کە پارتی داد و گەشەپێدان، لە ئێستا و ئێرەدا، لەسەر ڕێگایەکی دیکەیە کە دەکرێت ناوی بنێین: ڕێگای هەژموونکردن بەسەر کۆمەڵگا و دەوڵەتدا، نەک ڕێگای "دوورینەوە"ی پەیوەندییە دڕاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و شوناسییەکان. ئەوەی بۆ پارتی داد و گەشەپێدان گرنگە، مانەوەیە لە دەسەڵاتدا، نەک بیناکردنەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و دەوڵەتێکی بەهێزی خاوەن پێگە لەنێو سیستەمی ناوچەیی و جیهانیدا.

ڕاستە لەڕێگای ستراتیژییەکی لەم شێوەیەوە، پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە سێبەری ئەم ستراتیژییەدا، ئیدی تورکیا ناتوانێت خەون بە ئاشتیی کۆمەڵایەتییەوە ببینێ، خەون بە ئابوورییەکی بەهێز و گەشەکردووەوە ببینێ، خەون بە ڕۆڵێکی بەهێز و کارا لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان ببینێت. لەڕێگای ئەم ستراتیژییەوە، پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت سەرۆکایەتی کۆمار و زۆرینەی پەرلەمان و حکومەت بباتەوە، بەڵام تورکیای ئاسایش و تورکیای سەقامگیری و تورکیای بەهێز لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، دەدۆڕێنێ.



کامەران محەممەد عەزیز

# پێشمەرگە وەکو بەهایەکی ئاسایشی نەتەوەیی

هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەر کیانێک زۆربەی جار حاڵەتێکی بابەتەکی و بێلایەن نییە، پرسێک نییە بوونێکی سەربەخۆی هەبێت و "لەوێدا" بوونی هەبێت، لە بنەڕەتدا زۆربەی شتەکان لە خودی خۆیاندا مەترسی نین، بەڵکو دەوەستنە سەر چۆنیەتی خوێندنەوە و سەیرکردنیان لەلایەن خەڵکانی جیاوازەوە، لەبەرئەوە هەمان ڕووداو ڕەنگە بۆ هەندێک وەکو دەرفەت و بۆ هەندێکیش وەکو هەڕەشە دەربکەوێت. هەر بە نموونە حەشدی شەعبی چۆن لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە لێکدراوەتەوە؟ یان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا و پرسی دەوڵەتی کوردی.

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە بۆ ئاسایش، بابەت و ڕووداوێک کاتێک دەبێتە بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی و وەکو پرسێکی ئەمنی سەیردەکرێ، کە دەبێتە هەڕەشە لەسەر تەواوی وجودی کیان و دەسەڵاتەکە، لەبەرئەوە لە ڕوانگەی زۆرێک لە دەوڵەتانەوە مەرج و پێوەری ناساندنی پرسێک وەکو پرسێکی ئەمنی پەیوەندی ئەو پرسەیە بە ڕادەی مەترسی لەسەر تەواوی وجودی کیانەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵات قودرەتی بەئاسایشیکردن و بە نائاسایشیکردنی ڕووداوێکی دیاریکراوی هەیە، دەتوانێت ناونیشانی پرسەکان بگۆڕێت و لە ڕێگای گوتارەوە پرسێک لە پرسێکی ئەمنییەوە بۆ پرسێکی نائەمنی بگۆڕێت و بە پێچەوانەشەوە. کۆپنهاگن پێشنیازی ئەوە ناکات هەر کاتێک بابەتێک نەبوو بە هەڕەشە لەسەر وجوی کیان و دەسەڵات، لە دەرەوەی حەلەبەی ئاسایشی نەتەوەییدا سەیر بکرێت، بەڵکو سروشتی ئاسایش ڕوون دەکاتەوە کە سروشتێکی عەسکەری، لەناکاوی و بەپەلە و هەڵاوێردوویی هەیە، لەبەرئەوە خۆیان دوور دەگرن لە بەعەسکەریکردن و هەڵاوێردووکردنی تەواوی پرسەکانی کۆمەڵگا. لەبەر ئەو تێڕوانینە، سەرەڕای چەندین گۆڕانکاریی گەورە، گوتوبێژ و ڕەخنە و پەیدابوونی تیۆر و لێکدانەوەی نوێ لە ئەدەبیاتی ئاسایش، هێشتا بواری ئاسایش زۆر فراوان نەبووە، بەڵکو بابەتی سەربازی و ئاسایشی کیان و دەوڵەت وەکو بنەمای سەرەکی ماوەتەوە، بۆ نموونە دوای هەوڵێکی یەکجار زۆر بۆ ناساندنی گەرمبوونی جیهان و گۆڕانی کەش وەکو هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی جیهان، هێشتا زۆرێک لە وڵاتان تەنیا لەسەر ئاستی کۆنفرانسەکاندا پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

ئەو پێشەکییە بۆ ئەوەیە بپرسین ئایا هەڕەشە لەسەر "پێشمەرگە" چی دەگەیەنێت و ئایا هەڕەشە لەسەر پێشمەرگە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و وجودی کیانی کوردی؟

لەو ڕاستییەوە دەستپێدەکەم کە داعش لە قۆناغی سەرەتای هێرشەکانیدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوەی لە هەولێر بوو بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر، نەک تەنیا هەر وجودی دەسەڵات، بەڵکو وجودی کورد لە باشوور. لەو قۆناغەدا یەکێک لە فاکتەکان ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی داعش دەستی بەسەر چەکێکی زۆردا گرتبوو، سوپای عێراقی تێکشکاندبوو، هیچ هێرشێکی ئاسمانیی هاوپەیمانان لەو کاتەدا بۆ وەستاندنی نەبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگەش لە حاڵەتێکی زۆر لاواز و بەرشکەستدا بوو، لە توانایدا نەبوو لەو قۆناغەدا جەنگێکی لەو شێوەیە بکات، لەبەرئەوە داعش بوو بەو هەڕەشە گەورەیە. ئەگەر یەکێک بیەوێت لەوە تێبگات چۆن جارێکی دیکە داعش نەبێتەوە بە هەڕەشەی یەکلاکەرەوە لەسەر کورد، دەبێت لە بەستێن و هەلومەرجی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا زۆر بە وردی تێبگات، بگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە سیاسییەی کە پێشمەرگە تێیدا کاری دەکرد. لەڕاستیدا، ئەوەی پێشمەرگەی گەیاندە ئەو دەرهاوێشتەیە، ئەوە بوو کە ساڵانێک هەوڵێکی زۆر لەسەر بنەمای هەست و لێکدانەوەی نابەرپرسیارانە، بە تایبەت لە ململانێی نێوان حیزبە سیاسییەکاندا لەئارادا بوو بۆ لەکەدارکردنی پێشمەرگە، سەیرکردنی تەنیا وەکو ئامرازێکی حیزبی و بەدەستهێنانی پارە. لەو لەحزەیەدا پێشمەرگە بەرلەوەی هێرشی بکرێتە سەر لەلایەن داعشەوە، لە وجودی خۆیدا لاواز کرابوو، ناسنامەی شێویندرابوو.

لەبەرئەوە تاوانێکی گەورەیە پێشمەرگە تەنیا وەکو ئامرازێکی بەرگریکردن و پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان سەیربکرێت، پێشمەرگە "گلادیاتۆر" نییە تا مەرگ زۆرانبازییان پێ بکرێت و چێژ لە ئازایەتییان ببینرێت، بەڵکو بەهایەکە دەبێت ئاسایشی بپارێزرێت، بەهایەکی گەورە و هەمەپۆشە، لە گشت سەروکارێکی گوزەرانی کورددا بڕیاردەرە. ڕەنگە سوپا و دامودەزگاکانی سەربازی لە زۆربەی شوێنەکان تەنیا وەکو دەزگایەک و بەشێکی گرینگی وڵات سەیر بکرێن، بەڵام بۆ کورد تەواو بابەتێکی دیکەیە. پێشمەرگە بەشێکە لە ناسنامەی کورد، هەر کاتێک هەڕەشە لەسەر پێشمەرگە هەبێت، هەڕەشە لەسەر ناسنامە و بوونی کورد دەبێت، کاتێکیش هەڕەشە لەسەر ناسنامە دەبێت، چیتر ئەو گرووپە توانای مانەوەی وەکو گرووپێکی سەربەخۆ نامێنێ.

خەڵکانێک لە ماوەی ڕابردوودا بە ئاگا و بێ ئاگا کەوتوونەتە سووکایەتیکردن بە پێشمەرگە، بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخەش زەمینە خۆشکردن دەبێت بۆ ئەو قۆناغەی کە داعش بوو بە هەڕەشەی وجودی لەسەر کورد، ئەگەری زۆری هەیە ئەمە بەشێک بێت لە پڕوپاگەندەی داعش لە ڕێگەی هێزە نەیارەکانی کوردەوە، لەبەرئەوە دەبێت بەهەر ڕێگایەک بێت، لە هەموو ئاستێکدا بوەستێنرێ. بێ پێشمەرگە هیچ ئامانجێکی سیاسی بوونی نییە، دروستکەرانی بڕیاری سیاسی دەبێت لەوە تێبگەن کارەکیبوون، واقیعیبوون و مومکینبوونی هەر ئامانجێکی سیاسی دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چەند دەتوانرێت لە ڕێگەی سەربازییەوە بەدی بهێنرێت کاتێک پێویست دەبێت پەنا ببردرێتە بەر جەنگ، بە وشەیەکی دیکە پەنابردنە بەر پێشمەرگە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دانیشتنی بارزانی و نەوشیروان مستەفا

ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی هەرچەندە پەسەندکراوە، بەڵام دەڵێی هەردوولا بەئەنقەست واژۆکردنەکەی هاوکات دەکەن لەگەڵ یادی سەت ساڵەی واژۆکردنی سایکس-پیکۆ. دەزانم پارتییەکان پێیان خۆش نییە ڕێککەوتنەکە ئەوەندە "گەورە" بکرێت، بەڵام ئەگەر سایکس پیکۆ کاریگەریی لەسەر چارەنووسی سەت ساڵی ڕابردووی کوردستانی گەورە هەبووبێت، ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتیش کاریگەریی لەسەر ئەو ڕووداوانە دەبێت کە بەلایەنی کەمەوە لە دەیەی داهاتوودا لە باشوور ڕوودەدەن.

لە دوایین ڕۆژەکانی مانەوەی نەوشیروان مستەفادا لە بەریتانیا، ماڵەکەی ترافیکێکی گەرمی سەردانی سەرکردەکانی یەکێتی لەسەر بوو. بێدەنگیی درێژخایەنی نەوشیروان مستەفا، دوای ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو، بەو سەردانانە ورده ورده شکا. پاش گەڕانەوەشی هەمان ترافیک لەلایەن هەمان ئەو سەرکردانەوە لەسەر گردی زەرگەتە دروستبوو. پەزڵەکە ورده ورده تەواو بوو و وێنە گەورەکە دەرکەوت: گۆڕان و یەکێتی بەتەمای یەکگرتنەوەن و سەرەتاش بە ڕێککەوتنێک بۆ پێکەوە کارکردن دەستپێدەکەن. ئەوانەی کاتی خۆی یەکێتییان دامەزراند، حیزبیان دانەمەزراند، بەڵکو بەرەیەکی بەهێزی نێوان سێ گرووپی جیاوازیان دامەزراند کە نەوشیروان مستەفا لە لووتکەی یەکێکیاندا و مام جەلالیش لە لووتکەی یەکێکی دیکەیاندا بوو. ئەمڕۆ شتەکە کەم تا زۆر هەمان شتە، ڕێککەوتنێک کراوە کە هاوشێوەی ساڵانی حەفتایە، سێ هێز (واتە دوو باڵەکەی نێو یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان) ڕێکدەکەون پێکەوە کاربکەن. جیاوازییەکە ئەوەیە لە حەفتاکاندا مام جەلال براگەورایەتیی هاوپەیمانێتییەکەی دەکرد و ئێستا بە تەبیعەتی حاڵ کاک نەوشیروان دەیکات.

بەپێچەوانەی قاعیدەی پارتی و هەندێک سەرکردەی کەم ئاگاداری ئاستی سەرکردایەتییان، بڕوا ناکەم ڕێبەرایەتیی پارتی پێی خراپ بێت ئەو ڕێککەوتنە لەنێوان هێزە قسە ڕۆیشتووەکانی سلێمانیدا کراوە. چونکە لەمەودوا بەڕوونی دیار دەبێت بۆ ئیدارەدانی کوردستان لەگەڵ کێ دەبێ مامەڵە بکەن و چۆنیش زووتر بگەنە بڕیار. ئەو ڕەوشەی لەپاش نەخۆشکەوتنی مام جەلال بەسەر یەکێتیدا هات، بێسەروبەریی لە کوردستانیش دروستکرد. پارتی لەگەڵ لایەکی یەکێتی پێکدەهات، کەچی لایەکی دیکە لێی دڕدۆنگ دەبوو. لەگەڵ گۆڕان، لەبەرئەوەی بڕیارێکی مەرکەزی هەبوو، پارتی زووتر دەیتوانی بگاتە ڕێککەوتن.

ئێستا مادام دیارە ئەم ڕێککەوتنە پرۆژەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕانە و دەگەڕێنەوە ڕۆژانی سەرەتای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی، کەواتە کوردستان پێویستی بەوە دەبێت کاک نەوشیروان و کاک مەسعود پێکەوە دابنیشنەوە. لەمڕۆژانەدا لەگەڵ دۆستێکی نزیکی هەردوولایان و بەشدار لە بڕیارسازیی حوکمڕانی لە کوردستان دانیشتبووین. من بە نائومێدییەوە باسی بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان و بەرەو دواوە گەڕانەوەی کوردستانم دەکرد. دەمگوت کوردستان دیسان بەرەو تاکڕەویی حیزبەکان دەڕوات و جارێکی دیکە ڕەوشەکە ناگەڕێتەوە بۆ بەر لە قۆناغی 23ی حوزەیرانی 2015. بەڵام ئەو دۆستەی کاک نەوشیروان و کاک مەسعود پێکەنی و گوتی: "ئەو نائومێدییەت نیشانەی ئەوەیە ئەو دوو کەسە ناناسیت. ئەوانە هەر ئەوەندەیان قورسە تا یەکدی دەبینن، کە گەیشتنە یەکدی هێندە دۆستایەتی و بیرەوەرییان هەیە کە هەموو ناکۆکییەک دەسڕێتەوە". ئینجا چەند نموونەیەکی گێڕایەوە کە چۆن لە ڕابردوودا ڕەوشی لەمە دژوارتریش هەبووە و بە سەردانێکی یەکدی تێیانپەڕاندووە. ئەم قسانە وایانکرد بیر لەوە بکەمەوە کە هەرچەندە مێژووی نیو سەدەی ڕابردووی نێوان هەردوو دونیابینیی مەلایی و جەلالی بێمتمانەییەکی قووڵی دروستکردووە. پاریش ئەو بێمتمانەییە گەیشتە لووتکە، بەڵام هێشتاش ئومێدێک ماوە بۆئەوەی سەرکردەکان چانسێکی دیکە بدەنەوە یەکدی و ئەو دۆزەی گەنجێتیی خۆیانیان بۆ دانا، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیاندا بە تەبایی بیگەیەننە مەنزڵگا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# رامبۆ دەبێتە پێشمەرگە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333

DANIA CITY
better life style




info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد